
ئەو شتانەی پێویستە نەوەکان بیزانن



بەشێک لە

# پەیمانەکانی دژی کورد

و: سالح هەرکی

بەشێک لە

# پەیمانەکانی دژی کورد

کۆکردنەوەو وەرگێڕانی:
سالح هەرکی

دەزگای وەرگێڕان

خاوەنی ئیمتیاز: حەسەن ئەحمەد مستەفا

سەرنووسەر: مقداد شاسواری

ناوی کتێب: بەشێك لە پەیمانەکانی دژی کورد

ئامادەکرن و وەرگێڕانی لە فارسییەوە : سالح هەرکی

بەرگ و دیزاینی ناوەوە: ئاگری باڵەکی

تیراژ: ١٠٠٠

نرخ: ٤٠٠٠ دینار

چاپ: یەکەم ـ هەولێر ٢٠٠٨

چاپخانە: منارە ـ هەولێر

لە کتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی ( ١٩٥٤ ) ساڵی ( ٢٠٠٨ )ی دراوەتێ.

ناونیشان: هەولێر/ ڕاپەڕین

Tel: ٢٥٣٢٠٩٩

# پێرست

سەرەتا / ٥
پێشەکیی بەڕێز جەعفەر ئیبراهیم / ٧*
پەیمانی ئاماسییە / ١١
رێککەوتنی ئەستەنبۆڵ /١٣
رێککەوتنی دووەمی ئەستەنبۆڵ / ١٥
پەیمانی ئاشتیی سەراب /١٧
پەیمانی زەهاب / ١٨
پەیمانی ئەشرەف/ ٢١
پەیمانی ئاشتیی کوردان/ ٢٦
رێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم /٢٩
رێککەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم /٣٦
رێککەوتنی ستاتووکوو / ٤١
پرۆتۆکۆلی تاران/٤٣

پرۆتۆکۆلی ئەستەنبۆڵ ./ ٤٦

بەڵێننامەی دۆستایەتی و دابینکردنی ئاسایش لەنێوان دەوڵەتی ئێران و کۆماری تورکیا / ٦٤

بەڵێننامەی دۆستایەتی نێوان ئێران و تورکیا/ ٧١

پەیمانی ئاسایشی سنوور لە نێوان ئێران و تورکیا /٨٥

پەیمانی تەسلیم کردنەوە، لەنێوان ئێران و تورکیا / ١٠٤

ڕێککەوتننامەی سنوور لەنێوان وڵاتی شاهەنشاهی ئێران و وڵاتی مەلیکی عێراق / ١١٧

پەیمانی سەعدئاباد / ١٢٧

پەیمانی بەغداد/١٣٣

پەیمانی پاراستنی سنوور لەنێوان ئێران و تورکیا / ١٣٨

پەیمانی هاوکاری هەوایی لەنێوان ئێران و تورکیا / ١٤٦

دەقی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر / ١٥١

پەیمانی کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب / ١٩٩

## سەرەتا:

دابەشکردنی کوردستان، پڕۆسەیەکی درێژخایەن بووە، کە داگیرکارانی نیشتیمانی کورد، گەلێ خۆیان پێوە ماندوو کردووە. بە درێژەی مێژوو، لەگەڵ ئەوەی کە خاکی کوردستان، بووەتە گۆڕەپانی رمبازانێی زلهێزەکان، جگە لە ماڵوێرانی، کوشت و کوشتارو دابەشبوون، هیچیتر بە کورد نەبڕاوەتەوە.

بە هەزاران کۆبوونەوە کراوە، بە سەدان پەیماننامە بەستراوە، تەنیا بۆ ئەوەی خاکی کورد، نیشتیمانەکەی، مافەکانی، پێخوست بکرێت و هەر جووڵانەوەیەکیش دژی ئەم کردارانە، سەری هەڵدابێت، زۆر بێڕەحمانە سەرکوت کراوەو دوژمنانیش، چەند دژایەتییان لەنێواندا هەبووبێت، لەسەر کوشتوبڕی کورد، هاودەنگ و هاوڕا بووینە.

ئاشنابوون بە ناوەرۆکی هەندێک لەو پەیماننامانەی، تا ئێستا لەنێوان وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، بەستراون، هاوکاریمان دەکات، بۆ ئەوەی لەلایەک، چۆنیەتی کاردانەوەی ئەم پەرچەکردارانە، لە لایەن

کورد خۆیەوە، هەڵسەنگێنین، لە لایەکیتر، ببێتە وانەیەکی مێژوویی، تا لە داهاتوو، دیسان لێمان دووبارە نەبێتەوە.

هەرچەندە دەزانم، گەلێ پەیمان و رێککەوتنیتر هەیە، کە من ئاگام لێیان نییە، یا خود دەستم نەکەوتوون، بەڵام دیسان هەر ئەو چەند پەیمانەی لەم پەرتووکەدا، وەرم گێڕاون، گەلێ راستیمان بۆ ئاشکرا دەکات و هیوادارم خوێنەرانی هێژا، بتوانن سوودی لێ وەربگرن.

بەڵکوو لە داهاتوو، هەڵێک بڕەخسێت و پەیمانەکانی تریش، بکەمە کوردی و ئەگەر ئەم شانازییە، بە نسیبی منیش نەبوو، هیوادارم لاوانی خوێنگەرمی کورد، ئەم کارە نیوەچڵە، بە پێزترو دەوڵەمەندتر بکەن.

لە وەرگێڕانی دەقی پەیماننامەکان، پشتم بە دەقە فارسییەکانیان بەستووە، چونکە هەندێکیان جگە لە زمانی فارسی، بە هیچ زمانێکیتر نەنووسراون، بەتایبەت پەیمانە کۆنەکانی نێوان ئێران و عوسمانی. لە وەرگێڕانەکەدا، کۆمەڵێک وشە هەیە، کە رەنگە بۆ خوێنەری کورد، تازە بن و لە مانایان تێنەگات، بۆیەش هەوڵم داوە هەموو ئەو پەیڤە نوێیانە، لە ژێرنووسەکان، مانا بکەمەوە.

بەهەرحاڵ، هیوادارم ئەو ماندووبوونەی کێشاومە، سوودێکی بۆ خوێنەرانی هێژا هەبێت.

خوای گەورە، نەتەوەکەمان، لە مەکری دوژمنان و پیلانی ناحەزان، بپارێزێت. ئامین.

صالح هەرکی

کۆڕێ- ٢٠٠٧/١٢/٢٤

# پێشەکیی بەڕێز جەعفەر ئیبراهیم*

دیارە کە پەیمانەکانی نێودەوڵەتی بەشێکی گرنگن لە پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی و دیاریشە کەیاسای نێودەوڵەتی بەهەردوو باڵەکەی: پەیمانەکان و پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی رۆڵێکی کاریگەریان لەسەر چارەنووسی وڵاتان و گەلان لەسەرانسەری جیهانیان هەبووەو هەیە، لە ئەدەبیاتی سیاسەت لە ئەورووپا زۆر باسی پەیمانی وستڤالیا ١٨٤٨ دەکرێت کە چۆن ئەم پەیمانە کۆتایی بە قۆناغەکی سیاسی لە ئەورووپا هێناوە کە ئەو قۆناغە بەوە ناسراوە کە قۆناغی ( شەڕ و ناسەقامگیرییە) و دووای ئەوە قۆناغێکیتر دەست پێدەکات ئەویش قۆناغی (بەلانسی هێزە) بەهەمان شێوەش لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست بە پەیمانی سایکس بیکۆ ناسراوە، کە بەرپرسیارە لە لەتلەتکردنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لەوەش دووبارە پارچەکردنی کوردستان، لە دووپارچەوە بۆ چوارپارچە.

چۆن لە مێژوودا پەیمانەکانی نێودەوڵەتی ژیانی وڵاتان و گەلانی جیهانی رێکخستووە، ئێستاش پەیمانی نێودەوڵەتی کۆن و نوێ پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی رێکدەخەن، ئەو رێکخستنە هەمیشە لە بەرژەوەندی هەموو گەل نییە بەلکو زۆرجاریش دژی ئەو گەلانەیە کە دەوأەتی نەتەوەی

* ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی دەزگای گشتی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان

سەربەخۆیان وەکوو گەلی کورد نییە، بۆیە بەدوواداچوون و باشتر تێگەیشتنی پەیمانەکانی نێودەوڵەتی بۆ کادری سیاسی بەگشتی و بۆ کادیرانی پارتیمان بەتایبەتی گرنگییەکی زۆریان هەیە، بەم ئامانجە کاک صالح مەحمود هەرکی، ماوەیەکە لەسەر جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە کار دەکات و لێکۆلینەوە دەکات، بەرهەمەکەش ئەم پەرتووکەیە کە بێگۆمان ڤالاهییەکی دیار لە پەرتووکخانەی کوردی پردەکات و ئەرکی هەموو ئەو لێکۆلەرانە ئاسان دەکات کەلە بواری پەیمانەکان و پەیوەندییەکانی نێودەوڵەتی توێژینەوە دەکەن و بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، دڵنیامە پێشوازیەکی باش لەم بەرهەمە دەکرێت و بۆ منیش کە بە دوواداچوونی ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەم دەکرد، جێگای سەربلّندی و خۆشحالییە، ئەمرۆ ئەم بەرهەمە ببینین.

# پەیمانەکان

# پەیمانی ئاماسییە

هەرچەندە کورد، مێژووی دابەشکردنی خاکەکەی بۆ شەڕی چاڵدران لە ڕێکەوتی ٢٣ی ئابی ١٥١٤ی زایینی، لە نێوان شا ئیسماعیلی سەفەوی و سوڵتان سەلیمی یەکەم، سوڵتانی عوسمانی، دەگەڕێنێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا دەمودەست دووای ئەم شەڕە، هیچ پەیمانێک لە نێوان ئەم دوو زلهێزە نەبەستراوە، هەرچەندە خاکی کوردستان لەنێوان هەردوو وڵات دابەش کراوە.

بۆ وێنە بەپێی سەرچاوەکان دووای شەڕی چاڵدران، تەنیا لە کوردستانی ئێستای تورکیا، ئەم شارانەی خوارەوە کەوتنە ژێر دەستی عوسمانی:
دیاربەکر(ئامەد) - وان- غازی عینتاب(دیلۆک) - بینگۆل(چێولیک)- ئادیامان(سمسوور)- سیواس- ئەسکەندەروون - ئەرزەڕووم - ئەرزنجان - قارص- تاتوان - مەرعەش- ئەلازیغ(خارپووت)- باتمان- تونجلی(دێرسیم)- ماردین- مەلاتیا - دوغو(بایەزید) - هەکاری(جۆلەمێرگ)- شرناخ- بۆتان. بەڵام لەگەڵ ئەوەش، تا مردنی شا سمایلی سەفەوی، بەهۆی نەبەستنی پەیمانێک لەنێوان دوو وڵات، ئەم دابەشینە نەکەوتە قاڵبێکی ڕەسمییەوە.

یەکەم پەیمانی رەسمی کە لە نێوان ئێران و عوسمانی بەستراو تێیدا هێڵی سنوور کەوتە ناو خاکی کوردستان، پەیمانی (ئاماسییە)بوو کە لە رێکەوتی ٢٩ی مایسی ساڵی ١٥٥٥ لە شاری ئاماسییە، لە نێوان سوڵتان سلێمانی عوسمانی و شا تەهماسبی سەفەوی بەسترا.

دەقی ئەم پەیمانە لەبەردەست نییە، بەڵام ئەوها کە لە سەرچاوە دیرۆکییەکان باسکراوە، بە پێی ئەم رێککەوتنە، ویلایەتەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستانی رۆژهەڵات و گورجستانی رۆژهەڵات بۆ ئێران و گورجستانی رۆژئاواو ئەرمەنستانی رۆژئاواو نێوان دوو رووبار(عێراقی عەرەب)* درایە عوسمانی. بە پێی ئەم رێککەوتننامەیە، شاری قارص بە ناوچەی بێلایەن راگەیێندراو بەمشێوەیە بەشێک لە کوردستانی ئێستای بندەستی تورکیاش، کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێران و بەشەکەیتر هەر لەژێر فەرمانڕەوایەتی عوسمانی مایەوە.

هەروەها لەم رێککەوتنە، هەردوو وڵات بڕیاریاندا، کە پەنا نەدەنە هەڵاتووانی یەکتری.

دووای ئەم رێککەوتنە، تا رێککەوتنی ئەلجەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥، لە ماوەی ٤٢٠ ساڵ، ١٨ پەیمانیتری چارەسەرکردنی ناکۆکیی سنوور، لە نێوان ئێران و دراوسێی رۆژئاوای ئەم وڵاتە، کە ئێستا عێراقە بەستراوە.

---

* - لە ئێران شارێك بەناوی ئەراك هەیە، کە پێشان بە عێراقی عەجەم بە ناوبانگ بوو.

# ڕێککەوتنی ئەستەنبۆڵ*

ئەم ڕێککەوتنە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٥٨٩ لەنێوان سوڵتان موورادی چوارەم و شاعەبباس بەسترا.
لەم ڕێککەوتنە کە (مەهدی قولیخان چاویشلووی فەرمانڕەوای ئەردەبیل بە نوێنەرایەتی شای ئێران) ئیمزای کرد، ئەم بڕیارانەی خوارەوە دران:

١- ویلایەتەکانی ئەرمەنستان و شکی و شەروان و گورجستان و قەرەباغ و شاری تەوریزو بەشی ڕۆژئاوای ئازەربایجان و کوردستان و لوڕستان و قەڵاتی نەهاوەند درایە عوسمانییەکان.

٢- هەردوولا بەڵێنیاندا دیلەکانی شەڕ بگۆڕنەوە.

٣- وەکوو پەیمانی ئاماسییە، هەردوولا بەڵێنیاندا کە هەڵاتووانی یەکتری نەحەوێننەوە.

---

* - ڕێککەوتنی قوستەنتەنییەو ڕێککەوتنی سنووریشی پێ گوتراوە

٤- دەوڵەتی ئێران بەڵێنیدا کە لەعنەتکردنی هەرسێ خەلیفە، واتە ئەبووبەکرو عومەرو عوسمان و هەروەها عاییشەی هاوسەری پێغەمبەر(د.خ) قەدەغە بکات.

٥- دەوڵەتی عوسمانی وەکوو دەستەبەری بۆ ڕێککەوتنەکە، حەیدەرمیرزای برازای شای ئێران، لە لای خۆی لە ئەستەنبۆڵ ڕابگرێت*.

بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەدڵی شای ئێران نەبوون، بەڵام لە ناچاری قبووڵی کرد. لەگەڵ ئەوەش هەمیشە لە خۆ ڕێکخستندابوو، تا لە دەرفەتی لەبار تۆڵە لە عوسمانییەکان بکاتەوە.

* - وەکوو باڵیۆزی ئێستا.

# ڕێککەوتنی دووەمی ئەستەنبۆڵ

ئەم پەیمانە لەنێوان شا عەبباس و ئەحمەدخانی یەکەمی سوڵتانی عوسمانی، دووای هێرشی لە نکاوی شا عەبباس بۆ سەر سنووری دەسەڵاتی عوسمانی و گرتنەوەی زۆربەی شوێنە داگیرکراوەکانی پێشوو، لە ساڵی ١٦١٣و لە ئەستەنبۆڵ بەسترا.

هەرچەندە دەقی ئەم پەیمانە لەبەر دەست نییە، بەڵام بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، لە پەیمانەکە، هەردوولا ڕێککەوتن، کە ئەو شوێنانەی لەلایەن سپای ئێران گیرابوون، هەر لەژێر دەسەڵاتی ئێران بمێننەوەو لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە وەبەر ئێران کەوتبوون، ناوچەیەک هەبوو، کە بە سەرچاوەی ئاوریشمی عوسمانی حیساب دەکرا، شا عەبباس وەکوو قەرەبوو کردنەوە، بەڵێنیدا کە ساڵانە ٢٠٠ باری ئاوریشم ڕەوانەی بابی عالی بکات.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، ئەو شوێنانەی کە شا عەبباس توانیی پێش ئەم ڕێککەوتننامەیە بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتداریەتیی خۆی، بریتیبوون لە: تەبریز، لۆڕستان، کوردستان، ئازەربایجان، ئەرمەنستانی ڕۆژهەلات، گورجستانی ڕۆژهەلات و هەردوو شاری دەربەندو باکوو.

ئەم ڕێککەوتننامەیەش، تەنیا تا ساڵی ١٦١٧، پێڕەویی لێ کراو لەم ساڵەدا، عوسمانییەکان هەوڵیاندا، شوێنە لە دەستچووەکانی پێشوو، دیسان بگەڕێننەوە ژێر دەسەلاتی خۆیان.

# پەیمانی ئاشتیی سەراب

ئەم پەیمانە لە ڕێکەوتی ١٦ی ئەیلوولی ١٦١٨ بەناوی پەیمانی ئاشتیی سەراب، لە سەردەمی شا عەبباس و سوڵتانی عوسمانی بەناوی مستەفای یەکەم، لەنێوان دوو وڵات بەسترا.
سەرەڕای هەوڵی زۆری سپای عوسمانی، بەڵام نەیانتوانی بەسەر ئێرانییەکان زاڵ بن و ناچار لە شوێنێک بەناوی سەراب، پەیمانی ئاشتیی سەرابیان مۆرکرد.
بەپێی ئەم پەیمانە، هەموو مەرجەکانی ڕێککەوتننامەی ئەستەنبوڵ نوێ کرایەوە. تەنیا سەبارەت بە ئاوریشم، بڕیاردرا کە لەوە بەدووا تەنیا ساڵانە ١٠٠باری ئاوریشم لە لایەن ئێرانەوە، ڕەوانەی بابی عالی بکرێت.

# پەیمانی زەهاب*

دووای پەیمانی ئاشتیی سەراب، شا عەبباس کەوتە بیری ئەوەی، کە شوێنە پیرۆزەکانی شیعە، لە عێراقی ئێستا، بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی. چونکە ئەو پێی وابوو، کە ئەم شوێنانە، سەرچاوەیەکی باشی داهاتن بۆ عوسمانی.

لە لایەکیتر، شا عەبباس دەیویست، بە گرتنی ئەو شوێنە پیرۆزانە، ڕێگە بۆ زیارەتکارانی شیعە خۆش بکات و کۆتایی بەو تێهەڵدان و سووکایەتی پێکردنە بێنێت، کە لەلایەن کاربەدەست و چەکدارانی عوسمانی دەرهەق بە شیعە زیارەتکارەکان دەکرا. چونکە عوسمانییەکان، شیعەیان بە موسوڵمان نەدەزانی و لە بەرانبەردا شیعەکانیش، دانیان بە موسوڵمانیەتی سوننییەکان دانەدەنا.

شا عەبباس لە ساڵی ١٦٢٣ بۆ گەییشتن بە ئامانجەکانی سەرەوە، پەلاماری بەغدادی داو بە ئاسانی داگیری کردو پاشان عوسمانییەکانی لە شارەکانی کەربەلاو نەجەفیش کردە دەرەوە.

* - لە دەوڵەتی عوسمانی بە پەیمانی قەسری شیرین بەناوبانگ بووە.

لە ڕێکەوتی ١٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٦٢٩، شا عەبباس مردو شا صەفیی یەکەم، جێی گرتەوە. سوڵتان مرادی چوارەم، کە هەستی پێکرد، شای تازەی ئێران لاوازو نەشارەزایە، لە ساڵی ١٦٣٥ پەلامارەکانی خۆی بۆ سەر خاکی ئێران دەستپێکردو ئەمجارە شەڕ زیاتر لە چوار ساڵی خایاند.

پەیمانی زەهاب لە ساڵی ١٦٣٩ لە لایەن شای سەفەوی، صەفیەددینی یەکەم و سوڵتان موورادی چوارەم بەستراو نزیکەی سەدەیەکی خایاند.

دەقی ئەم ڕێککەوتننامەیە لەچەند شوێن و بەچەند شێوە تۆمارکراوە*، بەڵام ناوەرۆکە سەرەکییەکە، کە لە هەموان دووبارە کراوەتەوە ئەمەی خوارەوەیە، کە بەشێکە لە نووسراوێکی سوڵتان مووڕادی چوارەم بۆ شا صەفیەددینی یەکەم:

...ئەو شوێنانەی کە بە ((جەسان□))و((بارائی)) بەناوبانگن بۆ ئێمە(عوسمانی)و لە شارۆچکەی ((مەندەلیج□)) تا ((دەرتەنگ))(کە شوێنی ناسراو بە ((سەرمیل)) بە سنووری ((دەرتەنگ)) داندراوە) لەگەڵ ئەو دەشتەی لە نێوانیانە بۆ ئێمەو ئەو کێوەی لەو نزیکە هەڵکەوتووە بۆ ئەولا(ئێران) دەبێت. میل باشی کە بۆ ((دەرتەنگ)) بە سنوور داندراوەو ((درنە)) بۆ ئێمە دەبێت و لە خێڵی جاف قەبیلەی ناودار بە ((زیائەددین))و((هاروون)) سەربە ئێمەن و

* - گوایە دەقە ئەسڵییەکەی ئەم پەیمانە، تازە دۆزراوەتەوەو بەم ناوونیشانە لە ئەستەنبۆڵ هەڵگیراوە:
Osmunli Arsivi daire Busbakanligi, Ali Emir Tasnifi, No; ٧٦٧

□ - لە هەندێك شوێن بە جەستان نووسراوە.

□ - مەندەلی

((بیره))و((دزدولی)) بۆ لایەنەکەیتر(ئێران) دەمێنێتەوە. قەڵاتی زنجیر کە لەسەر کێوە برووخێندرێت و ئەو گوندانەی دەکەونە لای رۆژئاوای قەڵاتی ناوبراو بۆ ئێمەو ئەو گوندانەی دەکەونە لای رۆژهەڵات بۆ لایەنەکەیتر دەبێت و لە نزیکی ((شارەزوور)) ئەو کێوەی کە دەکەوێتە ئەوبەری قەڵاتی زەڵم هەر شوێنێکی کە بکەوێتە هەنداو قەڵاتی ناوبراو بۆ ئێمە دەمێنێتەوەو قەڵاتی ((هەورامان)) لەگەڵ ئەو گوندانەی بەسەریەوەن بۆ لایەنی بەرانبەر(ئێران) دەمێنێتەوە. ((گەدووکی چۆغان)) وەکوو سنوور بۆ ((شارەزوور)) دەستنیشان دەکرێت و ((قزلجە))و ئەو شوێنانەی بەسەریەوەن بۆ ئێمە دەمێنێتەوەو ((مێهرەبان*))و ئەو دەڤەرانەی بەسەریەوەن بۆ لایەنیتر(ئێران) دەبێت و هەردوولا بڕیاریاندا کە لە سنووری((وان) قەڵاتی((قەتوور))و ((ماکوو)) لەلای ((قارص)) قەڵاتی ((موغازبەرد)) برووخێندرێن... جگە لەوانەی باسکرا نابێت لە لای لایەنی بەرانبەر (ئێران) دەستدرێژی بکرێتە سەر قەڵاو ئاوەدانی و دەشت و دۆڵ و شاخ و کێوی ناوسنووری ((ئاخسەفە))و((قارص))و ((وان))و ((شارەزوور))و بەغدادو بەصرە....

هاووڵاتییانی ئێرانیش پێویستە واز لە لەعنەتکردن لە هەرسێ خەلیفەو عایشەی هاوسەری پێغەمبەر بێنن.

---

* - مەریوان

# پەیمانی ئەشرەف

هێرشی ئەفغانییەکان بۆ ئێران و رووخانی حکوومەتی ئێران، بارودۆخێکی تری هێنایە ئاراوە. ئەشرەفی ئەفغان، بە بەستنی رێککەوتنامەیەکی نوێ لەگەڵ عوسمانی، ویستی هەم دەسەلاتداریەتی یاسایی خۆی بەسەر ئێران بچەسپێنێت و هەم رەزامەندی و پشتیوانیی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر ئەو دەسەلاتدارییە وەربگرێت.

بۆیەش لە رێککەوتنی ۲۳ی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۷۲۷ ئەشرەفی ئەفغان نامەیەکی ئاراستەی سوڵتان ئەحمەدی سێیەم کرد، کە بووە هۆی رێککەوتنێک و خاڵەکانی خوارەوەی دەگرتەخۆ:

۱- ئەشرەفی ئەفغان سەلماندی کە سوڵتان ئەحمەدی سێیەم، سوڵتانی عوسمانی، خەلیفەی هەموو موسوڵمانانە.

٢- سوڵتان ئەحمەدی سێیەمیش پاشایەتی ئەشرەفی ئەفغانی بە فەرمی ناسی، بەڵام ئەشرەفی ئەفغان قبووڵی کرد کە سەربە سوڵتانی عوسمانییەو لە سنووری دەسەڵاتی خۆی پێویستە سەرەتا خوتبە بەناوی سوڵتان و ئەوجا بەناوی ئەو بخوێندرێتەوە.

٣- ئەشرەفی ئەفغان پەیمانی ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٧٢٤ی ئەستەنبۆڵی سەلماندو وێڕای ئەوە قبووڵی کرد کە خووزستان و زەنجان و قەزوین و سوڵتانییەو تارانیش بدرێتە عوسمانی.

## ئەمەی خوارەوەش دەقی نامەکە ئەشرەفی ئەفغانە
## کە دوواتر هەردوولا مۆریان کرد:

بەناوی خوای میهرەبان

سپاس بۆ خوا کە ئەو لوتفەی لەگەڵ کردم، بۆ ئەوەی لە پەرستکارانی ئەو بم و منی خەلق کرد کە بە دووای پاشگەزبووەکان کە بەنەفرەتکراوی هەموو خەڵکن بچم و بە سزایان بگەیێنم. هەروەها سپاس بۆ پێغەمبەرمان محەممەد، خۆشەویستی خوا، کە پەروەردگار، زورپەت و تەواوی ئەوکەسانەی کە ئەویان خۆشدەوێت، بخاتە بەر بەخشندەیی خۆی.

لەگەڵ رێزم، پێشنیاری زۆر هەژارانە ئاراستەی بارەگای حەزرەتتان دەکەم. بە جەنابت کە دوو شاری پیرۆزی مەککەو مەدینە پێشکەشی جەنابی پلەبەرزتان کراوە، شاهی شاهانی عەرەب، فەرمانڕەوای گەلێ لە گەلان، پارێزەری دینی محەممەدی، پشتیوانی سەربازان و تەواوی ئەو کەسانەی لە رێگەی دین دەجەنگن. جێگری پێغەمبەر، پشتیوانی زانایان، نابووتکەری موشریکان کە بڕوایان بە زیاتر لە خوایەک هەیە، چاکسازیکاری مەزهەب، بەناوبانگترین سوڵتان لە نێو هەموو سوڵتانەکانی پێشوو، شکستپێهێنەری بێئیمانان، پەرەپێدەری دادگەری، لەناوبەری بتەکان و تەواوی ئەوکەسانەی بە چەند خوا بڕوایان هەیە. سوڵتانی پلەبەرزو زلهێز، بەناوبانگترین سوڵتان، پەناگەو ئارامبەخشی هەموو تاکەکانی مرۆڤ، سێبەری خوا لەسەر زەوی، ئیمپراتۆرو

پەناگەی خەڵک، خوا وجوودی جەنابتان و دەوڵەتەکەتان لێواولێو بکات لە سەرکەوتن و تا ڕۆژی قیامەت لە بەخششەکانی خۆی بەهرەدارتان بکات.

بە مەبەستی ئەوەی ئێمە ڕێککەوتننامەی خۆمان، بە پێی ئایاتی قورئانی کە دەفەرموێت(لە خوا، ڕەسوولی خواو تەواوی ئەو کەسانەی کە خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهان پێڕەوی بکەن) ببەستین، بڕیارمدا کە شێوەی پێڕەوی بگرمەبەرو بە پێی ڕوانگەی نوێنەرانی هەردوولا، ئێمە قەناعەتمان بە ڕێککەوتننامەی ئاشتی بە پێی مەرجەکانی خوارەوە هێناوە:

١- ویلایەتی هووەیزەو دەقەری سوڵتانییە وەکوو بەشێک لە فەرمانڕەوایەنی ئێران پێویستە بدرێتە جەنابتان.

٢- هەرساڵە لە لایەن ئێمە شارەزایەک بۆ زیارەتکاران دەستنیشان دەکرێت کە لەگەڵیان بڕواتە مەککە.

٣- بەپێی شێوازی پێشوو، ئێمە هەمیشە باڵیۆزێکمان لە بابی عالی دەبێت.

٤- تەواوی بازرگانان ئازاد دەبن، کە کاری بازرگانی بکەن، کە تەنیا هۆکاری گەشەسەندن و ئاوەدانییە.

٥- روخسەت دەدرێت کە (پەرستگەی ئیمامی ئەعزەم) بەبێ ئەوەی کەس بتوانێت هیچ ڕێگرییەک دروست بکات، زیارەت بکرێت.

٦- حوسێن بەگ لە ڕەگەزی بەراکی و لە تاییفەی لەزگی، کە بەهۆی کەسانی سەربە مۆسکۆ گیراوە، ئازاد دەکرێت.

٧- هەرساڵە ١٥٠٠کیسە دراو، هەرکامیان داگری ٥٠٠ ریکسداریل، ڕەوانەی خەزێنەی جەنابتان دەکرێت.

بەپێی ئەو مەرجانەی سەرەوەیە کە دەبێت ئاشتی هەم بۆ ئێستاو هەم بۆ داهاتوو بپارێزرێت و بەپێی حوکمەکانی قورئان کە دەیەوێت هەموو موسوڵمانان بەڕاستی برا بن. ئاشتییەکی وا لەنێوان ئێمەو دۆستایەتییەکی برایانە دروست دەکات و هۆیەک بۆ کینەو جیایی لەئارادا نامێنێت.

چونکە ئێمە خۆمان بەتەواوی دەخەینە بن فەرمانی جەنابتان و دیارە بەڕێزیشتان لە لایەن خۆتانەوە پەسەند دەفەرموون کە هەموو شتێک بە پێی ناوەرۆکی رێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت.

بۆ ئەوەی ئەم رێککەوتنە بۆ هەمیشە بە وردی و پتەوی جێبەجێ بکرێت و هیچ گۆڕانێکی تێدا نەکرێت، ئێمە چاوەڕوانی پەسەندکردنی بەڕێزتانین و هیوام وایە کە پێی رازی دەبن و روخسەت نادەن کە هیچ گۆڕانێکی تێدا بکرێت.

ئیمزا محەممەد ئەمیر ئەشرەفخان

# پەیمانی ئاشتیی کوردان

دووای هاتنە سەرکاری نادرشای ئەفشار، دیسان شەڕ لەنێوان ئێران و عوسمانی روویداو لە کۆتاییدا لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٧٤٦ بەرامبەر بە ١١٥٩ی کۆچی، رێککەوتننامەیەک لە کوردانی نێوان کەرەج و قەزوین ئامادەکراو لە لایەن سوڵتانی عوسمانی مەحموودخانی یەکەم ئیمزا کرا، بەڵام نادرشا پێش ئەوەی فریای ئیمزا کردنی بکەوێت، کوژرا.

بۆیەش دەکرێت بێژین ئەم رێککەوتننامەیە سەرەتا بە هەڵپەسێردراوی مایەوە، بەڵام دووایی لە رێککەوتننامەکانیتر ئیشارەی بۆ کراوە.

ئەم رێککەوتنامەیە لە چەندبەشی بنچینە، مەرج، بابەت و ژێرنووس پێکهاتووە.

**ئەمەی خوارەوەش دەقی رێککەوتننامەکەیە:**

بنچینە- ئەو ئاشتییەی کە لەسەردەمی (خوالێخۆشبوو[*])سوڵتان مورادخانی چوارەم لە نێوان هەردوولا بەستراوە، هەر بەردەوام دەبێت و ئەو سنوورەی کە ئەوکات لە نێوان هەردوولا بڕیاری لەسەر دراوە، هەربەمشێوەیە جێگیر دەبێت و هیچ گۆڕان و کەموزیادێکی تێدا ناکرێت.

مەرج – لەوە بەدووا فیتنە دادەمرکێتەوەو شمشێری شەڕ دەخرێتە کالانەوەو ئەوەی شیاوی پلەو پایەی هەردوولاو بەسوودی هەردوو

[*] - لە هەندێ شوێنی دەقەکە پەسنی دوورو درێژو سەیرو سەمەرە بۆ سوڵتان و پاشایەکان هاتووە، کە وەرگێڕانیان بە پێویست نەزانرا.

دەوڵەتە ئەنجام دەدرێت و هەردوولا لە هەرکردارێک کە ببێتە هۆی دڵناخۆشی و دژایەتی ئاشتی و تەبایی لە نێوانیان خۆ دەپارێزن، ئینشائەڵڵاهو تەعالا ئەم دۆستی و سوزدارییە لەنێوان هەردوو دەوڵەتی گەورەو زورپەتی ئەو دوو بنەماڵە گەورەیە، مادامولڵەیالی و ئەلئەییام ئیلا یەومولقییامە، قائیم و لائیم بەرقەرار بێت.

ماددەی یەکەم – حاجییەکانی ئێران و تووران کە لە رێگەی بەغدادو شام بۆ بەیتولحەڕام بچن، لەسەر کاربەدەست و دەسەڵاتدارانی سەر رێگەیانە کە ئەوانە ساغ و سەلامەت بگەیێنن و رەچاوی حاڵ و بارودۆخیان بکەن.

ماددەی دووەم- بە مەبەستی دووپاتکردنەوەی میهرەبانی و بەرفراوانکردنی ئاستی سۆزداری، هەر سێ ساڵ کەسێک لەو دەوڵەتە(عوسمانی) لە ئێران و لە ئێرانیش لەم دەوڵەتە دەبێت و مەسرووفاتی ئەمانەش لەلایەن هەردوولا دابین دەکرێت.*

ماددەی سێیەم- دیلەکانی هەردوولا ئازاد دەکرێن و کڕین و فرۆشتیان لەسەر نییەو هەرکامیان بیانەوێت بگەڕێنەوە ولاتەکەیان، هەردوولا نابێت رێگەیان لێ بگرن.

ژێرنووس – دەسەڵاتدارانی سەرسنوور، پێویستە لە هەرکردارێک کە بەپێچەوانەی دۆستایەتی بێت، خۆ بپارێزن و جگە لەوەش خەڵکی ئێران پێویستە زمانیان بگرن لە جنێودان و رەتکردنەوەو نابێت ئەمکارە دووبارە بکەنەوە** و لەوە بەدووا کە هاتوچۆی کەعبەی بەرزو مەدینەی شەریفەو شوێنەکانیتر دەکەن، لەلایەن رۆمەوەو بە ئیجازە، پێویستە

---

* - دیارە مەبەست باڵیۆزە.

** مەبەست جنێودانە بە هەرسێ خەلیفە، واتە ئەبووبەکرو عومەرو عوسمان و عایشەی هاوسەری پێغەمبەر.

لـەگـەڵ حاجییـەکـانی ئـەم وڵاتـەو دەقـەرەکـانیتری ئیـسلامیش بـە هـەڵـسوکەوتـی بـاش رەفتـار بکریـت و بـاج و مـەسـرووفاتی تـری ناشەرعییان لێ وەرنەگیرێت و هەروەها لە شوینە پیرۆزەکانیش* مادەم کەلوپەلی بازرگانییان لەگەڵ نەبێت، کاربەدەستان و بەرێوەبەرانی بەغداد، نابێت داوای باجیان لێ بکەن و هەرکەس کەلوپەلی بازرگانی پێبێت ئەوە مەبلەغێکی لێ وەردەگیرێت، کە نابێت لە سنووری دیارکراو دەربچێت و لەولاش هەر بەمشێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی رۆم دەکرێت و هەرکەس لەوە بەدووا لە ئێران بۆ رۆم و لە رۆم بۆ ئێران هەڵبێت، لە لایەن هەردوولا پشتیوانی ناکرێت و تەسلیمی نوێنەرانی دەوڵەتی خۆی دەکرێتەوە.

کەواتە ئێمەش دەقەکەمان ئیمزا کردو بەڵێنمان فەرموو کە ئەم ئاشت و بەڵێنە، هەمیشە لە نێوان دوو دەوڵەت و ئەوانەی بەدووامانـدا دێن بەرقەرارو هەمیشەیی و پایەدار بێت و تا لە لایەن ئەو دەوڵەتی گەورە(ئێران) کارێک بە پێچەوانەی بەڵێن و پەیمان و پێکهاتنمان روو نەدات، لەم لایە پێشێلکاری و بەزاندن ناکەوێتە ناو بنەماکانیەوە.

سوڵتان مەحموودخانی یەکەم

---

* - مەبەست کەربەلاو نەجەفە.

# ڕێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم

ڕێککەوتننامەی یەکەمی ئەرزەڕۆم – لە ٢٨ی
تەمموزی ١٨٢٣ هەمبەر ١٢٨٣ی کۆچی

**ئەم ڕێککەوتننامەیە، بە ناوبژیوانیی بریتانیا، لە نێوان عوسمانی و ئێران سەری گرتووە، کە دەقەکەی بەشێوەی خوارەوەیە:**

بەناوی میهرەبانترین خوا

لە ساڵەکانی رابردوو بەهۆی جۆراوجۆر، پێوەندیی دۆستانەی نێوان دوو وڵاتی بەهێزی ئیسلامی دەپچڕێت و دۆستایەتی و دراوسێیەتییەکەیان دەبێتە دوژمنایەتی، کە لەکۆتاییدا شەڕی ئاشکرای بەدووادا دەبێت. بەرژەوەندییەکانی دینی ئیسلام لەسەرمان دەسەپێنێت کە لە نێوانمان ئاشتی بەرقەرار بێت. هەردوو دەوڵەت وایان پێباشە کە خوێنڕشتنی زیاتر رابگرن و نوێکردنەوەی پێوەندیی دۆستانەی دوولایەنە، داواکاریی هەردوولا بووە.

بە رەچاوکردنی ئەم بابەتە، بە پێی فەرمانێک کە لە لایەن خاوەنشکۆو شای شاهان، خاقانی کوڕی خاقان، فەتحعەلیشاهی فاتیح، فەرمانڕەوای ئێران دەرچوو، وە بە پشتگرتنی لە لایەن خاوەنشکۆی پاشمیر عەبباس

میرزا، میرزا محەممەدعەلیی موستۆوفی وەکوو نوێنەری دەسەڵاتپێدراوی دەوڵەتی ئێران و بە پێی فەرمانی خاوەنشکۆ پشتیوانی دین، پاسەوانی شارە پیرۆزەکان، سوڵتانی ئاوو خاک، سوڵتانی کوڕی سوڵتان محەممەدخانی فاتیح، ئیمپراتۆری عوسمانی، محەممەد ئەمین رەئووف پاشا، سەرعەسکەرو حاکمی ئەرزەڕۆم و والیی ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، وەکوو نوێنەری تەواو دەسەڵاتپێدراوی دەوڵەتی عوسمانی هەڵبژێردران.

نوێنەرانی سەرەوە دووابەدووای گۆڕینەوەی بڕوانامەکانیان، کۆبوونەوەکانی خۆیان لە شاری باسکراو(ئەرزەڕۆم) دەستپێکردو دووای وتووێژی پێویست، هاوڕایی خۆیان لەسەر مەرجەکانی خوارەوە بۆ ئاشتی دەربڕی:

بنچینە - ئەو پەیماننامەو پێکهاتنەی کە لە ڕێکەوتی هەزارو سەدوپەنجاو نۆ سەبارەت بە حودوودو سنووری کۆن و هەروەها ئەو مەرجانە کە پێشتر دەرهەق بە حاجییەکان و بازرگان و گێڕانەوەی هەڵاتووان و دیلەکان و مانەوەی کەسێکی دیارکراو لە بارەگای هەردوولا، ڕێککەوتنی لەسەر کرابوو، بە گشتی و هەمووی لە نێوان هەردوو دەوڵەت بەرقەرارەو کاری پێدەکرێت و بە هیچ شێوەیەک هیچ خەوش و زیانێک بە بنەماکانی ناگەیێندرێت و لە نێوان هەردوو دەوڵەتی گەورەو بەڕێز، مەرج و بارودۆخی دۆستایەتی و سۆزداری هەمیشە لە ئارادا دەبێت.

مەرج – لەوە بەدووا شمشێری ئاژاوەو شەڕ دەخرێتە کالانەوەو لە نێوان هەردوو دەوڵەتی گەورە، شێوازێک ناگیردرێتەبەر کە ببێتە هۆی دڵناخۆشی و ساردی و پێچەوانەی ئاشتی و دۆستایەتی بێت و ئەوەی

دەکەوێنە ـو سنو[illegible]سانی و لەکاتی شەڕ یا پێشتر، کەوتووەتە دەست دەوڵەتی ئێران، لەوانەش قەڵاو زەوی و قەزاو شارۆچکەو گوندەکان بە شێوەی ئێستا، هەمووی لەماوەی شەست رۆژ دووای ئیمزاکردنی ئەم پەیماننامەیە، بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەگەڕێندرێتەوەو وەکوو رێزگرتن بۆ ئەو پێکهاتنەوە خێرە، گیراوانی هەردوولا بەبێ بەدرۆخستن و شاردنەوە، ئازاد دەکرێن و ئەو خواردن و خواردنەوەیەی کە بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ سەر سنووری هەردوو دەوڵەت پێوستە بۆیان دابین دەکرێت.

فەسڵی یەکەم – لەبەر ئەوەی هیچ دەوڵەتێک نابێت دەست بخاتە ناو کاروباری دەوڵەتێکیتر، لەوەبەدووا چ لە دەوروبەری کوردستان کە دەکەوێتە لای بەغداد* و چ هەموو ئەو دەڤەرانەی کە لەناو سنوورن و هەروەها دەڤەرەکانی ناو سنجاقەکانی کوردستان، بەهیچ هۆیەک و بەهیچ شێوەیەک، نابێت لەلایەن دەوڵەتی ئێران دەستێوەردان و هێرش و بەزاندن هەبێت و نابێت پشتگیری لە دەسەڵاتدارانی پێشوو و داهاتووی سنجاقە ناوبراوەکان بکرێت و ئەگەر لەم شوێنانە خەڵک بۆ وارو لەوەڕگەی هاوین و زستانە هاتوچۆ بکەن، ئەوە سەبارەت بە داهات و مەسرووفات و باجی ئەو لەوەڕگە هاوینی و زستانییانەو کێشەکانیتر کە روو دەدەن، لە نێوان شازادە عەبباس میرزا پاشمیری دەوڵەتی ئێران و والیی بەغداد گفتوگۆ دەکرێت و چارەسەر دەکرێت، بۆ ئەوەی نێوانناخۆشیی لێ دروست نەبێت.

* - ئەم رستەیە، پێشاندەدات کە ئەوکات، مووسڵ بەشێك بووە لە کوردستان.

فەسڵی دووەم – لەبەر ئەوەی ئەم پرسە لە مەرجەکانی پێشووە، کە لەگەڵ خەڵکی ئێران کە بۆ کەعبەی موکەڕەمەو مەدینەی مونەوەرەو سەرزەمینەکانیتری ئیسلامی هاتوچۆ دەکەن، وەکوو حاجی و زیارەتکارەکان و خەڵکی سەرزەمینەکانیتری ئیسلامی هەڵسوکەوت بکرێت و بەناوی باج و ناویتری دژی شەرع و یاسا، نابێت شتێکیان لێ وەربگیرێت. هەروەها لە زیارەتکارانی شوێنە پیرۆزەکان، مادەم کەلوپەلی بازرگانییان لەگەڵ نەبێت، نابێت داوای باج بکرێت و ئەگەر کەلوپەلی بازرگانییان پێبوو، باجی گومرگی باویان لێ وەردەگیرێت و نابێت داوای شتی زیاتریان لێ بکرێت و لەلایەن ئێرانیش، هەر ئەم هەڵسوکەوتە، لەگەڵ بازرگانەکانی عوسمانی دەکرێت.

کەواتە لەوە بەدووا، وەزیرە بەڕێزەکان و ئەمیری حاجییەکان و میرمیرانی بەڕێزو زابت و کاربەدەستانی عوسمانی پێویستە ئاگاداری رەچاوکردنی ئەو مەرجە کۆنانەی کە سەبارەت بە حاجی و بازرگانەکانی ئێرانی داندراون بن و پێویستە بەوردی جێبەجێیان بکەن و لە شامی شەریف تا شوێنە پیرۆزەکان و لەوێش تا شامی شەریف و لە لایەن بڕوا پێکراوی تایبەتیی خاوەنشکۆ پێویستە چاودێریی بکرێت کە بە پێچەوانەی مەرجەکان شتێکیان لێ وەرنەگیرابێت. ئەگەر لە نێوانیان کێشەیەک رووبدات، پێوستە بە چاودێریی بڕواپێکراوی خاوەنشکۆو ریشسپییەکی خۆیان چارەسەر بکرێت و پێوستە ماڵ و خێزانی شاهەنشاو هەروەها ماڵ و خێزانی شازادە بەڕێزەکان و کاربەدەستەکانیتری دەوڵەتی ئێران کە دەچنە حەج و شوێنە پیرۆزەکان، بەپێی پلەو پایە، رێزیان لێ بگیرێت.

سەبارەت بە باجی گومرگی بازرگانەکانی ئێرانی، پێویستە هەروا کە لەگەڵ بازرگانە مۆسوڵمانەکانی عوسمانی رەفتار دەکرێت، لەگەڵ ئەوانیش وا رەفتار بکرێت و لە کەلوپەلی بازرگانیی ئەوانە، تەنیا بۆ یەکجارو لەسەدا چوار قرووش وەربگیرێت و پسوولەی وەرگرتنیان پێ بدرێت و تا ئەم کەلوپەلە بۆ دەستێکیتر نەگوازرابێتەوە، لە شوێنێکیتر نابێت دیسان باج وەربگیرێتەوەو بازرگانە ئێرانییەکان کە داری گیلاس بۆ بازرگانی دێننە ئەستەنبۆل، لەبەر ئەوەی لە ناو دەوڵەتی عوسمانی پاوانکاریی کڕین و فرۆشتن قەدەغەیە، بە هەرکەس کە بیانەوێت، دەتوانن بیفرۆشن و لەگەڵ بازرگان و دانیشتووانی هەردوو دەوڵەت کە هاتوچۆی وڵاتی دراوسێ دەکەن، بەپێی هەلومەرجی کۆمەڵگای ئیسلامی، بە شێوەیەکی دۆستانە رەفتار دەکرێت، کە لە ئەزییەت و ئازار پارێزراو بن.

فەسڵی سێیەم – عەشیرەتی حەیدەرانلوو و سیبکی کە لەنێوان دوو دەوڵەت کێشەیان لەسەر هەبوو و ئێستا لە خاکی عوسمانی نیشتەجێن، هەتاکوو لەملایەن، ئەگەر دەستدرێژی بکەنە سەر سنووری ئێران و ببنە هۆی زەرەرو زییان، ئەوە سنووردارەکانی عوسمانی پێویستە هەوڵبدەن رێگەیان لێ بگرن و پەروەردەیان بکەن، ئەگەر وازیان لە کردارەکانیان نەهێناو سنووردارەکان نەیانتوانی رێگەیان لێ بگرن، دەوڵەتی عوسمانی پشتیان ناگرێت و ئەگەر بە حەزی خۆیان بچنە دیوی ئێران، ئەوە دەوڵەتی عوسمانی رێگەیان لێ ناگرێت و دووای ئەوەی چوونە دیوی ئێران و دووایی دەستدرێژییان کردە سەر سنوورەکانی عوسمانی و بوونە هۆی زییان، ئەوە سنووردارانی ئێرانی هەوڵدەدەن رێگەیان لێ بگرن.

فەسڵی چوارەم – بە پێی مەرجی کۆن، هەڵاتووەکانی هەردوو دەوڵەت وەرناگیرێن و نابێت پشتگیرییان لێ بکرێت و هەربەمشێوەیە ئەو خێڵ و عەشیرەتانەی لە عوسمانی بۆ ئێران و لە ئێران بۆ عوسمانی هاتوچۆ بکەن، ئەوە وەرناگیرێن و پشتگیرییان لێ ناکرێت.

فەسڵی پێنجەم – لە ئەستەنبۆڵ و شوێنەکانی تری دەوڵەتی عوسمانی هەرچی کەلوپەلی بازرگانەکانی ئێرانی لەلایەن حکوومەت و شەرع، لە لیستەکانی فەرمی تۆمارکراوەو لێیان زەوت کراوە، لە ڕێکەوتی ئەم ڕێککەوتنە تا ماوەی شەست ڕۆژ، لەهەر شوێنێک بێت، بەپێی لیست و بەهۆی شەرع و ئیلچیی ئێران، بۆ خاوەنەکانیان دەگەڕێندرێتەوەو جگە لە کەلوپەلی پارێزراوی باسکراو، ئەگەر لە ماوەی جەنگ، کەلوپەلی بازرگان و زیارەتکاران و خەڵکی ئێران، کە لەناو خاکی عوسمانیدا بوون، لە لایەن هەندێ لە وەزیرەکان و پلەدارانیتر، شتێک بەزۆری وەرگیرابێت، ئەوە فەرمان لە سەرەوە دەردەچێت کە دووای وەرگرتنی ئیفادەو دەستنیشانکردنی ئەو وەکیلانەی کە لەلایەن ئەم خەڵکە دەستنیشان دەکرێن، دووای ئاشکرابوونی شەرعی، پێویستە هەرلەجێ کەلوپەلی باسکراو وەربگیرێتەوە.

فەسڵی شەشەم – ئەگەر هاتو لە وڵاتی عوسمانی، کەسێکی بێ منداڵ، ئەمری خوا بکات و میراتگری شەرعیی نەبێت، راسپێردراوانی بەیتولمال، کەلوپەلی پاشماوەی کۆچکردووەکە، بە حەکەمییەتی شەرعی و دووای تۆمارکردنی لە سجلی تایبەت، لە شوێنێک دەپارێزرێت تا ساڵێک و کە میراتگر یا وەکیلی شەرعی پەیدابوو، ئەوە بەپێی سجلی تۆمارکراو کەلوپەلەکانیان دەدرێتەوەو کرێی شوێنەکەو رسووماتی پێویستیان لێ وەردەگیرێت و ئەگەر هاتو کەلوپەلەکان بەهۆی ئاگرگرتن

یا رووداوی لەمجۆرە بفەوتێن، ئەوە نابێت داوای هیچ بکرێت. ئەگەر لەماوەی ساڵێک میراتگر یا وەکیل یا نوێنەر ئامادە نەبێت، کەلوپەلی پارێزراو لەلایەن بەیتولمال دەفرۆشرێت و نرخەکەی دەپارێزرێت و ئەگەر هاووڵاتییەکی عوسمانیش لە ئێران ئەمری خوا بکات، هەر ئەو هەڵسوکەوتەی لەگەڵدا دەکرێت.

فەسڵی حەفتەم – بە پێی مەرجی پێشترو بۆ تەکەزکردنەوەی دۆستایەتی نێوان هەردوو دەوڵەت، هەرسێساڵ جارێک، لەلایەن دەوڵەتی ئێران کەسێک و لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیش کەسێک لە ئێران دەمێنێتەوەو لە هاووڵاتییانی هەردوو وڵاتی گەورە، کە لە سەردەمی شەڕ چووبنە لایەنەکەیترو کارێکی خراپیان ئەنجامدابێت، لەبەر خاتری حورمەتی ئەم رێککەوتننامەیە، سەبارەت بە کەسانی وا، بەهۆی ئەوکارەی کردوویانە، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا ناکرێت.

# ڕێککەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم

ڕێککەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم – لە ٣١ی مایسی ١٨٤٧ی زایینی، هەمبەر ١٦ی جمادی الثانیەی ١٢٦٣ی کۆچی.

ئەم ڕێککەوتنە لەنێوان شای ئێران محەممەد شاو سوڵتانی عوسمانی سوڵتان عەبدولمەجید بەستراوەو نوێنەری ئێران کەسێک بووە بەناوی میرزا محەممەد تەقیخان و نوێنەری عوسمانی ناوی محەممەد ئەنوەر سەعدوڵلا ئەفەندی بووە.
هەردوو باڵیۆزی ڕووس و بریتانیا، وەکوو ناوبژیوان و شاهید، لە جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە بەشداربووینەو کاریگەرییەکی یەکجار زۆریان لە داڕشتنی بەشەکانی ڕێککەوتنەکەدا هەبووە.

### دەقی ڕێککەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم:

فەسڵی یەکەم – هەردوو دەوڵەتی ئیسلامی بڕیاردەدەن کە واز لە هەموو ئەو داواکارییە نەغدانە* بێنن کە تا ئێستا لەیەکتریان هەبووە،

* - مەبەست پارەیە.

بەلام بەومەرجەی کارنەکاتە سەر پاکتاوکردنی داواکارییەکانی تایبەت، کە لە فەسڵی چوارەم باسیان کراوە.

فەسڵی دووەم – دەوڵەتی ئێران لە ئەستۆ دەگرێت کە هەموو ئەو سەرزەمینە لێلات و پانتاییەی ویلایەتی زەهاب، واتە زەویەکانی لای رۆژئاوای بداتە دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی عوسمانی لە ئەستۆ دەگرێت کە لای رۆژهەلاتی زەهاب، واتە تەواوی سەرزەمینە شاخاوییەکەو دۆڵی(کەرەند)، بداتە دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتی ئێران زۆر بەپتەوی بەڵێن دەدات کە واز لە هەرجۆرە داواکارییەک بەنیسبەت شارو سنجەقی سلێمانی بێنێت و بە هیچ شێوەیەک و هیچ کاتێک، دەست نەخاتە ناو کاری دەسەلاتداریەتیی ئەو سنجەقەو دەوڵەتی عوسمانیش زۆر بە پتەوی بەڵێن دەدات کە شارو بەندەری موحەممەرەو دوورگەی ئەلخزرو لەنگەرگاو هەروەها زەویەکانی لێواری رۆژهەلات، واتە لای چەپی شەتتولعەرەب کە لەژێر دەسەلاتی ئەو خێلانەیە کە بەئێرانی بەناوبانگن، وەکوو خاوەنداریەتی بداتە ئێران و وێڕای ئەوە، بەلەمەکانی ئێران مافی ئەوەیان دەبێت، کە بەئازادییەکی تەواو، لە بەستی شەتتولعەرەب تا خالی یەکگرتنەوەی سنووری هەردوو دەوڵەت لە رووباری باسکراو، هاتوچۆ بکەن.

فەسڵی سێیەم – هەردوولا لە ئەستۆدەگرن کە بەپێی ئەم رێککەوتننامەیە، هەموو داواکارییەکانیتر کە لەبواری خاک هەیانبووە، بێڵنەوە بۆ ئەوەی ئەندازیارو راسپێردراوی بۆ دەستنیشان بکەن، کە بەپێی ماددەی پێشوو، سنووری هەردوو دەوڵەت لە رووباری باسکراو دەستنیشان بکەن.

فەسڵی چوارەم – هەردوولا بڕیاریاندا، کە لەلایەن خۆیانەوە ڕاسپێردراو[*] دەستنیشان بکرێن، بۆ ئەوەی ئەو زەرەرو زیانانە مەزندە بکەن، کە دووای وەرگرتنی ئەو پێشنیارە دۆستانەیە کە لەلایەن هەردوو هێزی گەورەی ناوبژیوان لە مانگی جمادی الاولی ساڵی ١٢٦١ی کۆچی درایە هەردوولاو هەروەها پرسی ڕوسووماتی لەوەڕگاکان کە دووا کەوتووە، ئەویش بە دادگەری و عەدالەتەوە.

فەسڵی پێنجەم – دەوڵەتی عوسمانی بەڵێن دەدات کە شازادە هەڵاتووەکانی ئێرانی لە (برووسا) نیشتەجێ بکات و ڕێگە نەدات ئەوێ بەجێ بێڵن و هەروەها ڕێگە نەدات پێوەندیی نهێنییان بە ئێرانەوە هەبێت و هەردوو دەوڵەتی گەورە لە ئەستۆ دەگرن کە هەموو هەڵاتووەکانیتر، بە پێی ڕێککەوتننامەی پێشووی ئەرزەڕۆم، تەسلیمی یەکتر بکەنەوە.

فەسڵی شەشەم – بازرگانەکانی ئێرانی، باجی گومرگی کەلوپەلی بازرگانیی خۆیان لەسەر نرخی ڕۆژانەو باو، بە نەغدی یا بە کەلوپەل، بەوشێوەیەی کە لە ڕێککەوتننامەی ئەرزەڕۆمی ١٢٣٨، لە ماددەی پێوەندیدار بە بازرگانی هاتووە دەدەن و لەو مەبلەغەی کە لە ڕێککەوتننامەکە هاتووە، نابێت زیاتر لێیان وەربگیرێت.

فەسڵی حەفتەم – دەوڵەتی عوسمانی بەڵێندەدات کە سەرەتییەکانی[**] پێویست دەرهەق بە زیارەتکارانی ئێرانی ڕەچاو بکات، تا لە هەرجۆرە دەستدرێژییەک پارێزراو بن و بتوانن لە ئاسایشەکی تەواودا ئەو شوێنە پیرۆزانەی کە دەکەونە ناو خاکی عوسمانی زیارەت بکەن و هەروەها بۆ پتەوتربوون و داکۆکیکردن لە پێوەندیی دۆستانەو ئەو

---

[*] - لە هەر شوێنێك (ڕاسپێردراو) نووسرابێت، مەبەست (مأموری)ی فارسییە.

[**] - وشەیەکی کوردییە، بەمانای امتیازات.

یـەکگرتنـەی کـە پێویـستە لـەنێـوان هـەردوو دەوڵـەتـی موسـولمان و هاوولاتیانیانـدا هـەبێت، دەوڵـەتـی عوسـمانی بـەڵێنـدەدات کـە شـیاوترین ڕێکار بەکار بێنێت بۆ ئەوەی ئەگەر زیارەتکارانی ئێرانی لـەناو خـاکی عوسـمانی سـوود لـە هـەمـوو سـەرەتییەکـان وەربگرن، هاوولاتییـانیتری ئێرانیش لـە سـەرەتییـەکـانی باسـکراو بەهـرەمـەنـد ببن و چ لـەبواری بازرگـانی و چ بـوارەکـانیتر، لـە هـەرجـۆرە زوڵـم و دەسـتدرێژی و سـووکایەتـی بپـارێزرێن و وێـڕای ئـەمـە، لـە هـەمـوو شـوێنێکی خـاکی عوسـمانی، جگـە لـە مـەککـەی موکـەڕەمـەو مـەدینـەی مونـەووەرە، هـەر شـوێنێک کـە لـەلایـەن ئێـران بـۆ بـەرژەوەنـدیی بازرگـانی و پاراسـتنی هاوولاتییـان و بازرگانـەکـان، کۆنـسوول پێویـست بێـت و دەستنیـشان بکرێت، ئەوە لە لایەن دەوڵـەتی عوسمانی، ناوبراو پەسـەند دەکرێت و عوسـمانی بـەڵێنـدەدات ئـەو سـەرەتییـەی شـیاوی پلـەی فـەرمـی ئـەو کەسانەیەو بۆ کۆنسوولی ولاتانیتری دۆست ڕەچاو کراوە، بۆ ئـەوانیش ڕەچـاو بکـات. دەوڵـەتـی ئێـرانیش بـەڵێنـدەدات کـە دەرهـەق بـە کۆنسوولەکانی عوسمانی لەهەر شوێنێکی خاکی ئێران کە پێویست بێت و دەستنیشان بکرێت و هەروەها دەرهەق بە زیارەتکاران و بازرگانانی عوسمانی کە هاتوچۆی ئێران دەکەن، هەر بەمشێوەیە ڕەفتار بکات.

فەسڵی هەشتەم – هەردوو دەوڵەتی ئیسلامی لە ئەستۆ دەگرن، کە بۆ بەرپەچدانەوەو نەهێشتن و ڕێگەگرتن لە دزی و تالانکاری لەلایەن خێڵ و عەشیرەتەکانی سەرسنوور، ڕێوشوێنی پێویست بگرنە بەرو هەر بۆ ئەم مەبەستە، لە شوێنی پێویست سەرباز دابنێن و هەردوو دەوڵەت بەڵێندەدەن کە بەرپەچی هەرجۆرە کردارێکی دەستدرێژیکارانەی وەکوو تالانکاری و کوشتن و وێرانکردن، کە لەخاکی هەردوولا ڕوو بدات

بدەنەوەو بڕیاریاندا کە ئەو خێڵانەی کە کێشەیان لەسەرەو خاوەنیان دیار نییە، تەنیا یەکجار مۆڵەتیان پێ بدرێت کە بە کەیفی خۆیان شوێنێک بۆ خۆیان دیار بکەن و ئەو عەشیرەتانەش کە ولاتەکەیان دیارە، بە زۆری دەبێت بگەڕێنەوە ناو خاکی ئەو ولاتەی کە سەربە ئەون.

فەسڵی نۆیەم – تەواوی ماددەو فەسڵەکانی ڕێککەوتنەکانی پێشوو، بەتایبەت ماددەو فەسڵەکانی ڕێککەوتننامەی ئەرزەڕۆمی ١٢٣٨ بە تایبەت ئەوانەی کە بەهۆی ئەم ڕێککەوتنە نەسڕاونەتەوە یا نەگۆڕاون، هەر وەکوو خۆیان دەمێننەوە، وەکوو ئەوەی کە وشە بە وشە لەم ڕێککەوتننامەیە نووسرابنەوەو هەردوو دەوڵەت بڕیاریاندا کە ئەم ڕێککەوتنە دووای گۆڕینەوە، لەماوەی دوو مانگ یا کەمتر، لەلایەن هەردوو دەوڵەت پەسەند و ئیمزا بکرێت و وێنە پەسەندکراوەکانیش دەستبەدەست بکرێن.

١٦ی جمادی الاخر ١٢٦٣

ئیمزا

ئەنوەر ئەفەندی

میرزا تەقیخان

# ڕێککەوتنی ستاتووکوو

ئەم ڕێککەوتنە، لە ساڵی ١٨٧٠ی زایینی هەمبەر بە ١٢٨٧ی کۆچی، لەنێوان باڵیۆزی ئێران حاجی میرزا حوسێنخان و وەزیری دەرەوەی عوسمانی محەممەد ئەمین عالی پاشا. بەستراوە.

### دەقی ڕێککەوتنەکە بەشێوەی خوارەوە بووە:

یەکەم- هەردوو دەوڵەت، ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەخەنەگەڕ، بۆ بەردەوامی و پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانی نێوانیان.
دووەم- ڕێکاری ستاتووکوو، کە بریتییە لەوە کە ئەو شوێنانەی کێشەیان لەسەرە، هەر بەو حاڵەتە بمێننەوە کە کۆمیسێرەکانی هەرچوار دەوڵەت لێیان کۆڵیوەتەوەو هەر ئەو بارودۆخە لەلایەن هەردوو دەوڵەت و ڕاسپێردراوەکانیان کە لەو شوێنانەن، ڕەچاو بکرێت و لە هەرجۆرە بزاڤێک کە لەگەڵی ناکۆک بێت، خۆ بپارێزن.
سێیەم- لەو کاتەی کە ڕێکاری ستاتووکوو لەلایەن هەردوولا قبووڵ و پەسەند کرا، هەر شوێنێک کە بە شوێنی کێشەلەسەر ناسراو لەژێر دەسەڵاتی لایەنێک بوو، دیسان تا کاتی دەستنیشانکردنی سنوور، هەر

لەژێر بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەتەکە دەمێنێتەوە، بەڵام ئەمە بەهیچ شێوەیەک مافی خاوەندارێتی ناداتە هەردوو دەوڵەت.

چوارەم- لەوەبەدووا لەشوێنی وا کە کێشەی لەسەرە، هەردوولا بەهیچ شێوەیەک خانوو یا دامەزراوەیتر ئاوا ناکەن و ئاوەدانیی وا، لە کاتی دەستنیشانکردنی سنوور، بە بەڵگەی مافی خاوەندارێتی حیساب ناکرێن.

پێنجەم- هەرچەندە ئەو خانوبەرانەی کە لە (قازلی کەل) تێکدراون، لە مەرج و بەڵگەکانی سەرەوە بەدەرکراون و هەردوولا گەییشتوونەتە ئەو یەکدەنگییە کە خاوەنەکانیان بتوانن ئاوەدانیان بکەنەوە، بەڵام ئەم ئاوەدانکردنەوەیە بەهیچ شێوەیەک لەکاتی دەستنیشانکردنی سنوور، نابنە بەڵگەی خاوەندارێتی.

شەشەم- هەرکاتێک لەنێوان راسپێردراوانی سنوور، ناکۆکییەک سەبارەت بەم بابەتانە روویدا، سەرەتا لەسەر بنەمای دۆستایەتی و بەپێی پلەو شیاوی خۆیان وتووێژی لەسەر دەکەن و ئەگەر نەیانتوانی بڕیاری لەسەر بدەن، ئەوە ناوەندی هەردوو دەوڵەت ئاگادار دەکەنەوەو چاوەڕوانی بڕیاری سەرەوەی خۆیان دەمێننەوە.

حەفتەم- ئەم ڕێککەوتنە کاتییەو تا کاتی دەستنیشانکردنی سنوور رەچاو دەکرێت و هیچ کارێک ناکاتە سەر وتووێژەکان و ئەو داواکاری و پڕۆتێستکارییانەی لە هەردوولا سەبارەت بە ئاوەدانییەکێشەدارەکان راگەیێندراوە.

# پڕۆتۆکۆلی تاران

پڕۆتۆکۆلی تاران - لە ڕێکەوتی ٢١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩١١

ئەم پڕۆتۆکۆلە لەنێوان (وسووقوددەولە) وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران و باڵیۆزی عوسمانی بە ناوی (حەسیب) لە تاران ئیمزا کراوەو هیچ باسی وڵاتانی ناوبژیوان ناکات. لە لایەکیتر بۆ یەکەمجار، باسی دیوانی ناوبژیوانیەتیی لاهای دەکات و ئەو خاڵەش بەرجەستە دەکات کە داگیرکردنی سەربازی نابێتە بەڵگە بۆ دەستنیشانکردنی سنووری تازە لەنێوان هەردوو وڵاتدا.
هەر لەم پڕۆتۆکۆلەش، دیسان پشت بە بڕیارەکانی ڕێککەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم بەستراوە.

**دەقی پڕۆتۆکۆلەکە بەشێوەی خوارەوەیە:**

هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی کە تامەزرۆی حەزی هاوبەشی دووری کردن لە هەر ناکۆکییەک لە داهاتوو لە سنووری هاوبەشی

خۆیانن، فەرمانیان بە وەزیری دەرەوەی ئێران و باڵیۆزی تورکیا لە تاران داوە، کە بنەماکانی وتوویژو ئەو شێوازە دەستنیشان بکەن، کە پێویستە بۆ دیارکردنی سنووری نێوانیان بگیردرێتەبەرو ئەوانەی لە خوارەوە ئیمزایان کردووە، دووای وتوویژ بڕیاری هاوبەشیان لەسەر خاڵەکانی خوارەوە دا:

١- کۆمیسیۆنێکی هاوبەش لە ژمارەیەکی یەکسانی نوێنەری دوو وڵات، هەرچی زووتر لە ئەستەنبۆڵ پێکبێت.

٢- فەرمان دەدرێتە نوێنەرانی دوو وڵات، کە لەگەڵ ئەوەی کە هەموو بەڵگەو گرتەکی* سەلمێنەری خۆیان لەدەست بێت، سنووری نێوان دوو وڵات لەسەر بنەمای ڕووڕاستییەکی بێوێنە دەستنیشان بکەن. پاشان ئەرکی کۆمیسیۆنێکی پسپۆرو هونەری دەبێت کە سنوورە دیارکراوەکە بە پێی ئەو بنەمایانەی لەلایەن کۆمیسیۆنی یەکەم دانداراون، لە شوێنەکەیان و بەوردی دەستنیشان بکات.

٣- بنەمای کاری ئەو کۆمیسیۆنەی کە لە ئەستەنبۆڵ پێکدەهێندرێت، لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکە کە بەناوی ڕێککەوتننامەی دووەمی ئەرزەڕۆم لەساڵی ١٨٧٤ بەناوبانگە.

٤- لە حاڵەتێک کە نوێنەرانی دوو وڵات نەتوانن سەبارەت بە شیکردنەوە یا جێبەجێکردنی هەندێک لە بەندەکانی ڕێککەوتننامەی باسکراو بگەنە بڕیارێک، پەسەندی دەکەین کە دووای شەش مانگ وتوویژو لە پێناو ئەوەی کە کێشەی

* - سند

دیارکردنی سنوور بەشێوەیەکی بنەڕەتی چارەسەر بکرێت، هەموو خاڵەکانی ناکۆک، ڕەوانەی دیوانی ناوبژیوانیەتیی لاهای بکرێت تاکو هەموو ناکۆکییەکان بنەبڕ بکرێن.

٥- گومانی تێدا نییە کە هیچیەک لە هەردوولا پشت بە داگیرکردنی سەربازیی خاکی کێشەدار، وەکوو بەڵگەی ڕەوا نابەستن.

ئەم پرۆتۆکۆلە لە دوو وێنەی ئەسڵی لە نێوان ئیمزاکەرانی خوارەوە کە لە لایەن دەوڵەتەکانی خۆیان وتووێژیان کردووە، داڕێژراوەو گۆڕدراوەتەوە.

تاران ٢١ی کانوونی یەکەمی ١٩١١

ئیمزا: وسووقوددەولە

ئیمزا: ح. حەسیب

# پڕۆتۆکۆلی ئەستەنبۆڵ

پڕۆتۆکۆلی ئەستەنبۆڵ – تشرینی دووەمی ١٩١٣
پڕۆتۆکۆلی تایبەت بە دەستنیشانکردنی سنووری نێوان
تورکیاو ئێران لە ڕێکەوتی ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩١٣.

**دەقی پڕۆتۆکۆلەکە بەشێوەی خوارەوەیە:**

ئیمزاکەرانی خوارەوە:
بەڕێز میرزامەحموودخانی قاجاڕ ئیحتشاموسسەڵتەنە، گەورەباڵیۆزو ئیلچیی تایبەتیی خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران لە بارەگای خاوەنشکۆ سوڵتانی عوسمانی.
بەڕێز سێر لووئیس مالێت گەورە باڵیۆزو ئیلچیی تایبەتیی خاوەنشکۆ پاشای ئنگلیز لە بارەگای خاوەنشکۆ سوڵتانی عوسمانی.
بەڕێز مۆسیۆ میشێل دوگیئێریس گەورەباڵیۆزو ئیلچیی تایبەتیی خاوەنشکۆ ئیمپڕاتۆری رووسیا لە بارەگای خاوەنشکۆ سوڵتانی عوسمانی.
ڕێزدار شازادە سەعید حەلیم پاشا، گەورە وەزیرو وەزیری کاروباری دەرەوەی دەوڵەتی گەورەی عوسمانی.
بۆ ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە کە دەرهەق بە ڕێکخستنی سنووری هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بەسترا، کۆبوونەوە.

بەرێزانی ناوهاتوو، سەرەتا بەو کارانەدا چوونەوە کە لەو رۆژەی بڕیار بۆ رێککەوتنی نویٚ دەرچووە، تا ئێستا ئەنجام دراون:
کۆمیسیۆنێکی هاوبەش کە بەپێی ماددەی یەکەمی رێککەوتنی بەستراو لە تاران لەنێوان باڵیۆزخانەی دەوڵەتی عوسمانی و وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران بۆ رێکخستنی بنچینەی وتووێژەکان سەبارەت بە دیارکردنی سنووری ئێران و عوسمانی دەستنیشان کرابوو، هەژدە کۆبوونەوەی ئەنجامدا کە یەکەم کۆبوونەوەی لە رێکەوتی ٢٥/١٣ی ئادارو دووایین کۆبوونەوەی لە ٢٢/٩ی ئابی ١٩١٢ ئەنجام دراوە.
لە رێکەوتی ١٢/٩ی ئابی ١٩١٢، باڵیوزخانەی رووسیا لە ئەستەنبوڵ نووسراوێکی بە ژمارە ٦٢٤ رەوانەی بابی عالی کرد، بەو واتایە کە دەوڵەتی ئیمپراتۆری پێیانوایە کە ناکرێت لەوەزیاتر پیٚ لەسەر جێبەجێکردنی بەپەلەی رێوشوێنە دیارو راشکاوەکانی رێککەوتننامەی ئەرزەرۆم تایبەت بە پاراستنی ستاتووکووی ١٨٤٨(١٢٦٤ی کۆچی) دابگیرێت.
باڵیۆزخانەی ناوبراو هەر ئەوکاتە نووسراوێکی پێشکەشی دەوڵەتی عوسمانی کرد، کە تێیدا هێڵی سنوور بە پێی رێککەوتننامەکانی هەیی، بە دوورو درێژی دەستنیشان کراوە.
دەوڵەتی عوسمانی لە وڵامی ئەم نووسراوانە، بەپێی نووسراوی رێکەوتی ٣١/١٨ی ئاداری ١٩١٣ ژمارە ٣٠٤٦٩/٤٧ رایگەیاندووە کە لەبەر ئەوەی بابی عالی حەزی لە پەسەندکردنی رای رووسیایەو بۆ پێشگیری لە سەرهەڵدانی هەرجۆرە ناکۆکییەک، کە رەنگە کێشە بۆ پێوەندییەکانی باش لەگەڵ ئەو دەوڵەتە دروست بکات و لە لایەکیتر پێیخۆشە کە نییەتپاکیی خۆی سەبارەت بە ناکۆکییەکانی سنووری

لەنێوان ئێران و عوسمانی ، پێشانی دەوڵەتی ئێران بدات، بڕیاریداوە کە هێڵی سنووری باسکراو لە نووسراوی پێشووی باڵیۆزی باڵای خاوەنشکۆی ئیمپراتۆری رووسیا، سەبارەت بە دیارکردنی سنووری بەشی باکووری سنووری ئێران و عوسمانی لە دەسپێکی سەرداربولاغ تا سنووری بانە، واتە تا رووبەڕووی ٣٦ دەرەجەی بەری جوگرافی پەسەندو قبوول بکات. بەڵام دەوڵەتی عوسمانی هەندێک گۆڕانکاری لە هێڵی سنوور کە لە نووسراوی ئابی ١٩١٢ ژمارە ٢٦٤ پێشنیارکراوە، بەپێویست دەزانێت.

وێڕای ئەوە دەوڵەتی عوسمانی هاوپێچ لەگەڵ نووسراوی خۆی روونکەرێکی * شیکردنەوەی لەسەر بارودۆخی سنووری زەهاب و ئەو رێوشوێنەی کە دەوڵەتەکەمان بۆ گەیشتن بە هاودەنگیی بنەبڕو دادگەرانە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران لەم بەشە قبوول دەکات، رەوانە کردووە.

باڵیۆزخانەی باڵای ئیمپراتۆریەتی رووسیا، لە وڵامەکەی بە پێی نووسراوی رێکەوتی ٢٨ی ئادار، ١٠ی نیسانی ١٩١٣، ژمارە ٧٨ رایگەیاندووە کە (( لە راگەیێندراوەکە کە لەسەر بنچینەکەی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دیارکردنی سنووری بەشی ئاراڕات تا بانە، باسکراو لە فەسڵی سێیەمی رێککەوتننامەی ١٨٤٨(هەمبەر ١٢٦٤کۆچی) ناسراو بە ئەرزەڕۆم، بەوشێوەیە کە لە نووسراوی ٢٢/٩ی ئابی ١٩١٢، ژمارە ٢٦٤ باسکراوە، دەکاتە بنچینە، ئاگادار بووە، بەڵام دەرهەق بە گۆڕانکارییە پێشنیارکراوەکانی بابی عالی، باڵیۆزخانەی گەورەی ئیمپراتۆری،

* - تبصره

لەحاڵێک کە دەربڕینی رای خۆی سەبارەت بە پرسی ئاگری چای، بۆ دووایی بەجێ هێشتووە، پێدادەگرێت کە هێچجۆرە گۆڕانێک لە هێڵی سەرسنووری باسکراو لە نووسراوی باڵیۆزخانەی بالای بەڕێز لە رێکەوتی ٢٢/٩ی ئابی ١٩١٢ روونەدات)).

سەبارەت بە سنووری زەهاب، باڵیۆزخانەی ئیمپراتۆریەتی رووسیا، لە حاڵێک کە پێشنیاری روانگەی گشتی خۆی لەمبارەیەوە بۆ پاشان بەجێهێشتووە(رای خۆی سەبارەت بە بابەتی پێشنیارەگشتییەکانی عوسمانی دەربڕیوە، کە بەڕای دەوڵەتی رووسیا بە تەواوی لە داهاتوو ناتوانێت ئاسایش و ئارامی لە سنوور دابین بکات.)

(لە ٢٠ی نیسان/٣ی مایسی ١٩١٣، باڵیۆزخانەی هەردوو دەو... رووس و ئنگلیز، نووسراوێکی هاوبەشیان بۆ بەڕێز پرەنس س... سەلیم پاشا رەوانە کرد، کە نووسراوێکیتری لەگەڵ هاوپێچ کرابوو... داگری روانگەکانیان لە دیارکردنی سنووری زەهاب و ناوچەک... هەڵکەوتوو لە باشووری ئەم بەشە بوو.)

بۆ بەدوواداچوونی نووسراوەکانی سەرەوە، هەندێک وتوویژ لەنێوان مۆسیۆ دوگیئێرێس و سێر گرارد لووتێرو کۆچکردوو مەحموود شەوکەت پاشا ئەنجام دران و ئەنجامی ئەم وتوویژانە لە دووماهیی نووسراوی رێکەوتی ٦ی حوزەیرانی ١٩١٣ی جەنابی گەورە باڵیۆزی رووسیا بۆ جەنابی رێزدار گەورە وەزیری عوسمانی و لە نووسراوی بابی عالی بۆ باڵیۆزی رووسیا لە رێکەوتی ٢٦ی حوزەیران/٩ی تەمموزی ١٩١٣، ژمارە ٣٤٥٥٣/٩٠ و نووسراوی رێکەوتی ١٢ی تەمموزی ١٩١٣ بۆ باڵیۆزخانەی ئنگلیز، باس کراوە.

لە ٢٩ی تەممووزی ١٩١٣، راگەیێندراوێک لە لەندەن لەنێوان سێر ئێدوارد گێری و جەنابی رێزدار ئیبراهیم حەققی پاشا سەبارەت بە هێڵی سنووری باشووری ئێران و عوسمانی ئیمزا کرا. دووای ئەوە باڵیۆزخانەی بالای ئیمپراتۆریەتی رووس، بەبیرهێنانەوەی ئەو بنەمایانەی بەپێویست زانی کە سنووری ئێران و عوسمانیی لەسەر دیار کراوەو بۆ ئەم مەبەستەش نووسراوێکی لە رێکەوتی ١٨/٥ی ئابی ١٩١٣ ژمارە ١٦٦ بۆ بابی عالی رەوانە کرد. نووسراوێکی وەکوو نووسراوی سەرەوەش هەر لەهەمان رێکەوت لەلایەن باڵیۆزخانەی ئنگلیز، بۆ بابی عالی رەوانە کرا. بابی عالی لە وڵامی ئەم نووسراوانە نووسراوێکی هاوبەشی لە رێکەوتی ٢٣ی ئەیلوول بە ژمارە ٣٧٠٦٣/١١٣ رەوانە کرد.
لە بەدوواچوونەکانیتری وتووێژەکان. هەرچوار باڵیۆزی ئێران و ئنگلیزو رووس و عوسمانی، لەسەر ئیمزاکردنی رێوشوێنی خوارەوە یەکڕایی خۆیان دەربڕی:

**بڕیاردرا کە سنووری هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بەشێوەی خوارەوە دەستنیشان بکرێت:**

١

هێڵی سنوور لە باکوور لە هێمای ژمارە ٧٧ی سنووری رووس و عوسمانی کە دەکەوێتە نزیک سەرداربولاغ و سەرووی لووتکەی نێوان چیای بچووکی ئاگری و چیای گەورەی ئاگری دەستپێدەکات.
دووای ئەوەش بەرەو باشوور بەسەر دوندی شاخەکان درێژ دەبێتەوە، دۆڵی دامبات و دەڤەری یەسارینج و زنجیرەی ئاوڕێژی یارم

قەبا کە سەرچاوەکەی لە شاخەکانی ئەیووب بەگە، بۆ ئێران بەجێ دێڵێت. دووای ئەوە هێڵی سنوور دەڤەری یوولاغباشی بۆ ئێران بەجێ دێڵێت و لەگەڵ درێژبوونەوەی بەرزترین شاخ، کە کۆتایی لای باشووری دەکەوێتە ٤٤ دەرەجەو ٢٢ دەقیقەی درێژی و ٣٩ دەرەجەو ٢٧ دەقیقەی بەری جوگرافی، درێژ دەبێتەوە. دووای ئەوە هێڵی سنوور لەلای رۆژئاوا لە قۆبییەکەی رۆژئاوای یارومقەبا دەسوورێتەوەو لە رووباری ساریسوو تێدەپەڕێت و لە نێوان گوندی کوردباران(سەربە عوسمانی)و بازەرگان(سەربە ئێران) تێدەپەڕێت و بەسەر کۆپکی رۆژئاوای بازرگان سەردەکەوێت و بە درێژیی ئاوڕێژی شاخەکانی سەرانلی و زەندوولی - کیرکلیم - خانلی بابا - گەرووی خزێمەو دوجی دەڕوات. لە دوجی هێڵی سنوور لە گەلیی ئاگریچای لە خاڵێک کە لە لایەن کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنوور بە پێی ڕێکاری ستاتووکوو دەستنیشان کراوە، تێدەپەڕێت و هەردوو گوندی نادو نەفتوو بۆ ئێران بەجێ دێڵێت. خاوەندارییەتیی گوندی قزلقەبا(بلەسۆر) دووای لێکۆڵینەوەی کەتشوێنە* جوگرافییەکەی دیار دەکرێت و داوێنی رۆژئاوای ئاوڕێژی ئەم دەڤەرە بۆ عوسمانی و داوێنە رۆژهەڵاتەکەی بۆ ئێران دەبێت. ئەگەر بێت و هێڵی یەکلاکەرەوەی سنوور، بەشێک لە ڕێگەی نێوان دەڤەری بایەزیدو ویلایەتی وان، کە لە نزیک قزلقەبا تێپەڕ دەبێت، لە خاکی عوسمانی بخاتە دەرەوە، گومانی تێدا نییە کە دەوڵەتی ئێران ڕێگە بە هاتوچۆ لەم بەشەی ڕێگەی باسکراو، بۆ پۆستی دەوڵەتی

---

* - موقعیت

عوسمانی و ڕێبواران و کەلوپەلی بازرگانی، بەدەر لە سپاو کەلوپەلی سەربازی دەدات.

دووای ئەوە، هێڵی سنوور بەرەو کۆپکی ئاوڕێژی شاخەکانی قزل زیارەت – ساری چەمەن – دۆمانلوو – قەرابورغا تەپەی نێوان حەوزی ئاگریچای(ئێران)و جەلیکەل(عوسمانی) ئەیدال داشی – ڕەشکان تەپەی نێوان ئاخوڕەک و تاوەرا و بورایک زادار – کۆری ماهین – حەیدەربابا و ئووریستان سەردەکەوێت.

دەرهەق بە قەتوور، ڕێککەوتننامەی ڕێکەوتی ۲۸/۱۵ی تەمموزی ۱۸۸۰، ناسراو بە ڕێککەوتننامەی صاری قەمیش، بەشێوەیەک کە گوندی کولیک بۆ عوسمانی و گوندەکانی بلەجیک و رازی و قاراتیل(هاراتیل) و دوجلیک و بانامەریک بۆ ئێران دادەنێت، جێبەجێ دەکرێت و هێڵی سنوور بەسەر دوندی شاخەکانی میرعومەر بەرەو شاخی سۆراوا سەردەکەوێت و خانەقا(خانیک) بۆ عوسمانی بەجێ دێڵێت و بە پێی ئاوڕێژی ئەو جۆگەلانەی کە لە گەرووی برووج گۆران و کێوی هاراویل و بلەکۆ و شینەتاڵ و سەردۆڵ و غولامبی و گیریرکانید – پەریخان ئەسکەندەر- ئوون و کوتەل شۆڕ دەبنەوە تێدەپەڕێت و دۆڵی بازرگان بۆ عوسمانی و گوندەکانی سێرۆ و سارتیک بۆ ئێران دەبێت. دووای ئەوە هێڵی سنوور لە دووایین خاڵی باشووری قەتوور، لە کۆپکی رۆژئاوای گوندی بەهیک ی ئێران تێپەڕدەبێت و بە پێی دوندەکانی زنجیرەی بایدۆست* دەڕوات تا دەگاتە کێوی زەنت. لە کێوی زەنت هێڵی سنوور هەردەم بە درێژایی ئاوڕێژی

* - ڕەنگە مەبەست برادۆست بێت.

بەرزاییەکانی نێوان دەڤەرەکانی تەرگەوەڕ – دەشت – مەرگەوەڕی ئێران و سنجەقی هەکاریی عوسمانی دەڕوات، بەتایبەت لە دوندەکانی شیوەشیشالی و چل چووری و چل بەردو کتەکنێرو قازی بەگ و ئووخ و ماهی و هەلانە و شاخەکانی رۆژئاوای بەناروادالامیر * تێدەپەڕێت و دووای ئەوە حەوزی ئەو ئاوانەی کە لەلای شنۆ دەڕێژنە گۆڵی ورمێ، لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاوی غەدیر -، ناسراو بە ئاوی سەرغەدیر(کە دەکەوێتە باشووری دالانپەڕو رۆژهەلاتی کێوی کورد) بۆ ئێران بەجێ دێڵێت، تا دەگاتە گەرووی کێلەشین. لە باشووری کێلەشین، هێڵی سنوور حەوزی لاون لەگەڵ دولی چەمگەلی(کە دەکەوێتە رۆژئاوای زەردەگل - و باشووری رۆژئاوای کێوی سپیرێز) بۆ ئێران بەجێ دێڵێت و ئاوەکانی رەواندز بۆ عوسمانی بەجێ دێڵێت و لە دوندو گەرووەکانی سیاکوو، زەردگل، بەربزین – سەرشیوە - کێوی خواجە ئیبراهیم تێدەپەڕێت و لەوێوە بەرەو باشوور بەپێی زنجیرەکێوی گەورەی قەندیل دەڕوات. حەوزی ئاوەکانی لای راستی رووباری کیالو کە بریتین لە ئاوەکانی یوودانان و خزرئاوا و تەلەختان بۆ ئێران بەجێ دێڵێت.

بڕیار درا، کە هۆزەکانی سەربە عوسمانی کە ئەوها کە باوە، لە هاوینان دەچنە دۆڵەکانی باسکراوی سەرەوە، لە ناوچەکانی سەرچاوەی ئاوی گادەرو لاون، هەروەکوو جاران مافی بەهرەمەندی لە وارگەکانی خۆیان دەبێت.

---

* - رەنگە مەبەست بنار و دالانپەڕ بێت.

- - مەبەست رووباری گادەرە.

- - گلە زەریشی پێدەڵێن.

دووای ئەوەی هێڵی سنوور گەییشتە لووتکەی سەرگڵ گلیمان، لە زینووی جاسووسان و گەرووی زەمین تێدەپەڕێت و لەنزیک پردی بوردبەردان لە رووباری وەزنە دەگوزەرێت. دیارکردنی خاوەنداریەتیی گوندی شینە، بەپێی ستاتووکوو دەمێنێتەوە بۆ رای کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنوور. دووای بوردبەردان، هێڵی سنوور بەسەر زنجیرەکێوی فەقیە باباخێرو بەردسییان و بەردی ئەبولفەتح و گەرووی کانی رەش سەردەکەوێت و دووای ئەوە، بەپێی ئاوڕێژی لقاو کردود تلری و گەرووی خان ئەحمەد و کۆتاییی لای باشووری گردی سالووس دەڕوات، بەشێوەیەک کە لەنێوان گوندەکانی کاندل (عوسمانی)و گوندەکانی کەشک شیواو مازیناوای ئێران تێدەپەڕێت، تا دەگاتە رووباری کیالۆ(زێی بچووک)و دووای گەییشتن بە رووباری کیالۆ، هێڵی سنوور بەپێچەوانەی ئاوی رووباری ناوبراو سەردەکەوێت و لای راستی رووبارەکە (ئالانی عەجەمە)بۆ ئێران و لای چەپی رووبارەکە بۆ عوسمانی بەجێ دێڵێت. دووای گەییشتنە ناو بەستی رووباری خێلەڕەش کە لە لقەکانی لای چەپی کیالۆیە، هێڵی سنوور بە پێچەوانەی ئاوی رووبارەکە سەردەکەوێت تا گوندەکانی ئەلەت – گیوەڕۆو ئەوانیتر بۆ ئێران بەجێ دێڵێت و ناوچەی ئالانی مائووت دەخاتە ناو خاکی عوسمانی.

لە کۆتاییی لای باشووری رۆژئاوای کێوی بالۆ، هێڵی سنوور لە رووباری خێلەڕەش دەردەچێت و بەرەو کۆتاییترین شوێن لەلای باکووری رۆژئاوای زنجیرەی سوورکێف کە هەر دەکەوێتە باشووری رووبارەکە بەرز دەبێتەوەو لە لووتکەکانی کێوی باسکراو تێدەپەڕێت و ناوچەی سیۆل و شیوەکەل بۆ عوسمانی بەجێ دێڵێت. هێڵی سنوور

دووای گەییشتن بە خاڵی فەلەکی سوورکێف کە دەکەوێتە ٣٥ دەرەجەو ٤٩دەقیقەی بەری جوگرافی، بە ئاراستەی گوندی چەمپاراو درێژ دەبێتەوە، کە خاوەنداریەتیی ئەم گوندە، بەپێی بنەماکانی ستاتووکوو لەلایەن کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنوور، دوواتر دەستنیشان دەکرێت.

لەو خاڵە، هێڵی سنوور لە زنجیرەکێوی کالاش – بەرد کەچەل – پشت هنکجال – دوبرا – پاراژال و سپیکاتی سەردەکەوێت، کە سنووری نێوان ناوچەی بانەی ئێران و قزلجەی عوسمانییە، تا دەگاتە گەرووی نوخوان و لەوێوە هەردەم بەپێی ئاورێژ هێڵی سنوور بەرەو باشوور و پاشان بەرەو رۆژئاوا دەڕوات، لە حاڵێک کە لووتکەکانی ولکوزا – پشت شەهیدان – هەزارملە - بلیکدەر – گڵ مەلائیک – کێوی کۆسەوشا کە ناوچەی تەرتوولی عوسمانی لە ناوچەی مەریوانی ئێران جیا دەکاتەوە، تێپەڕ دەکات. لەوێوە هێڵی سنوور بە ئاراستەی ئاوی رووباری خەلیل ئاباد تا خاڵی بەیەکگەییشتنی لەگەڵ چەمی قزلجە درێژ دەبێتەوەو لەوێوە بەپێچەوانەی ئاراستەی ئاوی ئەو رووبارەی دووایی، تا بەستی لقی لای چەپی، کە لە گوندی بەناوەسووتە سەرچاوە دەگرێت، درێژ دەبێتەوەو پاشان لە رووباری بەناوەسووتە سەردەکەوێت و لە گەرووەکانی کەل تاوەی سەروو – کەل پیران تێدەپەڕێت تا دەگاتە گەرووی سوورێن کە وەکوو دیارە بەناوی چغان(یا چکان) بەناوبانگە.

زنجیرە کێوی گەورەی هەورامان، کە بە ئاراستەی باکووری رۆژئاوا بۆ باشووری رۆژهەلات درێژ دەبێتەوە، هێڵی سنووری نێوان ئێران و دەقەری شارەزووری عوسمانی پێکدێنێت. دووای گەییشتنی هێڵی سنوور بە لووتکەی کماحار(لە باشووری رۆژهەلاتی قەلای زەڵم و باکووری رۆژئاوای شاری هەورامان) بە ئاراستەی رووباری ئەسڵی تا

شوێنی لقە رۆژئاوایەکەی، کە دەکەوێتە باکووری دۆڵی وولی دەڕوات و گوندی خان کەرەملەو نەوسوود بۆ ئێران بەجێ دێڵێت. لەوێوە تا سیروان کۆمیسیۆن هێڵی سنوور بە رەچاوکردنی هەندێ گۆڕانکاری کە رەنگە لە ١٨٤٨(هەمبەر ١٢٦٤کۆچی)تا ١٩٠٥(هەمبەر ١٣٢٢ی کۆچی) لەوێ روویدابێت، دەستنیشان دەکات. لە باشووری سیروان، هێڵی سنوور لەنزیک بەستی چەمی زمکان دەستپێدەکات، لە شاخەکانی بیزل تێدەپەڕێت و بەرەو چەم زرشک دادەبەزێت. دووای ئەوە بە ئاراستەی هێڵی ئاوڕێژ لەنێوان چەمی باسکراوو رووبارێک کە سەرچاوەکەی دەربەندی بەمۆیەو بەپێی نەخشەی ئەسڵی بە ناوی پشت غراو(ئەزخووندۆڵ) بەناوبانگە دەڕوات و بەرەو لووتکەی بەندی بەمۆ سەردەکەوێت. دووای درێژبوونەوە بە ئاراستەی زنجیرەی بەمۆو گەییشتن بە تەنگەلانی دەربەندی دەهۆڵ(دەربەندی رەهوور)هێڵی سنوور بە ئاراستەی ئاوی رووباری زەنگەنە(عەبباسان) تا نزیکترین خاڵ(خاڵی فەلەکی) لووتکەی شوال لە (شەلواردەر) کە دەکەوێتە خوارووی گوندی بامیشان درێژ دەبێتەوەو بەسەر لووتکەی باسکراو دەکەوێت و دووای ئەوە لە ئەو لووتکەو گردانەی کە ئاوی پانتاییەکانی تیلەکێو و سەرقلە دابەش دەکەن تێدەپەڕێت و لەوێوە بەپێی زنجیرەکانی خۆڵی باغان –شاخی عەلی بەگ – بەندەری چەک چەرمیک – سەنکەلەرو ئاسنگەران تا خاڵێک کە دەکەوێتە تەنگەلانی حەمام، کە دەکەوێتە هەمبەر کۆتایی کێوەکانی قەرەویز، درێژ دەبێتەوە. لەوێوە هێڵی سنوور بە ئاراستەی بەستی رووباری قۆرەتوو تا گوندێک کە هەر ئەو ناوەی هەیە درێژ دەبێتەوەو خاوەنداریەتی گوندی قۆرەتوو بە پێی

بنەماکانی نەتەوەیی دانیشتووانی گوند، لەلایەن کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنوور، دەستنیشان دەکرێت.

هێڵی سنوور لەو خاڵەوە لە ڕێگەیەک تێدەپەڕێت، کە دەکەوێتە نێوان گوندەکانی قۆرەتوو و خۆش خۆراک و پاشان بەدرێژایی لووتکەکانی کێوی قەشقەو ئاغداغ دەڕوات، دووای ئەوەی قەڵای سەبزی بۆ ئێران بەجێ دێڵێت، بەرەو باشوور تا قەراوڵخانەی کانی بز کە سەربە عوسمانییە درێژ دەبێتەوە. لەوێوە هێڵی سنوور بەپێچەوانەی ئاراستەی ئاوی ئەڵوەند، تا خاڵێک دەڕوات کە چوارێکە ساعەتێک لە باشووری شوێنی پێکگەییشتنی لەگەڵ چەمی گیلان مەودای هەیەو لە ئاب بەخشان دەسووڕێتەوەو دەگاتە ئاوی نەفتسوو و نەفتی پارچەی سی دەداتە عوسمانی.( بە پێی هێڵێک کە لەگەڵ مەحموود شەوکەت پاشا بڕیاری لەسەر دراوە و بەکورتی لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی باڵیۆزی بەڕێزی ئیمپراتۆریەتی رووس لە ڕێکەوتی ۱۸/٥ی ئابی ۱۹۱۳ دەستنیشان کراوە)، لەوێوە هێڵی سنوور بە درێژی نەفت درەسی دەگاتە خاڵێک کە لەوێ ڕێگەی قەسری شیرین، چۆمە باسکراوەکە دەبڕێت و دووای ئەوە بەدرێژایی کێوەکانی وەربلند - کەهەندریگ - کونە شوان و غەریبی(درێژەی زنجیرە کێوی حەمرین) درێژ دەبێتەوە. کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنوور پاشان ڕێوشوێنێکی تایبەت بۆ دابەشکردنی ئاوی کەنگیر(سوومار) لەنێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی دادەنێت.

بەشی سنووری هەڵکەوتوو لەنێوان مەندەلیج و خاڵی باکووری ئەو هێڵەی کە لە ڕاگەیێندراوی لەندەن لە ڕێکەوتی ۲۹ی تەمموزی ۱۹۱۳ لەنێوان حەققی پاشاو سێرئێدوارد گێری دیارکراوە(شوعەیب) لەبەر

ئەوەی تا ئێستا راوێژی تەواوی لەسەر نەكراوە، ئیمزاكەرانی خوارەوە دیاركردنی بەشی باسكراو، بۆ رای كۆمیسیۆنی دیاركردنی سنوور بەجێ دێڵن.

دەرهەق بە دیاركردنی سنووری دەڤەری هووەیزە تا دەریا، هێڵی سنوور لە خاڵی ناسراو بە ئوم چیر كە لەوێ هوورولدووەل و هوورولئەعزەم لێك جیا دەبنەوە تێدەپەڕێت. ئوم چیر لە رۆژهەڵاتی شوێنی بەیەككەیشتنی هوورولموحیصین لەگەڵ هوورولئەعزەم لە ٩ مایلیی باكووری رۆژئاوای بەستین و دەكەوێتە ٣١دەرەجەو ٤٣ دەقیقەو ٢٩ چركەی بەری جوگرافی. لە ئوم چیر هێڵی سنوور بەرەو باشووری رۆژئاوا درێژ دەبێتەوەو لە درێژیی ٤٥ دەرەجە دەگاتە خاڵی كۆتایی باشووری دەریاچەیەكی بچووك كە بەناوی ئەعزەم بەناوبانگەو لە مەودایەكی كەمی باكووری رۆژئاوای شوعەیب لە هوور ئەعزەم هەڵكەوتووەو لەم خاڵە بەرەو باشوور بە درێژیی زەنەك تا ٣١ دەرەجەی بەری جوگرافی دەڕوات و بەو ئاراستەیە راست بەرەو رۆژهەڵات تا خاڵی باكووری رۆژهەڵاتی كۆشكی بەصرە درێژ دەبێتەوە، بەشێوەیەك كە كوشكی بەصرە دەكەوێتە خاكی عوسمانییەوە. لە خاڵی باسكراو هێڵی سنوور بەرەو باشوور دەڕوات تا دەگاتە خاڵێك لە رووباری خین كە دەكەوێتە نێوان رووباری دوعەیجی و رووباری ئەبولعەرەبید. پاشان لە هێڵی ناوەندی ئاوی رووباری خین درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە ئەو شوێنەی كە رووباری باسكراو دەڕژێتە شەتولعەرەب و دەكەوێتە بەستی رووباری نوزەیلە. لەم خاڵەوە هێڵی سنوور بە ئاراستەی شەتولعەرەب تا دەریا دەڕوات بەشێوەیەك كە

شـەت و تـەواوی ئـەو دوورگانـەی تێیـدان، بـە مـەرجـی بـەدەرکردنـی خاڵەکانی خوارەوە، سەربە دەسەڵاتی عوسمانی دەبێت:

أ- شوێنەکانی خوارەوە بۆ ئێران دەبن:

١- دوورگـەی مـەحـەللـەو هـەردوو دوورگـە کـە دەکـەونـە نێـوان دوورگەی مەحەللەو لێواری چەپی شـەتتولعـەرەب(لێواری دوورگـەی عەبادانی* ئێران).

٢- چـوار دوورگـەی هـەڵکـەوتـوو لـەنێـوان شـەتیت و موعاوییـەو هـەردوو دوورگـەی بـەرانبـەری مـەنکووهـە کـە تـەواوی ئـەمانـە لکـاوی دوورگەی عەبادانن.

٣- هـەمـوو ئـەو دوورگـە بچووکانـەی کـە ئێستا هـەن، یـا دوواتـر بەهۆی شکانی ئاو لـە خـواروی چۆمی نـەزیلـە پێکبێن و بـە دوورگـەی عەبادان و زەوییە لێوارییەکان بلکێن.

ب- بەندەری نوێ و لەنگەرگای موحەممەرە، دەریاو خوارووی خـاڵی تێکـەڵبـوونی رووبـاری کـاروون، لـەگـەڵ شـەتتولعـەرەب بـەپێـی رێککەوتننامـەی ئـەرزەرۆم، هـەروا لـەژێر دەسـەڵاتـی ئێران دەمێننـەوە، بـەبێ ئـەوەی ئـەم پرسـە هیـچ کارێک بکاتـە سـەر مـافی بـەهـرەمـەندیی عوسـمانی لـەم بـەشـەی شـەت و بـەبێ ئـەوەی مـافی دەسـەڵاتداریـەتیی ئێران لە لەنگەرگای موحەممەرە، بۆ شوێنەکانیتری شەت پەرە بستێنێت.

ج- هیچجۆرە نـاکۆکی لـە مـاف و دابونـەریتـی بـاو سـەبـارەت بـە راوی ماسی لە لێواری ئێرانیی شـەتتولعـەرەب دروست نابێت. پەیڤی (لێوار) داگری ئەو زەوییانەش دەبێت کە بەهۆی شکانی ئاو بە لێوارەوە لکاوە.

---

* - ئێستا ئێران (آبادان)ی پێ دەڵێت.

د- مافی دەسەڵاتداریەتی عوسمانی لە بەشەکانی لێواری ئێران، کە رەنگە بەشێوەیەکی کاتی بەهۆی هەڵکێش و داکێشی ئاو یا رووداوێکیتر نوقمی ئاو ببن، بەرقەرار نابێت. لە لایەکەیتر مافی دەسەڵاتداریەتی ئێرانیش بەسەر ئەو زەویانەی کە رەنگە بەشێوەیەکی کاتی بەهۆی رووداو یا بەهۆی شکانی نائاسایی ئاو کە زیاتر لە سنووری باوی خۆی بێتە بەرچاو، بەرقەرار نابێت.

هـ- شێخی موحەممەرە بەپێی یاساکانی عوسمانی، لە مافی خاوەنداریەتی خۆی بەسەر ئەو ملکەی لە خاکی عوسمانی هەیەتی هەر بەهرەمەند دەبێت.

ئەو هێڵە سنوورییەی کە لەم رێککەوتننامەیە بڕیاری لەسەر دراوە، بە هێڵێکی سوور لەسەر نەخشەی هاوپێچ دیار کراوە. ئەو بەشە سنوورییانەی کە لە نەخشەی باسکراو شی نەکراونەتەوە، بە پێی بنەماکانی ستاتووکوو و بەپێی رێوشوێنی فەسڵی سێیەمی رێککەوتننامەی ئەرزەڕۆم دەستنیشان دەکرێن.

٢

هێڵی سنوور لەلایەن کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنوور، پێکهاتوو لە نوێنەرانی چوار وڵات لە شوێنەکە دیار دەکرێت. هەر دەوڵەتێک لە کۆمیسیۆنی باسکراو راسپێردراوێک و جێگرێکی دەبێت، جێگری باسکراو لەکاتی پێویست لە کۆبوونەوەی فەرمی شوێنگری راسپێردراو دەبێت.

٣

کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنوور، پێویستە بەپێی بنەماکانی خوارەوە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات:

١- بەپێی ڕێوشوێنی ئەم ڕێککەوتننامەیە.

٢- بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی(هاوپێچ)*کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنوور کە لەگەڵ ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕێکخراوە.

٤

هەرکاتێک جیاوازی ڕا سەبارەت بە بەشێک لە هێڵی سنوور لە کۆمیسیۆن سەر هەڵبدات، ڕاسپێردراوانی عوسمانی و ئێرانی، لەماوەی چل و هەشت ساعەت، ڕای خۆیان بەنووسین پێشکەشی ڕاسپێردراوانی رووس و ئنگلیز دەکەن و ڕاسپێردراوانی باسکراو لە کۆبوونەوەی تایبەتی سەبارەت بەو پرسانەی کە ناکۆکی لەسەرە، لێکۆڵینەوە ئەنجام دەدەن و بڕیاری خۆیان بە ڕاسپێردراوانی ئێرانی و عوسمانی ڕادەگەیێنن. بڕیاری باسکراو لە مەحزەری کۆبوونەوەی فەرمی دەنووسرێت و هەرچوار دەوڵەت پێویستە جێبەجێی بکەن.

٥

هەرکە دیارکردنی بەشێکی سنوور جێبەجێ کرا، ئەوە ئەم دیارکردنە یەکلا کەرەوەیەو گەڕانەوەی دووبارەو دیسان لێکۆڵینەوە لەسەری مومکین نییە.

---

* - وەرگێڕانی پەیڕەوەکە، بەپێویست نەزانرا.

٦

هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی مافی ئەوەیان هەیە، کە لەو شوێنانەی کە یەک لەدووای یەک، کاری دیارکردنی سنوورەکەیان بەکۆتا هاتبێت، قەراوڵخانە[*] دابمەزرێنن.

٧

چ پێنەڤێت[**]، کە ئەو سەرەتییەی[***] کە بەپێی رێککەوتننامەی ٢٨ی مایسی ١٩٠١(٩ی سەفەری ١٣١٩ی کۆچی) لەلایەن دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران، دراوە بە ویلیام نێکس دارسی و ئێستا بەپێی رێوشوێنی ماددەی نۆیەمی رێککەوتننامەی باسکراو، لەلایەن(کۆمپانیای نەفتی ئێران و ئنگلیز) کە ناوەندەکەی لە مەنچێستێرهووزی لەندەنە دەردەهێندرێت(رێککەوتننامەی سەرەوە لە کۆتایی بە لکاوی ب بەناوی (رەها)ی رێککەوتننامە باس دەکرێت) لە هەموو ئەو زەویانەی ئێران کە بۆ لای عوسمانی دەگوێزرێتەوە، بەپێی رێوشوێنی ئەم رێککەوتننامەیەو لکاوی (ب)[§] بەتەواوی و هەر وەکوو خۆی دەمێنێتەوە.

٨

هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانی بە ئەندازەی پێویست، لەو نەخشەیانە دەدەنە راسپێردراوەکانی خۆیان کە لەلایەن کۆمیسیۆنی

---

[*] - مەبەست مقەڕی پاسەوان و دیدەوانی سنوورە.

[**] - جێی باس نییە، پێویست بە گوتن نییە. فارسییەکە(بدیهی است)

[***] - امتیاز

[§] - لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە تەنیا پێوەندی بە کۆمپانیاکە هەبوو باسی کوردو کوردستانی تێدا نەبوو، وەرم نەگێڕاوە.

دیـارکردنی سـنوور کێـشراون. لـەگـەڵ وەرگێـڕاوی راگـەیێنـدراوی نووسراو لە فەسڵی پازدەهەمی پەیڕەوە ناوخۆیەکەی. بەڵام گومانی تێدا نییە کە تەنیا نوسخە فەڕەنسییەکە چێیدار* دەبێت.

**لە ڕێکەوتی ١٧/٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٣**

**ئیمزا:**

مەحموود ئیجتیشاموسسەڵتەنە

لووئی مالێت

میشێل دوگیرێس

سەعید حەلیم

* - معتبر

# پەیماننامەی دۆستایەتی و دابینکردنی ئاسایش لەنێوان دەوڵەتی ئێران و کۆماری تورکیا.*

**دەوڵەتی ئێران لەلایەک و دەوڵەتی تورکیا لە لایەکەیتر:**

ئەو پێداویستی و ئەرکانەی کە ئەم چەرخە بۆ هەردوو گەل دروستدەکات و دەسەپێنێت لەبەرچاو دەگرن و لەبەر ئەوەی کە لەو بڕوایەدان و موکوڕن لەسەر ئەوەی کە پتەوکردنی رەهێڵی دۆستایەتی و برایەتیی ئێستا لە نێوانیان واجیبە، کەواتە بە دڵنیایی بڕیاریاندا کە بارودۆخی ماددیی پێوەندیی خۆیان رۆشن بکەنەوەو بۆ گەییشتن بەم ئامانجە، گرێدانی بەڵێننامەی دۆستایەتی و دابینکردنی ئاسایشیان

* - ئەم بەڵێننامەیە، لە رێکەوتی ٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٣٢، دیسان نوێ کراوەتەوە، کە وەرگێڕانەکەی بە پێویست نەزانرا.

بەپێویست زانی و بۆ ئەم مەبەستەش هەردوولا ڕێککەوتن کە وتوویژی پێویست سەبارەت بەم بابەتە، لە شاری تاران ئەنجام بدرێت و دەسەڵاتپێدراوانی خۆیان بەشێوەی خوارەوە دەستنیشان کرد:

لەلایەن خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران: بەڕێز میرزا محەممەد عەلیخانی فرووغی، سەرۆک وەزیران و بەڕێز میرزا داوودخانی میفتاح، شوێنکاری وەزارەتی کاروباری دەرەوە.

لەلایەن سەرۆک کۆماری تورکیا، مەمدووح شەوکەت بێیگ، ئیلچیی تایبەت و گەورەباڵیۆزی تورکیا لە ئێران.

دەسەڵاتپێدراوانی باسکراو، دووای خستنەڕووی دەسەڵاتنامەکانیان، کە بەتەواو هەڵسەنگێندران، لەسەر خاڵەکانی خوارەوە ڕێککەوتن:

فەسڵی یەکەم – ئاشتیی خەوش هەڵنەگرو دۆستایەتی پتەوی نێوان وڵاتی شاهەنشاهی ئێران و کۆماری تورکیاو هەروەها لەنێوان خەڵکەکەی، بەرقەرار دەبێت.

فەسڵی دووەم – لەحاڵەتی ڕوودانی ئۆپەڕاسیۆنی سەربازی لەلایەن یەک یا چەند دەوڵەتی سێیەم، بۆسەر هەردوو دەوڵەتی بەڕێزی ڕێککەوتوو، لایەنی ڕێککەوتوویتر، لەسەریەتی کە بێلایەنی خۆی دەرهەق بە لایەنی ڕێککەوتووی خۆی بپارێزێت.

فەسڵی سێیەم – هەریەک لە لایەنە ڕێککەوتووەکان، لە ئەستۆدەگرن کە لە هێرش کردنەسەر هاوبەڵێنەکەیان خۆبپارێزن و نەکەونە ناو هیچ یەکگرتن یا بەرەی سیاسی و ئابووری یا مالی، کە لەلایەن یەک یا چەند دەوڵەتی لای سێیەم، لە دژی لایەنەکەیتری هاوبەڵێن یا لە دژی ئاسایشی سەربازی و ئاویی ئەو لایەنە بەسترابێت. هەروەها هەریەک لە ڕێککەوتووەکان لە ئەستۆدەگرن کە بەشداری لە هیچ ئۆپەڕاسیۆنێکی

دوژمنکارانە نەکەن، کە لەلایەن یەک یا چەند دەوڵەتی لایەنی سێیەم، لەدژی لایەنەکەیتری هاوبەڵێن، ئەنجام بدرێت.

فەسڵی چوارەم – ئەگەر هاتو یەک یا چەند وڵاتی لای سێیەم، لەکاتی جەنگ لەگەڵ یەکێک لە هاوبەڵێنە بەڕێزەکان، بێلایەنیی هاوبەڵێنەکەیتر بشکێنێت و لە خاکی ئەو وڵاتە سپاو چەک و تەقەمەنیی شەڕ تێپەڕێنێت، یا بیەوێت خۆراک و چوارپێ و هەموو ئەو شتانەی کە بۆشەڕ پێویستە، لەناو ئەو وڵاتە دابین بکات، یا سپاکەی کە لەحاڵەتی پاشەکشە دابێت، لەوێ تێپەڕ بکات، یا دانیشتووانی وڵاتی بێلایەن بۆ مەبەستی سەربازیی خۆی هان بدات و ناچاریان بکات کە سەرهەڵدان بکەن، یا لەناو خاکی وڵاتی بێلایەن کاری دیتیانی* سەربازی ئەنجام بدات، هاوبەڵێنی بێلایەن پێویستە بەهۆی هێزەچەکدارەکانی خۆی رێگە، لەمجۆرە ئۆپەڕاسیۆنانە بگرێت و بێلایەنی خۆی بپارێزێت.

فەسڵی پێنجەم – هەردوولایەنی بەڕێزی رێککەوتوو، بەڵێندەدەن کە لەناو خاکی خۆیان، رێگە نەدەن بە پێکهاتن و جێگیربوونی ئەو رێکخراوو داورودەستانەی کە مەبەستیان تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی وڵاتی هاوبەڵێن یا گۆڕینی حکوومەتەکەی بێت و هەروەها رێگە بەو کەس و داورودەستانە نەدەن کە لە رێگەی پڕۆپاگندە یا رێگەکانیتر، هەوڵی دژایەتیی وڵاتە هاوبەڵێنەکەیتر بدەن و رێگەیان پێنەدەن کە لەناو خاکی ئەوان بمێننەوە.

فەسڵی شەشەم – لە پێناو دابینکردنی ئاسایش و هێمنیی دانیشتووانی ناوچە سنوورییەکان، هەردوو لایەنی رێککەوتوو هەرجۆرە کردارێک

---

* - استکشاف

پێویست بێت ئەنجامی دەدەن، کە کۆتایی بێنن بە سەرپێچیکاری و ئەو ئۆپەڕاسیۆنانەی کە لەلایەن خێڵەکانی نیشتەجێی ناوچەکانی سەرسنوور ئەنجام دەدرێت و ڕەنگە کێشە بۆ ئاسایشی هەردوو وڵات بخوڵقێنێت. هەردوو دەوڵەت بە تەنیا یا ئەگەر پێویست بێت بە هاوبەشی، ئەو کردارە باسکراوانە ئەنجام دەدەن.

فەسڵی حەفتەم – هەردوو لایەنی بەڕێزی هاوبەڵێن ڕێککەوتن کە دەسەڵاتپێدراوانی خۆیان لەماوەیەک کە لە شەش مانگ لە ڕێکەوتی ئیمزاکردنی ئەم بەڵێننامەیە تێنەپەڕێت، لە تاران کۆ بکەنەوەو ڕێککەوتنی بازرگانی و کۆنسوولی و گومرگی و پۆستی و تەلەگرافی و هەروەها ڕێککەوتنی نیشتەجێبوون و تەسلیم کردنەوەی تاوانباران، پێکەوە مۆر بکەن.

فەسڵی هەشتەم – هەردوو لایەنی بەڵێننامە ڕێککەوتن کە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیيانەی کە ڕەنگە لەنێوانیان سەر هەڵبدەن و بەڕێگەی دیپلۆماتیک چارەسەر نەکرێن، ڕێگەچارەی تایبەت دەستنیشان بکەن.

فەسڵی نۆیەم – پێویست بەباس نییە کە لەدەرەوەی سنوورو پەسەندکراوەکانی دوولایەنە کە لەم بەڵێننامەیە دیارکراوە، هەریەک لە هەردوولای بەڕێزی ڕێککەوتوو، لە پێوەندییان لەگەڵ وڵاتانی لایەنی سێیەم، ئازادیی ڕەهایان دەبێت.

فەسڵی دەیەم – ئەم بەڵێننامەیە بە زمانی فارسی و تورکی و فەڕەنسی نووسراوەو لە حاڵەتی سەرهەڵدانی ناکۆکی، کار بە دەقی فەڕەنسی دەکرێت.

فەسڵی یازدەهەم – ئەم بەڵێننامەیە لە زووترین کات، لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی هەردوو وڵات پەسەند دەکرێت و وێنە پەسەندکراوەکان لە تاران دەگۆڕدرێنەوە.
ئەم بەڵێننامەیە لە ڕێکەوتی ئیمزا کردن کاری پێدەکرێت و بۆ ماوەی پێنجسال درێژەی دەبێت و ئەگەر بێتو یەکێک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، شەش مانگ بەرلە کۆتایی کاتی سەرەوە، لەسەر کۆتاییهێنان بەم بەڵێننامەیە، بڕیاری خۆی بە لایەنەکەیتر ڕانەگەیێنێت، خۆبەخۆ ماوەکەی ساڵێکیتر درێژ دەبێتەوەو لەلایەن هەردوولا بەفەرمی دەناسرێت و لەهەر حاڵەتێک ئاگادارکردنەوەی بەرلە شەش مانگ لە کۆتایی ئەم بەڵێننامەیە، بۆ کۆتاییهێنانی، بەهەند وەرناگیرێت.
بۆ پەسەندکردنی خاڵە باسکراوەکانی ئەم بەڵێننامەیە، دەسەڵاتپێدراوانی هەردوولا لە دوو نوسخەیان نووسی و لە تاران ئیمزاو مۆر کرا.

لە ڕێکەوتی یەکەمی بانەمەڕی ١٣٠٥ی کۆچیی هەتاوی، هەمبەر بە ٢٢ی نیسانی ١٩٢٦ی زایینی.

مۆرو ئیمزای:

**مەمدووح شەوکەت بێیگ**

**میرزا داوودخانی میفتاح**

**محەممەد عەلی فرووغی**

**پرۆتۆکۆلی هاوپێچ بە بەڵێننامەی ئێران و تورکیا، لە ڕێکەوتی یەکەمی بانەمەڕی ١٣٠٥ هەمبەر ٢٢ی نیسانی ١٩٢٦.**

لەبەر ئەوەی هەردوو لایەنی ڕێککەوتوو، پێکەوە حەزیان لە پتەوو توندترکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی سیاسی و ئابووری لەنێوان ئێران و تورکیایە، بە پێویستیانزانی کە بە ئاراستەی تەواوترکردنی بەڵێننامەی ٢٢ی نیسانی ١٩٢٦، ئەم پرۆتۆکۆلەش گرێ بدەن و بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵاتپێدراوانی خۆیان بەشێوەی خوارەوە دەستنیشان کرد:

لەلایەن خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران: بەڕێز پاکرەوان شوێنکاری وەزارەتی کاروباری دەرەوە.

لەلایەن بەڕێز سەرۆک کۆماری تورکیا: بەڕێزان مەمدووح شەوکەت بێیگ، گەورە باڵیۆزی تورکیا لە ئێران و محەممەد تۆفیق بێیگ، گەورە باڵیۆزی تورکیا لە مۆسکۆ.

ناوبراوان دووای خستنەڕووی بڕوانامەکانیان کە مەرجەکانی پێویستی تێدابوو، لەسەر خاڵەکانی خوارەوە گەییشتنە هاودەنگی:

ماددەی یەکەم – ئەگەر هاتوو یەکێک لە هاوبەڵێنەکان بکەوێتە بەر ئۆپەراسیۆنی دوژمنکارانەی یەک یا چەند دەوڵەتی لای سێیەم، هاوبەڵێنەکەیتر لەسەریەتی کە تەواوی هەوڵی خۆی بخاتەگەڕ، کە چاکسازی لە بارودۆخەکە بکات.

ئەگەر بە بەکارهێنانی تەواوی هەوڵەکان، بەڵام دیسان ڕوودانی شەڕ، حەتمی و لەناچاری بێت، هەردوولای ڕێککەوتوو لە ئەستۆ دەگرن کە

بارودۆخەکە بە رۆحێکی خێرخوازانەو سۆزدارانە، بخەنە ژێر شیکاری، تا رێگە چارەیەک بدۆزنەوە کە لەگەڵ بەرژەوەندییە بالاکان و بارودۆخەکەیان شیاو بێت.

ماددەی دووەم – هەردوولای بەڕێزی هاوبەڵێن رێککەوتن کە لە زووترین دەرفەت مەرجەکانی هاوکاریی ئابووریی نزیکی خۆیان بخەنە بەر وردبینی و رێکخستن.

بێگومان هەڵبژاردن و رێکخستنی پێداویستییەکانی جێبەجێکردنی هاوکاریی ئابووریی باسکراو و هەروەها پرسی ترانزیتی ئازاد لە خاکی یەکترو دابینکردنی ئامێری جۆراوجۆری پێوەندی لەنێوان دوو وڵات، دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەی وردی پسپۆرانی شارەزای هەردوولای رێککەوتوو و لە لایەن ئەوانەوە دیار دەکرێت.

نوێنەرانی دەسەڵاتپێدراوی هەردوولا ئەم پرۆتۆکۆلەیان لە سێ نوسخەی ئەسڵیی فارسی و تورکی و فەرەنسی ئیمزاکرد، کە بەشێکی جیانەکراوەی بەڵێننامەی دۆستایەتی و ئاسایشە کە لە تاران لە رێکەوتی یەکی بانەمەڕی ١٣٠٥(٢٢ی نیسانی ١٩٢٦)، ئیمزا کراوە.

لە حاڵەتی ناکۆکی کار بە نوسخە فەرەنسییەکە دەکرێت.

تاران – لە رێکەوتی ٢٥ی جۆزەردانی ١٣٠٧ هەمبەر ١٥ی حوزەیرانی ١٩٢٨.

ئیمزا:

پاکرەوان

محەممەد تۆفیق

# بەڵێننامەی دۆستایەتی نێوان ئێران و تورکیا

دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران و دەوڵەتی کۆماری تورکیا:
بە لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئارەزوویان هەیە لەسەر پتەوتر کردنی پێوەندیی دۆستانەو برایەتی کە خۆشبەختانە لەنێوان هەردوو وڵات هەیە، بڕیاریاندا کە ڕێوشوێنی ماددەکانی بەڵێننامەی دۆستایەتی و ئاسایشی بەرواری ٢٢ی نیسانی ١٩٢٦سەبارەت بە پێوەندییەکانی گشتیی هەردوو وڵات، لە بەڵێننامەیەکی دۆستانەی نوێ ڕێک بخەن و بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵاتپێدراوانی خۆیان بەشێوەی خوارەوە، دەستنیشان کرد:
**خاوەنشکۆ پاشای ئێران:**بەڕێز جەنابی میرزا محەممەدعەلیخانی فرووغی، وەزیری کاروباری دەرەو.
**سەرۆک کۆماری تورکیا:** بەڕێز دکتۆر تۆفیق روشدی بێیگ، وەزیری کاروباری دەرەوەو نوێنەری ئیزمیر.

ناوبراوان، دووای گۆڕینەوەی بڕوانامەکانیان کە راست و چێیدار بوون، دەرهەق بە ماددەکانی خوارەوە، گەییشتنە یەکدەنگی:

ماددەی ١- ئاشتیی خەوشهەڵنەگرو دۆستایەتی بێگەردی هەمیشەیی لەنێوان وڵاتی شاهەنشاهی ئێران و کۆماری تورکیاو هەروەها لەنێوان هاووڵاتییەکانیان هەر بەرقەرار دەبێت.

ماددەی ٢- هەردووولای بەڕێزی رێککەوتوو، رەزامەندی دەردەبڕن کە نوێنەرانی سیاسی و کۆنسوولیی هەریەک لە هەردووولا، بە مەرجی هەڵسوکەوتی بەرانبەر لە خاکی لایەنەکەیتری رێککەوتوو، لە رەفتارێک کە گونجاوە لەگەڵ بنەماکانی باوی مافەکانی گشتیی نێونەتەوەیی، هەر بەهرەمەند بێت، لە هەرحاڵەتێک رەفتاری باسکراو، بە مەرجی هەڵسوکەوتی بەرانبەر، نابێت نزمتر لەو رەفتارە بێت کە لەگەڵ نوێنەرانی سیاسی و کۆنیسوولیی دەوڵەکانی تەواو دۆست، دەکرێت.

ماددەی ٣- هەردووولای بەڕێزی رێککەوتوو، رەزامەندی دەردەبڕن کە پێوەندییەکانی کۆنسوولی و بازرگانی و گومرگی و دەریاگەڕی لەنێوان هەردوو وڵات و هەروەها مەرجەکانی راگرتن و نیشتەجێبوونی راژێرەکانی* خۆیان لە خاکی یەکتر، بەهۆی رێککەوتننامەگەلێک بەپێی بنەماو رێکاری باوی مافەکانی گشتیی نێونەتەوەیی و لەسەر بنچینەی هەڵسوکەوتی تەواو بەرانبەر رێک بخەن.

ماددەی ٤- ئەم بەڵێننامەیە، ئەرێ دەکرێت و نوسخە ئەرێ کراوەکان، لە زووترین کاتی مومکین، لە تاران دەگۆڕدرێنەوەو لە رێکەوتی

* - اتباع

گۆڕینەوەی نوسخە ئەریَ کراوەکان، بەڵێننامەکە دەخریّتە بواری جیّبەجیّ کردنەوە.
بەمپیّیە، نویّنەرانی دەسەلاتپیّدراوی هەردوولا، ئەم بەڵێننامەیان ئیمزاو بە مۆری خۆیان مۆردار کرد.
لە ئانکارا، لە بەرواى ٥ی تشرینی دووەمی ١٩٣٢، لە دوو نوسخە نووسرا.

ئیمزا:
دکتۆر ت. روشدی
م.ع. فرووغی

# دەقی ڕێککەوتنی دیارکردنی سنووری نێوان ئێران و تورکیا

## خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران و سەرۆک کۆماری تورکیا

بە لەبەرچاوگرتنی ئارەزووی دڵسۆزانە، کە هەردوولا بۆ دیارکردنی یەکلاکەرەوەی هێڵی سنوور لەنێوان ئێران و تورکیا هەیانەو دەیانەوێت بەمشێوەیە هاودەنگی باش و پێوەندیی برایانەو دۆستانەی نێوان هەردوو گەل پتەوتر بکەن، بڕیاریان لەسەر بەستنی ڕێککەوتنێک داو بۆ ئەم مەبەستەش دەسەلاتپێدراوانی خۆیان بەشێوەی خوارەوە دەستنیشان کرد:

بەڕێز محەممەد عەلیخانی فرووغی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران.
بەڕێز دکتۆر تۆفیق روشدی بێیگ وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا.
ناوبراوان بە هەبوونی روخسەتی تەواو، لەسەر خاڵەکانی خوارەوە ڕێککەوتن:

ماددەی ١- سەرەتای سنووری نێوان ئێران و تورکیا، لە خاڵی تێکەڵبوونی رووباری ئەرەس و رووباری قەراسوو، لە هێمای ژمارە ١ی سنوور کە لەناو خاکی ئێران هەڵکەوتووە دەستپێدەکات و پاشان بە

پێی هێڵی دابەشینی ئاوی قەرەسوو درێژ دەبێتەوە، تا دەگاتە گۆمی بۆرووولان و لەوێش بە هێڵێکی راست تا گردێک کە لە سەد مەتریی باشووری رۆژهەڵاتی سەرچاوەکانی قەرەسوو دەڕوات و لە رۆژهەڵات و باکووری گردی باسکراو دەسووڕێتەوەو گردەکە دەخاتە ناو خاکی ئێران و پاشان هێڵی سنوور دیسان بەرەو باکووری رۆژئاوا دەڕوات، تا دەگاتە تاشە بەردەکانی بورووولان کە دەکەوێتە هەنداو کانیەکانی قەرەسوو. لە هێمای ژمارە ٢ی هێڵی سنوور راست بەرەو هێمای ژمارە ٣و کێوی ئاگریی بچووک بە تێپەڕین لە هێماکانی ژمارە ٤و٥و٦و٧و٨ تا هێمای ٩ کە بەهێڵێکی راست دەکەوێتە ١٦کیلۆمەترو ٦٠٠مەتری باکوورترین لێواری دەریاچەی بورووولان و لە ٦کیلۆمەترو ٤٠٠مەتری بەرزترین خاڵی چیای ئاگریی بچووک. هێڵی سنوور تا ١٧٠٠مەتر هاوتەریبی جاددەی بلیجان شێخ بابۆ دەڕوات و لەم خاڵە دەگاتە سەدمەتریی باشووری رۆژهەڵاتی تووتجیک تەپەو گردی ناوبراو دەخاتە ناو خاکی تورکیاو پاشان بەرەو باشووری رۆژئاوا دەڕوات و لە ١٥٠مەتریی رۆژهەڵاتی گوندی تووجیک تێدەپەڕێت و گوندی باسکراو دەخاتە ناو خاکی تورکیاو هەر بەو ئاراستەیە بەردەوام دەبێت و لە مەودای ١٠٠مەتر لە رۆژئاوای شوێنێکی ناسراو بە(تپ) کە دەکەوێتە سێهەزار مەتریی رۆژهەڵاتی شێخ بابۆ تێدەپەڕێت و (تپ) دەخاتە ناو خاکی ئێران. لەوێوە هێڵی سنوور بەرەو گردێک کە دەکەوێتە ٢٥٠٠مەتریی باشووری رۆژهەڵاتی شێخ بابۆ دەڕوات و لە ترۆپکی گردی باسکراو تێدەپەڕێت و بەرەو باشووری رۆژئاوا بەردەوام دەبێت تا گردێک کە دەکەوێتە ١٣٠٠مەتریی رۆژهەڵاتی گوندی حەسەن ئاغاو لە دوندی گردی باسکراو تێدەپەڕێت. پاشان هێڵی سنوور

روو لە رۆژئاوا بەرەو گردێک دەڕوات کە دەکەوێتە ٨٠٠ مەتریی باشووری گوندی حەسەن ئاغاو لە ترۆپکی گردی باسکراو تێدەپەڕێت و پاشان لە دوندی گردێک تێدەپەڕێت کە دەکەوێتە ٥٠٠ مەتریی باکووری رۆژئاواو ١٥٠٠ مەتر بەرەو باشوور لە سەری شاخەکان تێدەپەڕێت و ئەوجا شۆڕدەبێتەوە تا دەگاتە خاڵێک کە دەکەوێتە ٢٠٠٠مەتریی باشووری رۆژهەڵاتی سلپ و لە تەنگەڵانێک تێپەڕ دەبێت کە دەکەوێتە نێوان هەردوو بەرزایی گرینگ کە یەکێکیان لە ٨٠٠ مەتری و ئەویتریان لە ١٠٠٠ مەتریی باکووری خاڵێک کە بە بەرزایی ١٩٤٨ پێشاندراوە هەڵکەوتووە. پاشان هێڵی سنوور لە هێڵی دوندی شاخەکان تا خاڵی (١٩٤٨) دەڕوات و بەسەریدا تێدەپەڕێت و لەوێوە لەلای باشوور هێڵی ئاوڕێژی ئەیووبەک تا لووتکەی باشووری شاخە باسکراوەکان تێپەڕ دەکات کە دەکەوێتە ٧٠٠ مەتریی باکووری رۆژئاوای ئەنیشکی ئەو رێگەیەی کە لە یاروم قایا دەڕواتە گیژوو. ئەنیشکی باسکراو لەم رێگەیە دەکەوێتە ٣٥٠٠ مەتریی باکووری رۆژهەڵاتی یارم قایاو ٦٣٠٠ مەتریی باشووری رۆژئاوای گیژوو.

لەوێوە هێڵی سنوور بە مەودای ٢٠٠مەتر لە لای رۆژئاوا، هاوتەریب لەگەڵ رێگەی یارم قایا گیژوو تا ئەو چوار رێیانەی کە دەکەوێتە ٢٠٠مەتریی باکووری یارم قایای سەروو، درێژ دەبێتەوەو چوار رێیانی باسکراو دەخاتە ناو خاکی ئێران و لەوێوە شۆڕدەبێتەوە بەرەو لای رۆژئاوا تا خاڵێک کە دەکەوێتە ٦٠٠ مەتریی رۆژئاوای یارم قایا لە رێگەی یارم قایا بلاغ باشی و پاشان بۆ لای باشوور دێتە خوارەوە تا دەگاتە باکوورترین خاڵی تەنیشت قۆبی و لەوێ بەدوواوە هێڵی سنوور بە ناوەندی قۆبیەکە تێدەپەڕێت تا دەگاتە لێوارە باشوورییەکەی کە

دەکەوێتە ٥٠٠ مەتریی باکووری چخوور- رش و لەوێوە هێڵی سنوور بەرەو رۆژئاوا دەسووڕێتەوە تا دەگاتە دوندی ١٦٦٨و چخور-رش و شەیتان ئاباد دەخاتە ناو خاکی ئێران و گربۆران دەخاتە ناو خاکی تورکیا.

لەم خاڵەوە کە دەکەوێتە نێوان گوندی شەیتان ئاوای ئێران و گوندی گربۆرانی سەربە تورکیا، سنوور بەرەو دوندی گردی گربۆران لە رۆژئاوای بازرگان سەردەکەوێت و بە پێی هێڵی ئاوڕێژ لەنێوان گوندەکانی تورکیا کە ناودارن بە گورجی بولاغ و نازیک و قەرەقۆیماز و گوندەکانی ئێرانی کە ناودارن بە بازرگان و کجت و باشکەندو ماروکموو بەردەوام دەبێت و پاشان لە تەنگەلانی هەلکەوتوو لەنێوان ماروکموو و تاولا(سەربە تورکیا) تێدەپەڕێت و کاولەکانی کازرلوو و شێخ ئەسغەر دەخاتە ناو خاکی ئێران و دەگاتە تاشەبەردەکانی خوجاداغ و بەسەر دوندی شاخەکانی زیندو داشی و قانلی بابا و ئاق داغ تێدەپەڕێت و گوندی جوزار بۆ ئێران بەجێ دێڵێت و دونداو دوندی ئاق داغ و قەلەندەر تێپەڕ دەکات و مەزراکانی گوندەکانی ئێرانی کە ناودارن بە نیفتوو سەلمان ئاباد و پیرئەحمەد لە مەزرای گوندەکانی تورکیا کە ناودارن بە دشرمە جیا دەکاتەوەو دیسان بە پێی هێڵی ئاوڕێژ لەنێوان بایەزید و ئەواجیق درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە خەزین گەدووک. لە خەزین گەدووک، سنوور دووای ئەوەی گوندی قزل قایا دەخاتە ناو خاکی تورکیاو گوندی سلوماکول و هەروەها گۆمی قوروگل دەخاتە ناو خاکی ئێران، لە کێوی قەرەگوونی تێپەڕ دەبێت و لە تپ ئاق داغ لە رووباری ئیری چای و کالا ئاق داش تێدەپەڕێت و گوندی نادوو دەخاتە ناو خاکی ئێران و گوندی ئیری چای دەخاتە ناو خاکی تورکیاو

کێوەکانی ساری چەمەن و دوندی رۆژئاوای دوومانلوو و تەنگەڵانی قەرەبووغ تێپەڕ دەکات و گوندی شێخ سلۆ دەخاتە ناو خاکی ئێران و لە کێوی ناوور تێدەپەڕێت و گوندی مالیٚ دەخاتە ناو خاکی ئێران و لە ریشکان و گردەکانی نێوان داوراو ئاخورک و گۆڕا بەگزادان و گوری ماخین و خدربابا تێدەپەڕێت.

لە خدربابوه هێڵی سنوور ئاوڕێژو ئاوڕێژ دەڕوات و لە ۲۰۰۰مەتریی رۆژهەڵاتی دەریاچەی داسناگل بە ئاراستەی باشوور تا خاڵێک دەڕوات کە هێمای ۸۰۰۰ی هەیەو دیسان هەزار مەتر هەر بەو ئاراستەیە بەسەر دوندی شاخەکان درێژەی دەبێت و پاشان بۆلای باشووری رۆژئاوا لار دەبێتەوە و بەم ئاراستە نوێیە ۶۰۰مەتر بەسەر شاخەکان دەڕوات، پاشان دیسان بەرەو باشوور دەگەڕێتەوە تا دەگاتە دوندی گردێک کە لە ۵۰۰ مەترییەو بەرزاییە درێژەکە کە دەکەوێتە ۲۵۰مەتریی لای باشووری رۆژهەڵات، دەخاتە ناو خاکی ئێران و لەوێوە هێڵی سنوور بە لووتکەی شاخەکان تێدەپەڕێت تا کۆپکێک کە دەکەوێتە ۵۰۰مەتریی باشووری رۆژهەڵات و پاشان بەرەو باشووری رۆژئاوا دەڕوات تا دەگاتە شوێنی یەکگرتنەوەی هەراتیل سوو(رووبارێک کە لە هەراتیل دێت)و قەتوورچای و پاشان هێڵی سنوور بەرەو باشوور سەردەکەوێت تا دەگاتە دوندی ۸۰۰ مەتری و لەوێشەوە دیسان بەرەو باشوور لە دۆڵی گانی –رەش شۆڕ دەبێتەوەو بە پێی ئاوڕێژەکەی لە مەودای حەفتسەد مەتر بۆ لای رۆژئاوا و ۵۰۰ مەتر لای باشوور دەڕوات لە بەرزاییەکەی دوولکی ئەو زنجیرە شاخەی کە راستەوخۆ لە باشوور بەرەو مولامحەممەد داغ درێژ دەبێتەوە سەردەکەوێت و مولامحەممەد داغ دەکاتە دوو بەش و ئەو بەرزاییەی کە دەکەوێتە ۲۵۰مەتریی

رۆژهەڵاتی مولامحەممەد داغ دەخاتە ناو خاکی ئێران و بەرزاییە باسکراوەکە لە ٢٥٠ مەتری دەخاتە لای رۆژهەڵاتەوە.

لە مولامحەممەد داغ، هێڵی سنوور بە مەودای ٨٠٠ مەتر، بە لووتکەی شاخەکاندا دەڕوات تا دەگاتە خاڵێک کە دەکەوێتە سەر رێگا لە ٢٠٠ مەتریی رۆژهەڵاتی قیشلەو قیشلە دەخاتە ناو خاکی تورکیاو پاشان سنوور بە پێی ئاوڕێژ بەرەو لای باشووری رۆژهەڵات دەڕوات تا دەگاتە شاخێک کە دەکەوێتە ١٧٥٠مەتری و ٢٠٠ مەتریی باشووری ئەنیشکی رێگاکە. لەم خاڵە هێڵی سنوور بە لووتکەی شاخەکان تێدەپەڕێت تا دەگاتە خاڵێک لەسەر رێگا کە بە مەودای ٢٢٠٠ مەتریی ئەوێ لە دۆڵێک تێدەپەڕێت و بەرەو باشوور شۆڕ دەبێتەوەو لەخاڵی باسکراو بەرەو لای باشوور بە مەودای ٣٠٠ مەتر سەردەکەوێت و لەلای باشووری رۆژئاوا بە لووتکەی شاخەکان دەڕوات تا دەگاتە گردێک کە دەکەوێتە ٥٠٠مەتریی شوێنەکە.

پاشان سنوور لە سەری شاخەکان بەرەو دۆڵێک شۆڕ دەبێتەوە کە رێگەی تارساواو چلیک ئوشاقا لە ٩٠٠ مەتریی ئەوێ تێدەپەڕێت و بەپێی ئاوڕێژی دۆڵی باسکراو بەرەو رۆژئاوا لە رووبەرێکی ٥٠٠ مەتری دەڕوات و پاشان تا ١٧٠٠ مەتر بەسەر شاخەکان تا خاڵێک بەرز دەبێتەوە کە هێمای ٨٢٠٠ ی لەسەرەو پاشان بەسەر شاخەکان بەرەو باشووری رۆژهەڵات تا کێوی کووچ دەڕوات و لە کووچ هێڵی سنوور بە لووتکەی شاخەکان دەڕوات و لە تەنگەڵانی کەشکوول تا کێوی سووراوو بەردەوام دەبێت و لە کێوەکانی سووراوو هێڵی سنوور هەردەم بەپێی ئاوڕێژ دەڕوات و دەگاتە بارووش خوران و گوندی بارووش خوران دەخاتە ناو خاکی ئێران و درێژ دەبێتەوە تا کێوی

هاراویل و تەنگەلانی خانا - سووروبلاکو و ساری چیچەک(گوندی کالیک بۆ ئێران بەجێ دێلێت)و کیژو سووریا و کێوی برەهبین و تەنگەلانی سولتانی و کێوی برازیوان و پەریخان کیفارووق و مەیدان و کوتول داغ.

هێلی سنوور لە کوتولداغ کە هێمای ٢٨٦٩ی هەیە تێدەپەڕێت و بەسەر شاخەکان و بە ئاراستەی باشووری رۆژئاوا تا خالێک دەڕوات کە دەکەوێتە تەنیشت رووباری برادۆست لە ١٦٠٠ مەتریی رۆژئاوای باجرگەو ئەو بەرزاییانەی کە درێژکراوەی بەرزایی ١٨٩٠ بەرەو باشوورن دەخاتە ناو خاکی ئێران(کەواتە سنوور لە دۆلەکە تێدەپەڕێت)و لەوێوە بەرەو باشووری رۆژهەلات دەڕوات و لەو گردە تێدەپەڕێت کە هێماکانی ١٤٨و١٤٧ی لەسەرەو پاشان بەرەو رۆژهەلاتی باکووری رۆژهەلات لادەدات تا دەگاتە رووباری ئیمالۆک کە دەکەوێتە ٤٥٠ مەتریی گردەکە لە دۆلی ئێکمالۆک تا بەرزایی ٨٠٠ مەتریی باشوور کە هێمای ٢٣٠٠ی هەیە سەر دەکەوێت و لەوێ بەسەر شاخەکاندا دەڕوات تا دەگاتە خالێک کە هێمای ٢٥٣٠ی لەسەرەو پاشان هێلی سنوور بەسەر شاخەکان بە ئاستی باشووری رۆژئاوا ٢٥٠٠ تێپەڕ دەکات تا دەگاتە خالێک کە دەکەوێتە ١٥٠٠ مەتریی رۆژئاوای ئەلووزان و ئەم خالە دەخاتە ناو خاکی ئێران و لەوێوە هێلی سنوور بەپێی هێلی سەری شاخەکان بە ئاراستەی باشوور دەڕوات تا دەگاتە ئەنیشکی هێلی سەرشاخی باسکراو کە نزیکەی ٢٥٠٠مەتر لێیەوە دوورەو پاشان روو لە رۆژهەلات دەسووڕێتەوەو بەردەوام بە لووتکەی شاخەکاندا دەڕوات تا دەگاتە ئالادرداغ و پاشان هێلی سنوور بەسەر شاخەکان بەرەو باشووری رۆژهەلات دەڕوات تا دەگاتە دوندی کێوێک کە

دەکەوێتە ٢٤٠٠مەتریی باکووری خاڵی تێکەڵاوبوونی ئەو ئاوەی کە لە پاکی و بەردەڕەش چای دێت و لەوێش بەرەو باشوور تا شوێنی تێکەڵاوبوونەکە شۆڕ دەبێتەوەو لە ناوەڕاستی رووباری بەردەڕەش چای تا خاڵی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ ئاوێک کە لە ١٠٠٠مەتریی رۆژئاوای قەرەشین داغ دێتە خوارەوە دەڕوات.

هێڵی سنوور بەپێی ناوەڕاستی ئاوی باسکراو ١٦٠٠ مەتر بەرەو باشوور دەڕوات و پاشان بەرەو سەری شاخێک سەردەکەوێت کە بەرەو باشووری رۆژهەلات تا دوندی رۆژئاوای قەرەشین داغ درێژ دەبێتەوەو خاڵەکانی ئەلی و پاکی دەخاتە ناو خاکی تورکیاو مازبیشوو دەخاتە ناو خاکی ئێران.

لە قەرەشین داغ، سنوور لە کونا کۆتر و زینووی تابووتان و هەلانە و تەنگەگولشین تێدەپەڕێت و دەگاتە لووتکەی دالانپەڕ و لەوێ دەگاتە هێمای ژمارە ٩٩ی سنووری تورکیاو عێراق.

سەبارەت بە هێڵکاریی راست و وردەکارییەکانی هێڵی سنوور لە هێمای ژمارە ١ تا هێمای ژمارە ٩٩ کە دەکەوێتە سەرسنووری عێراق، پشت بە ٩ نەخشەی ژمارە ١٨و١٩و٢٠و٢١و٢٢و٢٣و٢٤و٢٥ دەبەسترێت بە ئەندازەی ١:٨٤٠٠٠ و ١:٥٠٠٠٠ و گلاڵەیەک کە لەلایەن هەردوو نوێنەری دەسەلاتپێدراو پەسەند کراوەو پسپۆرانی هەردوولای رێککەوتوو ئیمزایان کردووەو هاوپێچی ئەم رێککەوتننامەیە،(رێنووسی ناوی شوێنەکان، بەپێی ئەو ناوانە دەبێت کە لەسەر نەخشەکان و گلاڵەی باسکراو لەسەرەوە دەستنیشان کراون).

ماددەی ٢- کۆمیسیۆنێکی دیارکردنی سنوور، رادەسپێردرێت کە هێڵی سنووری دیارکراو لە ماددەی یەکەم، لە شوێنەکە دیار بکەن و

کۆمیسیۆنی باسکراو پێکدێت لە چوار نوێنەر، کە دوو کەسیان لەلایەن دەوڵەتی ئێران و دووکەسیتر لەلایەن دەوڵەتی تورکیا دەستنیشان دەکرێن.

کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنوور، لە مانگی حوزەیرانی ١٩٣٢ دادەمەزرێت و هەوڵ دەدات کە لە کردارەکانی خۆی، سنوورەکانی هاتوو لەم رێککەوتنە بەتەواوی رەچاو بکات. مەسرووفاتی کۆمیسۆن لەنێوان ئێران و تورکیا بە یەکسانی دابەش دەکرێت. هەردوو لایەنی رێککەوتوو لە ئەستۆ دەگرن کە چ راستەوخۆو چ بەهۆی کاربەدەستانی خۆجێیی، هاوکاریی پێویست وەکوو خانوو کرێکارو کەرەستە(سنگەکانی دیارکردنی سنوورو هێماکانی سنوور)کە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان پێویست دەبێت، پێشکەشی کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنوور بکەن.

وێرای ئەوە، هەردوولا بەڵێن دەدەن کە هێماکانی سێگۆشەو نیشانەو سنگ و هێماکانی سەرسنوور، کە لەلایەن کۆمیسیۆن دەچەقێندرێن، بپارێزن.

هێماکانی سنوور لە مەودای لێکدیار دەچەقێندرێن و ژمارەیان لەسەر دەبێت. شوێنی هێماکانی باسکراوو ژمارەکانیان لەسەر نەخشە پێشان دەدرێت.

مەحزەری کۆبوونەوەی یەکلاکەرەوەی دیارکردنی سنوور، نەخشەکان و بەڵگەنامەکانی هاوپێچ، لەدوو وێنەی ئەسڵی ئامادە دەکرێن.

ماددەی ٣- ئەم رێککەوتننامەیە پەسەند کراو بەڵگەنامەکانی واژۆکراو لە کورتترین ماوەی مومکین لە ئانکارا دەگۆڕدرێنەوەو دەمودەست دووای گۆڕینەوەی بەڵگەنامەکانی واژۆکراو، جێبەجێ دەکرێت.

بەمپێیە نوێنەرانی دەسەڵاتپێدراوی باسکراو، ئەم ڕێککەوتننامەیان ئیمزاو بە مۆری خۆیان مۆردار کرد.

لە تاران لە ڕێکەوتی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢ لە دوو نوسخە نووسرا.

ئیمزا – دکتۆر ت. ڕوشدی

ئیمزا – م.ع. فرووغی

## هاوپێچ:

## نامەگۆڕینەوەی هاوپێچی ڕێککەوتننامەی دیارکردنی هێڵی سنووری ئێران و تورکیا:

تاران ڕێکەوتی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢

زۆر بەڕێز جەنابی محەممەدعەلیخانی فرووغی وەزیری کاروباری دەرەوە

**جەنابی وەزیر:**

بە گەڕانەوە بە ماددەی ١ی ڕێککەوتننامەی دەرهەق بە هێڵی سنووری نێوان تورکیاو ئێران، کە ئەمڕۆ ئیمزامان کرد، لەگەڵ ڕێزی زۆرمان رایدەگەیێنین کە پێگەکانی پارێزەری سنووری هەردوولای ڕێککەوتوو، مافی ئەوەیان دەبێت کە لە ئاوەکانی کانیاوەکانی دەریاچەی بووروولان و هەروەها لە چیمەنەکانی هەڵکەوتوو لە باشوورو ڕۆژئاوای هێڵی سنوور لە دۆرماندۆری دەیاچەی باسکراوو لە ئاوی کانیاوەکانی سلێپ و قووزلوو و یووخاری یارومقایا، بە شێوەیەکی یەکسان سوود وەربگرن. چ پڤێنەڤێت کە گۆڕینەوەی ئەم یادداشتە، بەشێکی جیانەکراوەی ئەو ڕێککەوتنەیە کە ئەورۆ ئیمزامان کرد.

دەرفەتەکە*.....

ئیمزا: دکتۆر تۆفیق روشدی بێیگ وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا

تاران ڕێکەوتی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢

زۆر بەڕێز جەنابی دکتۆر تۆفیق روشدی بێیگ وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا

جەنابی وەزیر:

لەگەڵ ڕێزی زۆرمان، یادداشتی ڕێکەوتی ئەوڕۆی جەنابتانم پێگەییشت و لە بەڵگەنامەکان تۆماری دەکەین، کە بە گەڕانەوە بە ماددەی ١ی ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە ئەوڕۆ ئیمزامان کرد، بابەتی خوارەوەتان ڕاگەیاندبوو:(پێگەکانی پارێزەری سنووری هەردوولای ڕێککەوتوو، مافی ئەوەیان دەبێت کە لە ئاوەکانی کانییاوەکانی دەریاچەی بووروولان و هەروەها لە چیمەنەکانی هەڵکەوتوو لە باشوورو ڕۆژئاوای هێڵی سنوور، لە دۆرماندۆری دەیاچەی باسکراوو لە ئاوی کانیاوەکانی سڵپ و قووزلوو و یووخاری یارومقایا، بە شێوەیەکی یەکسان سوود وەربگرن.) چ پێنەڤێت کە گۆڕینەوەی ئەم یادداشتە، بەشێکی جیانەکراوەی ئەو ڕێککەوتنەیە، کە ئەوڕۆ ئیمزامان کردو ڕایدەگەیێنم کە بە تەواوی لەگەڵ جەنابتانم.

دەرفەتەکە...

ئیمزا: م.ع.فرووغی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران.

* - کورتکراوەی ئەم رستەیە کە پێشتر لە نووسراوە فەرمییەکانی دیپلۆماتیك دەنووسرا:( دەرفەتەکە بۆ پێشکەشکردنی جوانترین ڕێزی خۆمان بە بەڕێزتان دەقۆزمەوە.) بەڵام لێرە هەر ئەوەندە نووسراوە.

# پەیمانی ئاسایشی سنوور لە نێوان ئێران و تورکیا

ڕێککەوتننامەی تایبەت بە ئاسایشی ناوچەکانی سەرسنوورو چارەسەرکردنی ئەو ڕووداوو ناکۆکییانەی کە لە ناوچە باسکراوەکان سەر هەڵدەدات، لەنێوان دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران و دەوڵەتی کۆماری تورکیا.

**خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران لە لایەک و شکۆدار سەرۆک کۆماری تورکیا لە لایەکیتر**

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە گەرەکیانە ئاسایشی ناوچەکانی سەرسنوور بپارێزن و لێکۆڵینەوەو چارەسەرکردنی ئەو ڕووداوو ناکۆکییانەی کە لە ناوچەکانی سەرسنوور سەر هەڵدەدەن، ئاسان و لەزگین بکەن، بڕیاریان لەسەر بەستنی ڕێککەوتننامەیەکی نوێ لە جیاتی ڕێککەوتننامەی ٩ی نیسانی ١٩٢٩ داو نوێنەرانی دەسەڵاتپێدراوی خۆیان بەشێوەی خوارەوە دەستنیشان کرد:

خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران:

بەڕێز عینایەتوڵلا سەمیعی وەزیری کاروباری دەرەوە.

شکۆدار سەرۆک کۆماری تورکیا:
بەڕێز جەمال حەسەنوو تارای وەزیری پێشوو و نوێنەر لە ئەنجومەنی گەورەی تورکیاو نوێنەری پێشووی هەردەمیی تورکیا لە کۆمەڵەی گەلان و بەڕێز کەمال کێپرووولوو وەزیرموختار.
نوێنەرانی دەسەڵاتپێدراوی باسکراو، دووای گۆڕینەوەی دەسەڵاتنامەکانیان، کە بە تەواوی راست و چێیدار بوون، لەسەر رێوشوێنی خوارەوە رێککەوتن:
ماددەی ١- هەردوولای رێککەوتوو، رەزامەندییان دەربڕی کە رووداوو ناکۆکییەکانی سەرسنوور، کە لە ماددەی ٢ باسکراون و لە رووبەرێکی پەنجاکیلۆمەتری لە هەردوولای هێڵی سنووری دوو وڵات روودەدەن، بەهۆی ناوەندەکانی کاروباری سنوور، کە لە ماددەی چوار باسکراون، لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و بەپێی رێوشوێنی ئەم رێککەوتننامەیە، چارەسەر بکرێن.
هەرکاتێک ناکۆکی و رووداوێک بەرلە جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامەیە روویدابێت، لە رێگەی سیاسییەوە چارەسەر دەکرێت.
ماددەی ٢- مەبەست لە وشەکانی (رووداو، ناکۆکی) رووداوەکانی خوارەوەن:
أ- تێپەڕینی نایاساییی یەک یا چەند کەس لە سنوور، ئەوجا خاوەنی چەک بن یا نەبن، بە تاک بێت یا لە قاڵبی کۆمەڵێک.
ب- تێپەڕینی بە ناقەستی* پاسەوانی سنوور لە سنوور، ئەوجا چەکی هەبێت یا نەبێت.

* - غير عمد

ت- دەربازبوونی خەڵکی لابەلاو راسپێردراوانی دەوڵەتیی ناوچەی سنوور، بەبێ وەرگرتنی روخسەتی پێویست لە سنوور، بەو مەرجەی دەربازبوونەکە، بەشێوەیەکی هلکەتی*و بەبێ مەبەستی خراپ ئەنجام درابێت.

ث- تێپەڕین لە سنوور، بە مەبەستی ئەنجامدانی یەکێک لە کردارەکانی، رێگری، تاڵان، دزی و قاچاخچییەتی.

ج- یارمەتی و هاوکاری بۆ دەربازبوونی نایاسایی لە سنووررو دنەدانی دانیشتووانی سەر خاکی یەکێک لە لایەنەکانی رێککەوتوو، بۆ کۆچکردن بەرەو خاکی لایەنەکەیتری رێککەوتوو.

ح- گۆڕینی شوێنی هێماکانی سنوور، یا تێکدانیان و ئاواییەکانی تری هەڵکەوتوو لە کێلەکی پێوەنووساوی هێڵی سنوور، وەکوو دامەزراوەو رووبارو کەناڵەکانی ئاودێری و هەروەها هێڵی تالۆگی ئاوەکانی سنووریش.

خ- گواستنەوەی نایاساییی کەلوپەلی سەربە دەوڵەت و سەربە دامەزراوە گشتییەکان، یا گواستنەوەی بۆ هاووڵاتیی یەکێک لە هەردوولا، بۆ خاکی لایەنەکەیتری رێککەوتن.

د- تێپەڕینی هلکەتیی چوارپێ و مێگەڵ، لە سنوور یا رەواندن و بردنیان بەرەو سنوور.

ذ- تەقە لە پێگەو شوێنی پاسەوانان یا لە خەڵک، هەروەها تەقە لە هێماکانی سنوور، کە دەکەونە ناو خاکی لایەنەکەیتری رێککەوتن.

---

* - اتفاقی

ر- کوشتن و بریندارکردن و هەروەها هەموو کردارێکی دەستدرێژی، کە لەلایەن کەسانێک کە نیشتەجێی خاکی یەکێک لە لایەنەکانی ڕێککەوتنن، کە دەرهەق بە پاسەوانانی سنوورو کەسانی دانیشتووی سەرخاکی لایەنەکەیتری ڕێککەوتن ئەنجام بدرێت.

ز- دابینکاری و هەوڵ یا دەستبەکاربوون، بەمەبەستی تێکدانی ڕێکخستن و ئاسایشی ناوچەی سەرسنوور، یا زیانگەیاندن بە بەرژەوەندییەکانی لایەنەکەیتر.

س- بەزاندنی سنوور لە ڕێگەی هەوایی.

ماددەی ٣- کاربەدەستانی کاروباری سنوور، کە لە ماددەی ٤ باسکراون، بە مەرجی وەرگرتنی روخسەتی پێشتر لە لایەن کاربەدەستانی دەسەڵاتداری ناوەندیی هەردوولای ڕێککەوتوو، دەتوانن هەرچەشنە ڕووداوو ناکۆکی لە ناوچەی سەرسنوور، کە بە تەواوی لە ڕووداوو ناکۆکییەکانی باسکراو لە ماددەی ٢ بچن و بە راشکاوی لە ماددەی باسکراو پێشبینی نەکرابن، چارەسەر بکەن.

ماددەی ٤- ڕووداوو ناکۆکییەکانی باسکراو لەم ڕێککەوتننامەیە، لەلایەن کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری هەردوولا، لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت و چارەسەر دەکرێن:

کاربەدەستانی کاروباری باسکراو بەشێوەی خوارەوەن:

لەلایەن وڵاتی شاهەنشاهی ئێران:

لە پلەی یەکەم جێگرانی کەلانتەری سنوور.

لە پلەی دووەم کەلانتەرەکانی سنوور.

لەلایەن کۆماری تورکیا:

لە پلەی یەکەم – قایمەقامەکان.

لە پلەی دووەم – والییەکان.
هەردوولای ڕێککەوتوو کۆکن لەسەر ئەوەی، کە بەپێی ڕێوشوێنی ماددەی شەشەم، ناوی کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری خۆیان، لەماوەی پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە ڕێگەی سیاسی، بە یەکتر ڕابگەیێنن و هەروەها هەر گۆڕانکارییەک، کە دوواتر لە کاربەدەستانی کاروباری سەرسنوور ئەنجام بدرێت، لە ڕێگەی سیاسی بە لایەنەکەیتر ڕابگەیێنن.
ماددەی ٥- ئەرک و دەسەلاتەکانی کاربەدەستانی کاروباری سەرسنوور، لە خاڵەکانی خوارەوە دیار کراوە:
أ- هەریەک لە ڕووداوو ناکۆکییەکانی باسکراو لە ماددەی ٢، سەرەتا لە لایەن کاربەدەستانی کاروباری پلە یەکەمی هەردوولای ڕێککەوتوو شەنوکەو دەکرێت و یەکلا دەکرێتەوە. ئەو پرسانەی کە کاربەدەستانی باسکراو نەتوانن لە دوو کۆبوونەوە لەسەری ڕێککەون، بۆ لێکۆڵینەوەو یەکلابوونەوە، بۆ کاربەدەستانی کاروباری پێوەندیداری سەرسنوور، لە پلەی دووەم ڕەوانە دەکرێن.
ب- کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری پلە یەکەم، بە ڕێکوپێکی و هەر دوومانگ جارێک، کۆبوونەوەیان دەبێت و کۆبوونەوەی نائاسایی ئەمانە، دەمودەست و لەسەر داوای یەکێک لە هەردوولای ڕێککەوتوو دەبەسترێت، کە دەبێت لە نووسینەکەی، هۆی کۆبوونەوەکە باس بکات. لەم حاڵەتەی دووایی، کاربەدەستانی ئەو لایەنەی کە بانگێشت کراون، بە زووترین کاتی مومکین، لە کۆبوونەوەکە ئامادە دەبن. هەرکاتێک بەربەستێک بێتە پێش، کاربەدەستانی باسکراو لەسەریانە، کاربەدەستانی کاروباری سنووری لایەنەکەیتری لێ ئاگادار بکەنەوە.

ت- کاربەدەستانی کاروباری سنووری پلەی دووەم، دووجار دانیشتنیان دەبێت و لە حاڵەتی پێویست، دەمودەست کۆبوونەوە پێکدێنن. بەروارو شوێنی هەر کۆبوونەوەیەک، بە رەزامەندیی هەردوولا، بەلایکەم مانگێک بەرلە بەستنی کۆبوونەوە، دیار دەکرێت.
ث- کاربەدەستانی سەرسنوور، بۆ دیارکردنی جەزای رووداوو ناکۆکییەکانی باسکراو لەم رێککەوتنەش، دەسەڵاتیان هەیە.
ج- کاربەدەستانی کاروباری سنووری باسکراو، مەحزەری کۆبوونەوە لە دوو نوسخە، بە زمانەکانی فارسی و تورکی دەنووسن و ئیمزای دەکەن و ئەو هۆیانەی کە بوونەتە ئەگەری کۆبوونەوەو هەروەها بڕیارە پەسەندکراوەکانی کۆبوونەوە، لە مەحزەرەکان تۆمار دەکرێت. مەحزەرە باسکراوەکان، لە نێوانیان ئالوگۆڕ دەکرێت و راسپێردراوی پێشتر دەیداتە ئەوەی جێی دەگرێتەوە.
چ - کۆبوونەوەکان، بەنۆبەت لە خاکی یەکێک لە هەردوولای رێککەوتوو دەبەسترێن.

ماددەی ٦- لە ماوەی پازدە رۆژ دووای جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامەیە، هەردوولای رێککەوتوو، لیستی ناوی کاربەدەستانی کاروباری سەرسنوورو بارەگای هەمیشەییان، سنووری چالاکییان، شوێنەکانی دیدارو دەروازەکانی سەرسنوورو ئەو شوێنانەی کە تەسلیم کردنی کەسان و گەڕاندنەوەی کەلوپەل و گۆڕینەوەی هەموو جۆرە نامەیەکی پۆستی تێیدا ئەنجام دەدرێت، لە رێگەی سیاسی بە یەکتری رادەگەیێنن. خاڵەکانی تێپەڕین لە سنوور لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەرسنوور، بە رەزامەندیی هەردوولا دەستنیشان دەکرێت. هەردوولای رێککەوتوو دەتوانن لەماوەی جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامەیە، بە

ڕەزامەندیی یەکترو لە ڕێگەی سیاسی، نووسراوەکانی لیستەکانی باسکراو لە سەرەوەو هەروەها خاڵەکانی تێپەڕین لە سنوور بگۆڕن.

ماددەی ٧- بۆ ئاسانکاری لە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەو دابینکردنی پاراستنی پێوەندییەکانی دراوسێیەتیی باش، لە سنوورەکانی هاوبەش، هەردوولای ڕێککەوتوو، ڕەزامەندییان دەربڕی کە کۆمیسیۆنی باڵای سەرسنوور، کە خوەدی ئەندامی یەکسان لە هەردوولا بێت، پێک بێنن. کۆمیسیۆنی باسکراو، کە کۆبوونەوەکانی بە نۆبەت، لە خاکی یەکێک لە هەردوولا دەبەسترێت، هەوڵدەدات هەموو ڕووداوو ناکۆکییەکان، کە بەهۆی کاربەدەستانی کاروباری پێوەندیداری سنووری باسکراو لە ماددەی ٤ چارەسەر نەکراون، یەکلا بکاتەوە. کۆمیسیۆنی باسکراو، هەر تەگبیرێک کە بەباشی بزانێت، بۆ دابینکردنی ڕێکخستن و ئاسایشی سەرسنووری نێوان دوو وڵات، بە باشترین هەلومەرجی مومکین، ڕێکدەخات و بۆ ئەرێکردن، بە دەوڵەتەکانی پێوەندیدار پێشنیار دەکات. دامەزراندنی کۆمیسیۆنی باڵای سەرسنوورو دیارکردنی شوێن و بەروارەکەی، بە ڕەزامەندیی هەردوولا، لە ڕێگەی سیاسی ئەنجام دەدرێت.

یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیسیۆنی باڵای سەرسنوور بەلایزۆر، تا شەش مانگ دووای جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبەسترێت.

ماددەی ٨- کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری هەردوولا، مافی دەربازبوون لە سنووریان هەیە، بۆ ڕۆییشتن بۆ شوێنی دیدار، بە مەبەستی یەکلاکردنەوەی ڕووداوەکان و ناکۆکییەکان و هەروەها بۆ لێپێچینەوە لەو کاروبارانەی، کە پێوەندیی بە ئەرکەکانیانەوە هەیە.

نڤیسکار* و راوێژکارو وەرگێرەکان و لە کاتی پێویست لێزانەکانیش⁻، دەتوانن لە کۆبوونەوەو دیدارەکانی کاربەدەستانی کاروباری سەرسنوور ئامادە بن.

دەربازبوون لە سنوور، بەپێی بەڵگەنامەکانی کەسیی ئەوان، کە لەلایەن کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو ڤیزا دەکرێت، ئەنجام دەدرێت. بەڵگەنامە باسکراوەکان، تەنیا بۆ تێپەڕین لە سنوور، بە مەبەستی بەشداری لە کۆبوونەوەی دیارکراو، چییدارەو لە حاڵەتی بەپەلە، کە پێویست بە کۆبوونەوەی نائاسایی دەکات، ئەویش لە ئەنجامی داواکاریی یەکێک لە هەردوولای رێککەوتوو، دەبێت پسوولەی تایبەت بە دەربازبوون لە سنوور، بە داواکارییەکە هاوپێچ بکرێت.

چ پێنەڤێت کە پسوولە باسکراوەکان، دەدرێتە پێگەی سەرسنووری لایەنەکەیتر، کە لەکاتی خۆی، لێی ئاگادار دەکرێتەوە.

ماددەی ٩- کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو، مافی ئەوەیان هەیە، کە بە جلوبەرگی فەرمی و ئەو چەکەی هەیانە، لە کۆبوونەوەو دیدارەکان ئامادەبن.

ماددەی ١٠- کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری هەریەک لە هەردوولای رێککەوتووی باسکراو لە ماددەی ٤، هەروەها راوێژکارو لێزانەکانی نووسراو لە ماددەی ٨، کاتێک کە بۆ جێبەجێکردنی رێوشوێنی ئەم رێککەوتننامەیە، لە خاکی لایەنەکەیتری رێککەوتوون، ناکرێت بخرێنە بەر پشکنینی کەسی و یا لەڕووی حقووقی دەستبەسەر

* - منشی

⁻ - لێزان = خبرە، خبیر

بکرێن، مەگەر لە حاڵەتێک، کە لە ئەنجامی تاوانێکی حقووقی گشتیی، لە ماوەی مانەوە لە خاکی لایەنی رێککەوتوویتر، فەرمانی پشکنین یا بەندکردن، لە لایەن کاربەدەستانی دادوەری، لەسەری دەرکرابێت.

ماددەی ١١- بۆ ئاسانکاری لە یەکلاکردنەوەی رووداوو ناکۆکییەکانی باسکراو لەم رێککەوتننامەیە، کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری هەردوولای رێککەوتوو، ئەگەر هاتو، پێکەوە بە پێویستی بزانن، دەتوانن بکەونە لێکۆڵینەوەی هاوبەش، لە ناوچەی سەرسنوور، لە سنوورێکی دوو کیلۆمەتری، لە هەردوولای هێڵی سنوور. ژێپرسیی* هاوبەش و پرسینەوەکانی تایبەت بە رووداو یا ناکۆکی، کە لە ناوچەی سەرسنووری باسکراو لە بەندی سەرەوە روویدابێت، بە ئامادەبوونی کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری لایەنەکەیتر، لە لایەن کاربەدەستانی خۆجێیی سەرسنوور، ئەنجام دەدرێت. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە، بەکورتی لە مەحزەرێک دەنووسرێت.

بە زیانلێکەوتووان و شاهیدەکان و هەروەها لێزانەکانی هەریەک لە هەردوولا، رەنگە تەنیا یەکجار، بەهۆی لایەنی رێککەوتوویتر روخسەت بدرێت، کە لە لێکۆڵینەوەکانی هاوبەش ئامادەبن. ئەو روخسەتنامانەی کە پێیان دەدرێت، لە لایەن کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری لایەنەکەیتر، ڤیزا دەکرێت. بەڵام لەکاتی دەربازبوون لە سنوور، نابێت هیچ چەکێکیان پێبێت. باسکراوان دەتوانن، بۆ پێداویستییەکانی تایبەتی خۆیان، خۆراک و تووتن، کە کێشیان بۆ هەرکەس ٥کیلۆگرام زیاتر نەبێت، لەگەڵ خۆیان ببەن. کەلوپەلی سەفەریان، بە بەخشین لە مافی

* - بازجویی

گومرگ و باجەکانیتر، لە سنوور تێدەپەڕێت، بەڵام پشکنینی گومرگی دەیانگرێتەوە.

ماددەی ١٢- هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو، بەو کەسانەی کە بۆ جێبەجێکردنی رێوشوێنی ئەم رێککەوتننامەیە، دەچنە ناو خاکی ئەو، یارمەتی پێویست، بەتایبەت لە بەشی تایبەت بە ئامێری گواستنەوەو خانوو و ئامێری پێوەندی لەگەڵ کاربەدەستانی وڵاتی خۆی، پێشکەش دەکات.

ماددەی ١٣- کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو، دەبێت تەگبیری پێویست، بۆ پێشگیری لە ئامادەکاری، بۆ کرداری وەکوو پوور* و دزی و قاچاخ و رێگری بگرنەبەر، کە بۆ ئەنجامدان لە خاکی لایەنەکەیتر، لەلایەن یەک یا چەند کەسی چەکدار یا بێچەک، کاری بۆ بکرێت و کاربەدەستەکانی کاروباری سنووری لایەنەکەیتری لێ ئاگادار بکەنەوە.

ماددەی ١٤- کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو، راو لە سنوورێکی دوو کیلۆمەتری لە هەردوولای سنوورو هەروەها تەقەکردن لەولای ناوچەی باسکراو، بەرەو خاکی لایەنەکەیتر، قەدەغە دەکەن، بەدەر لە راوی گیانلەبەرانی درندە، کە لە ناوچەی دوو کیلۆمەتریی باسکراو ئازاد دەبێت، بەو مەرجەی کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری لایەنەکەیتر، لە کاتی خۆی، لێ ئاگادار کرابنەوە. لە حاڵەتی سەرپێچی، راسپێردراوانی دەسەڵاتداری سنووری هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو، مەحزەرێک

---

* - چپاول

ڕێکدەخات و بابەتەکەو چلۆنایەتی ڕوودانەکە، باس دەکات و بەرنووسێکی بۆ کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری لایەنەکەیتر، دەنێرێت. ڕاسپێردراوانی باسکراو هەروەها، ئەنجامی بابەتەکەش، بە کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری باسکراو لە سەرەوە، ڕادەگەیێنن.

ماددەی ١٥- هەردوولای ڕێککەوتوو، قبووڵ دەکەن، کە ئەو کەسانەی کە ناسراون بە ئەنجامدان یا بە دنەدانی کردارەکانی باسکراو لە خاڵەکانی ث.ج.ح.خ.د.ر.ز. لە ماددەی ٢، هەرکاتێک تاوانەکانیان بە تەواوی ئاشکرابوو، لە ناوچەی سەرسنوور، بۆ ناوخۆی وڵات بگوازنەوە.

ماددەی ١٦- هەرکاتێک جینایەتێک، لە ئاستی جینایەتەکانی هاتوو لە ڕێککەوتننامەی تەسلیم کردنەوەی تاوانکاران، کە لەنێوان هەردوولای ڕێککەوتوو بەستراوە، لە ناوچەی سەرسنووری یەکێک لە هەردوولا ڕوویداو ئەنجامدەر یا ئەنجامدەرانی پەنا ببەنە ناو خاکی دراوسێ، کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری وڵاتەکە، بەپێی داوای کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری لایەنەکەیتر، ڕێوشوێنی دەمودەست بۆ دەستبەسەرکردنی پارێزکارانەی ئەنجامدەران یا ئەنجامدەر، دەگرنەبەر.

هەرکاتێک خەتاکاران ڕاژێری ئەو دەوڵەتە بن، کە جینایەتەکە لەوێ ڕوویداوە، داوای گەڕاندنەوەی خەتاکاران، بەهۆی کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری دەوڵەتەکە، بە کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری وڵاتەکەیتر، ڕادەگەیێندرێت و گەڕاندنەوە، بەپێی ڕێساو ئەو ڕێوشوێنە دەبێت، کە کۆمیسیۆنی باڵای سەرسنوور، دیاری دەکات.

هەرکاتێک خەتاکاران راژێری ئەو دەوڵەتە بن، کە پەنایان بۆ بردووە، لەوێ بەدوواداچوونیان لەگەڵ دەکرێت و بەهۆی کاربەدەستانی دادوەریی خۆجێیی، دادگایی دەکرێن و ئەو بڕیارەی بەسەریاندا دەسەپێت، لە لایەن کاربەدەستانی کاروباری سەرسنوور، بە لایەنەکەیتر، رادەگەیێنرێت.
هەریەک، لە هەردوولای رێککەوتوو، بەڵێن دەدەن، کە رێوشوێنی رستەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە، دەرهەق بە سەربازانی لایەنەکەیتریش، جێبەجێ بکەن.
ماددەی ١٧- هەریەک، لە هەردوولای رێککەوتوو، لە ئەستۆ دەگرن، کە ئەو عەشیرەتانەی کە خاکی لایەنی رێککەوتوویتریان بەجێهێشتووەو هاتوونەتە ناوچەی سەرسنووری لایەنەکەیترو لەوێ نیشتەجێ بووینە، چەکیان بکات و لە ناوچەی باسکراو، بۆ ناو وڵات رەوانەیان بکات، تاکو ببێتە بەربەستێک، لە گەڕانەوەیان بۆ ناو ئەو خاکەی، کە بەجێیان هێشتووە. هەردوولای رێککەوتوو، رەزامەندن لەسەر ئەوەی، کە کۆچکردنی دانیشتووانی سەرسنوور، بۆ ناو خاکی یەکێکیان، لە لایەن هەردوولا دنە نەدرێت و قرمۆ* نەکرێن و هیچ کارئاسانییەک لەمبارەیەوە، بۆیان نەکرێت. لە حاڵەتی پێویست بە وەرگرتنی کۆچبەرەکان، دەمودەست ئەوانە لە ناوچەکانی سەرسنوور، بۆ ناو وڵات رەوانە دەکرێن.
ماددەی ١٨- کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو، تەگبیری سپێر** لە رێگەی دامەزراوەکانی

* - حريص
** - احتياط

دەسەڵاتداری وڵاتی خۆیان، بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی پەتای مرۆڤی و ئاژەڵی و گیایی، لەناو خاکی لایەنەکەیتر، بەپێی ڕێسای بەرقەرار لە وڵاتەکەیان و هەروەها بەپێی ڕێککەوتننامەکانی نێونەتەوەیی، کە تێیدا بەشدارن، دەگرنەبەر.

ماددەی ١٩- هەرکاتێک بسەلمێت، کە کەسێکی چەکدار یا بێچەک، بە هەڵە بۆناو ناوچەی دووکیلۆمەتری لە هەرلایەکی سنوور دەرباز بووە، کاربەدەستانی خۆجێیی سنوور، کرداری پێویست، بۆ تەسلیم کردنەوەی بە کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری پێوەندیداری لایەنەکەیتر، ئەنجام دەدەن.

ماددەی ٢٠- ئەو کەلوپەلەی کە دەکرێت بە بێگومان سەربە دەوڵەت دابندرێت، وەکوو چەک و کەلوپەلی سەربازی و ئەسپ و هتد، لە خاکی یەکێک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، بۆ خاکی لایەنەکەیتری ڕێککەوتوو، گواسترابێتەوە، دەمودەست دەگەڕێندرێتەوە.

ئاژەڵە کەوییەکان و مێگەلەکان و هەروەها ئەو شتومەکانەی، کە بەشێوەیەکی هلکەتی یا لە ئەنجامی کردارێکی وەکوو دزی و پوورپو کردەوەی نایاساییتر، لە خاکی یەکێک لە هەردوولای ڕێککەوتوو دەدۆزرێتەوە، دووای ناسینەوەیان لەلایەن کاربەدەستانی کاروباری سەرسنوور، هەروا کە هەیە، تەسلیمی کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری لایەنەکەیتر دەکرێتەوە، تا بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێندرێتەوە. لە کاتی گەڕاندنەوە، لە ئاژەڵ و کەلوپەلی باسکراو، هیچ باجێک وەرناگیرێت.

هەر داواکارییەکی گەڕاندنەوە، لە ماوەیەک کە بەلایزۆر لە مانگێک تێپەڕ نەکات، وڵام دەدرێتەوە. هەرکاتێک چلۆنایەتی* وابخوازێت، ماوەی باسکراو، مانگێکیتر درێژ دەکرێتەوە.

هەرکاتێک مومکین نەبێت، کە هەموو یا بەشێک لە کەلوپەلی باسکراو، وەکوو خۆی بگەڕێندرێتەوە، خاوەنەکانیان دەتوانن، لە نزیکترین کاربەدەستانی دادوەریی لایەنەکەیتر، داوای قەرەبوو بکەن. لەم حاڵەتانەو هەروەها لەو حاڵەتانەی کە دانیشتووانی ناوچەی سەرسنووری یەکێک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، بخوازن بۆ کێشەو ناکۆکییەکانی بچووکی تایبەتی، کە لەنێوان ئەوان و دانیشتووانی ناوچەی سەرسنووری لایەنەکەیتر دێتەپێش، پەنا بۆ کاربەدەستانی دادوەریی ئەو لایەنە ببەن. کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری هەردوولا، مافی ئەوەیان هەیە، بە هاووڵاتیانی خۆیان بەڵگەنامە بۆ یەکجار، کە ماوەی کارپێکردنی پێنج ڕۆژ بێت، بدەن. لە بەڵگەنامەی باسکراو، روون دەکرێتەوە کە هەڵگرەکەی، لەکام پێگەی سنووری و بۆلای کێ دەڕوات. بەڵگەنامەی باسکراو، لەلایەن کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری لایەنەکەیتر، ڤیزا دەکرێت.

هەرکاتێک، ئەو کەسانەی کە وەبەر دزی و پووڕ کەوتوون، لەبەر هۆکاری بەجێ، خۆیان نەتوانن بۆ ئەوێ بچن، نوێنەریان لە جیاتی ئەوان، لە خاکی لایەنەکەیتر، قبووڵ دەکرێت.

* - کیفیات

ئەوکەسانەی، کە وەبەر دزی و پوورِ کەوتوون و شاهیدو لێزانەکان، دەتوانن بەپێی مەرجەکانی باسکراو لە خاڵی ٣ی ماددەی ١١، بۆناو خاکی لایەنەکەیتر بچن.

ماددەی ٢١- چ پێنەڤێت، کە لە حاڵەتی بوونی ئەگەری پەتای ئاژەڵ، گەڕاندنەوەی ئاژەڵەکان، کە لە خاڵەکانی سەرەوە پێشبینی کراوە، لەژێر ڕێوشوێنی کۆنترۆلکردنی دەزگاکانی تەندروستیی تایبەت بە ئاژەڵەکان، کە لە هەردوو وڵات بەرقەرارە، ئەنجام دەدرێت.

ماددەی ٢٢- سەبارەت بە پرسی زیانەکان، بەهۆی ڕووداو یا ناکۆکیی باسکراو لە خاڵەکانی ح و خ لە ماددەی ٢ی ئەم ڕێککەوتننامەیە، کە پێویستی بە هیچجۆرە دەستێوەردانێک لەلایەن کاربەدەستانی دادوەری نەبێت، کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری هەردوولای ڕێککەوتوو، بە لێپێچینەوەو مەزەندەی زیانەکان و هەروەها دیارکردنی ئەو کەسانەی کە زیانیان پێ گەییوەو لایەنە دژەکەیان، بەسەندە دەکەن و تەواوی ئەو کارانە، لە مەحزەرێک کە لەلایەن ئەوانەوە ئامادە دەکرێت، دەنووسرێت و بە دەوڵەتەکانیان ڕادەگەیێندرێت، تاکوو لە ڕێگەی سیاسی، چارەسەرو یەکلا بکرێنەوە.

ماددەی ٢٣- هەرکاتێک، یەکێک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، لە کاتی ئۆپەڕاسیۆنی سپا، کە لە ناوچەی سەرسنووری ئەو، لە دژی تاخم و کەسانی ئاژاوەگێڕ ئەنجام دەدرێت، داخستنی بەشێکی سنوور داوا بکات، شێوەی داخستنی لە مەحزەرێک، کە لەلایەن کاربەدەستانی پێوەندیداری سەربازیی هەردوولای ڕێککەوتوو ئیمزا دەکرێت، دیار دەکرێت.

هەرکاتێک، ئەو لایەنەی کە تاخمەکانی باسکراو لەسەرەوە شوێنگری*دەکات، لەو کاتەدا داوا لە لایەنەکەیتری رێککەوتوو بکات، کە هەندێک رێوشوێن لە دژی تاخم و کەسانی باسکراو بگرێتەبەر، لایەنی باسکراو، دەمودەست ئەوەی کە بەپێویست دەزانێت، بۆ دیارکردن و جێبەجێکردنی رێوشوێنی باسکراو، تا کۆتایی ئۆپەڕاسیۆنی ناوبراو، ئەنجام دەدات.

ماددەی ٢٤- هەرکاتێک تاخم و کەسانی ئاژاوەگێڕ، لەگەڵ هەموو ئەو رێوشوێنانەی لە دژیان گیراوەتەبەر، توانییان لە سنوور تێپەڕبن، ئەو لایەنەی کە شوێنگرییان دەکات، دەمودەست لایەنەکەیتری رێککەوتوو ئاگادار دەکاتەوەو لەگەڵ ئەوەش، دەوسی** هەڵاتووەکان ئەگەر هەبێت، دەستنیشان دەکات. مەحزەرێک بە ئیمزای هەردوولا لەسەر دەوسی هەڵاتووەکان رێکدەخرێت. ئەو لایەنەی کە بەمشێوەیە ئاگادار دەکرێتەوە، لەسەریەتی کە تاخم و کەسانی ناوبراو، لەناو خاکی خۆی شوێنگری بکات و کۆتایی بە کردارەکانیان بێنێت و بەردەوام لایەنیتر لە چۆنیەتی کارەکان ئاگادار بکاتەوە.

ماددەی ٢٥- هەرکە ئۆپەڕاسیۆنی باسکراو لە ماددەی ٢٣ بەکۆتا هات، مەحزەرێک بە زمانی فارسی و تورکی، بە رەزامەندیی هەردوولا، رێکدەخرێت و شێوازی مشۆرەت و جێبەجێکردنی ئەو رێوشوێنانەی، کە لەمبارەیەوە هەردوولای رێککەوتوو، بڕیاریان لەسەر داوە، دیار دەکرێت. لە حاڵەتی ناکۆکی، هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو،

* - تعقیب

** - رد

دەتوانێت لە خوارەوەی مەحزەرەکە، بیروڕای خۆی لەمبارەیەوە، بە زمانی خۆی بنووسێت.

ماددەی ٢٦- فڕندە ئاسمانییەکانی* هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، کە پێشتر روخسەتی فڕین لەسەر خاکی لایەنەکەیتریان پێ درابێت، لەسەریانە لەسەر سنوور، بەپێی ئەو مەرجانەی کە کۆمیسیۆنی باڵای سنوور، باسکراو لە ماددەی ٧، دیار دەکات، بفڕن.

ماددەی ٢٧-.هەرکاتێک، فڕندەی ئاسمانیی یەکێک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، لەکاتی فڕین لە دەڤەری تەنیشتی ناوچەی سەرسنووری لایەنیتر، بەهۆی رووداوێکی وەکوو کارنەکردنی مەکینەو بوونی مژو باهۆزی توندو شتیتر، ناچار بێت لەسەر خاکی لایەنیتری ڕێککەوتوو بنیشێتەوە، ئەم نیشتنەوەیە، دەبێت لە رووبەرێکی هاوتەریبی دەکیلۆمەتریی بەری هەر لایەنێکی سنوور ئەنجام بدرێت. ئەو فڕەندە ئاسمانییانەی کە بەمشێوەیە دەنیشنەوە، دەپشکێندرێن و کارمەندەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. دووای تەواوبوونی ڕێورەسمی باسکراو، روخسەتیان پێ دەدرێت کە دەمودەست و بەبێ ڕێورەسمێکیتر هەڵفڕن. هەر ئەم ڕێوشوێنە، بۆ خۆ فڕێدان لە فڕۆکەکان، بەهۆی پەڕەشووتی قوتاربوون، کە لە هەلومەرجی باسکراوی سەرەوە ئەنجام بدرێت، پێڕەوی دەکرێت.

ماددەی ٢٨- ئەو بڕیارانەی کە پێکەوەو بەپێی ڕێوشوێنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لەلایەن کاربەدەستانی کاروباری سەرسنوورو هەروەها

---

* - لە دەقی فارسی نووسراو(سفاین هوایی)کە کوردییەکەی دەبێتە کەشتییەکانی ئاسمانی، بەڵام من فڕندە ئاسمانییەکانم نووسی چونکە دەستەواژە فارسییەکە باڵۆنیش دەگرێتەوە.

لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەرسنوور وەردەگیرێن، قەبڕی[*] و یەکلاکەرەوە دەبن.
ماددەی ٢٩- ئەم رێککەوتننامەیە ئەرێ[-] دەکرێت و بەهۆی یادداشتێک، بە لایەنی رێککەوتوو رادەگەیێندرێت.
رێککەوتننامەی باسکراو، پازدەرۆژ دووای تەسلیم کردنی دووایین یادداشت، دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوەو بۆ ماوەی پێنج ساڵ، چێیدار دەبێت. دووای کۆتاییهاتنی ماوەی دیارکراو، رێککەوتننامە، تا کاتێک کە یەکێک لە هەردوولا هەڵی نەوەشێنێتەوە، بە چێیداری خۆی، دەمێنێتەوەو هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەکە، تەنیا شەش مانگ دووای بەرواری راگەیاندنی، کاریگەر دەبێت.
گۆڕینەوەی بەڵگەنامەکانی ئەرێکراو، لە زووترین کاتی مومکین، لە ئانکارا ئەنجام دەدرێت.
بەمپێیە، دەسەڵاتپێدراوانی هەردوولا، ئەم رێککەوتننامەیان ئیمزا کرد.
لە دوو نوسخە بە زمانی فەرەنسی، لە تاران نووسرا. ١٤ی ئاداری ١٩٣٧

## پرۆتۆکۆڵ

لە کاتی ئیمزاکردنی رێککەوتننامەی تایبەت بە ئاسایشی ناوچەی سەرسنوورو چارەسەرکردنی ئەو رووداوو ناکۆکییانەی کە لە ناوچەی ناوبراو سەریان هەڵدەدا، لە نێوان دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران و دەوڵەتی کۆماری تورکیا، نوێنەرانی دەسەڵاتپێدراوی هەردوولا، بە

[*] - قطعی
[-] - تصویب

پێویستیان زانی روونی بکەنەوە، کە دەسەڵات و ئەرکەکانی کاربەدەستانی کاروباری سەرسنووری هەردوو دەوڵەتی ناوبراو لەم رێککەوتننامەیە، لە هیچ کاتێک، ناگاتە هێڵی سنوور و هەروەها ناگاتە سنووری زەوی و رێژگەی ئاوەکان.

ئەم پرۆتۆکۆلە، بەشێکی جیانەکراوەی رێککەوتننامەی ناوبراوە، کە لە بەرواری ئەمڕۆ، ئیمزا کراوەو لەگەڵ ئەم رێککەوتننامەیە، دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

**تاران ١٤ی ئاداری ١٩٣٧**

# پەیمانی تەسلیم کردنەوە، لەنێوان ئێران و تورکیا

بەڵێننامەی تەسلیم کردنەوەی خەتاکاران و هاوکاریی
دادوەری لە کاروباری سزایی، لەنێوان دەوڵەتی
شاهەنشاهی ئێران و دەوڵەتی کۆماری تورکیا.

لەبەر ئەوەی خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران لە لایەک و سەرۆک کۆماری تورکیا لە لایەکیتر، گەییشتنە ئەو قەناعەتە، کە لە هەندێک بابەتی دیارکراو، ئەو کەسانەی کە بەهۆی کەتن و جینایەتەکانی باسکراوی خوارەوە، مەحکووم یا خوازراون، بۆ یەکتر بگەڕێننەوە، هاتنە سەر ئەو بڕیارە، کە بەڵێننامەیەکی تەسلیم کردنەوەی خەتاکاران و هاوکاریی دادوەری، لە کاروباری سزایی گرێ بدەن و بۆ ئەم مەبەستەش، نوێنەرانی دەسەڵاتپێدراوی خۆیان، بەشێوەی خوارەوە دەستنیشان کرد:
خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران – بەڕێز عینایەتوڵڵا سەمیعی، وەزیری کاروباری دەرەوەو بەڕێز دکتۆر ئەحمەدی مەتیندەفتەری، وەزیری داد.
شکۆدار سەرۆک کۆماری تورکیا – بەڕێز جەمال حەسەنووتارای، وەزیری پێشوو. نوێنەری پەرلەمانی گەورەی تورکیاو نوێنەری

پێشووی هەمیشەیی تورکیا لە کۆمەڵەی گەلان و بەڕێز کەمال کێپروولوو، وەزیر موختار.
نوێنەرانی ناوبراو، دووای گۆڕینەوەی دەسەڵاتنامەکانیان، کە بە تەواوی راست و چێیدار بوون، دەرهەق بە رێوشوێنی خوارەوە، گەییشتنە هاودەنگی:
فەسڵی یەکەم – تەسلیم کردنەوەی خەتاکاران:
ماددەی ١- هەردوولای رێککەوتوو لە ئەستۆ دەگرن، کە بەپێی رێوشوێنی ئەم بەڵێننامەیە، بەپێی داواکاری، هەموو ئەو کەسانە جگە لە هاوولاتییانی خۆیان، کە لە لایەن کاربەدەستانی دادوەریی یەکێک لە هەردوولا، وەکوو ئەنجامدەر یا کەسی دووەمی تاوان، خوازراون یا مەحکووم کراون و لەناو خاکی لایەنیتر دەدۆزرێنەوە، تەسلیمی یەکتر بکەنەوە.
ماددەی ٢- تەسلیم کردنەوە، لە حاڵەتەکانی خوارەوە قبووڵ دەکرێت:
أ- کاتێک کە بابەتەکە لەکۆتاییدا بێت، بەو مەرجەی بەپێی یاسای هەردوو وڵات، تاوان ببێتە هۆی سزایەک، کە بەلایزۆر کەمتر لە ساڵێک بەندکردن نەبێت.
ب- کاتێک کە بابەتەکە، سەبارەت بە کەسێک بێت، کە قەبڕ* مەحکووم بووە، بەو مەرجەی مەحکوومبوونەکە، بەهۆی تاوانێک بێت، کە بەپێی یاسای هەردوو وڵات، پێویستی بە سزایەک بێت، کە بەلایزۆرەوە کەمتر لە یەکساڵ بەندکردن نەبێت و بڕیارە دەرچووەکەش، بەلایکەم، بۆ شەش مانگ بەندکردن بووبێت.

---

* - قطعا

ماددەی ٣- لە حاڵەتەکانی خوارەوە تەسلیم کردن قبووڵ ناکرێت:
أ- ئەگەر ئەو تاوانەی کە بووەتە هۆی داواکردنی تەسلیم کردنەوە، تاوانێکی سیاسی بێت، یا کردارێک بێت، کە پێوەندیی بە تاوانێکی سیاسی هەبێت.
لەگەڵ ئەوەشدا تاوانەکانی خوارەوە بە* تاوانی سیاسی دەژمێردرێن و نە کرداری پێوەندیدار بە تاوانی سیاسی:
١- هەر تاوانێک، کە لە دژی خودی سەرۆکی وڵات، یا لە دژی یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی، ئەنجام درابێت، یا دەست کرابێت بە جێبەجێکردنی، یا بە کەسی دووەمی تاوانێکی وا بژمێردرێت.
٢- کوشتنی خودی سەرۆکی حکوومەت، یا دەستکردن بە جێبەجێکردنی، یا کەسی دووەمی کوشتنی وا.
ب- ئەگەر ئەو تاوانەی کە دەبێتە هۆی داواکاری بۆ تەسلیم کردن، تەنیا تاوانێکی سەربازی بێت و سزادانی بۆ تەبێت، مەگەر بەپێی یاساکانی سپا.
چ پێنەڤێت، کە لە بابەتەکانی باسکراوی سەرەوە، مافی وەرگرتنی بڕیاری دەرهەق بە دیارکردنی جۆری تاوان، تەنیا تایبەتە بە کاربەدەستانی وڵاتێک، کە داوای تەسلیم کردنەوەی لێ دەکرێت.
ج – هەرکاتێک، تاوان لە خاکی وڵاتێک ئەنجام درابێت، کە داوای تەسلیم کردنەوەی لێ دەکرێت و ئەگەر لە دەرەوەش ئەنجام درابێت، لێپێچینەوەی، لە دەسەڵاتی دادگاکانی وڵاتی باسکراو دەبێت.

* - لە دەقەکە وا نووسراوە، منیش دەقیکی ترم لەبەر دەست نەبوو. بەڵام پێموایە کە دەبێت لە جیاتی (بە)، (نە) بنووسرێت.

د- هەرکاتێک، بەپێی یاسای یەکێک لە هەردوولا، دەرهەق بە شوێنگریی تاوانبار، یا دەرهەق بە جێبەجێکردنی سزا، بەسەرچوونی کات روویدابێت، یا لەبەر هۆکاری تری دادوەری، بەدوواداچوونی بابەتەکە کارێکی شیاوی قبوولْ نەبێت، وەکوو بەجێ نەبوونی سکاڵای تایبەتی.

هـ – هەرکاتێک، کەسێک کە داوای تەسلیم کردنەوەی ئەو دەکرێت، لە وڵاتی سێیەم بەهۆی کردارێک، کە لەسەری داوای تەسلیم کردنەوەی دەکرێت، پاکانە یا مەحکووم کرابێت و لە حاڵەتی مەحکوومبوون، سزایەکەی جێبەجێ کرابێت، یا چاوپۆشی لە جێبەجێ کردنی کرابێت.

ماددەی ٤- کەسێک، کە تەسلیم کردنەوەی قبوولْ کراوە، ناکرێت بەهۆی تاوانێک، کە بەرلە تەسلیم کردنەوە ئەنجامی داوەو داوای نەکراوە، شوێنگری یا مەحکووم بکرێت، مەگەر وڵاتێک کە تەسلیم کردنەوەی قبوولْ کردووە، بە لەبەرچاو گرتنی بەڵگەنامە پۆزەتیڤەکانی ناوبراو لە ماددەی ٩، رەزامەندی خۆی دەرببڕێت.

هەرکاتێک، کەسێک کە تەسلیم کراوە، لە ماوەی سی رۆژ لە رێکەوتی ئازادیی ڤەبڕ، لە مافی خۆی بۆ دەرچوون لە خاکی وڵاتێک، کە خۆی تەسلیم کردبوو، سوود وەرنەگرێت، یا دووای دەرچوون لە خاکی وڵاتی ناوبراو بگەڕێتەوە، ئیتر ئەو بەدەرکردنەی لەسەرەوە باسکراوە، ئەو ناگرێتەوە.

ماددەی ٥- هەرکاتێک، تاوانبار لە خاکی ئەو وڵاتەی کە داوای تەسلیم کردنەوەی لێ کراوە، شوێنگری یا مەحکووم بووەو بەهۆی تاوانێکیتر تەسلیم کردنەوەی داوا بکرێت، تەسلیم کردنەوە، کاتێک جێبەجێ دەکرێت، کە شوێنگری تەواو بووبێت و لەحاڵەتی مەحکوومبوون، سزاکە جێبەجێ کرابێت، یا بەهۆی تێپەڕینی کات، یا بەخشین یا بەخشینی

گشتی، لەسەری لاچووبێت. لەگەڵ ئەوەش، دەبێت دەرهەق بە داواکاریی تەسلیم کردنەوە، دەمودەست بڕیار وەربگیرێت.

ماددەی ٦- کاتێک، کە تەسلیم کردنەوەی کەسێک، هەم لەلایەن یەکێک لە ڕێککەوتووان و هەم لەلایەن دەوڵەتی سێیەم داوا بکرێت، داواکاریی دەوڵەتێک وەپێش دەخرێت، کە تاوانەکە لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەو ئەنجام درابێت، یا داواکاریی ئەو دەوڵەتەی، کە تاوان لەناو خاکی ئەو ڕوویدابێت.

ئەم ڕێوشوێنە، کار ناکاتە سەر ئەو بەڵێنانەی، کە یەکێک لە هەردوولا، پێشتر لە هەمبەر دەوڵەتانیتر داویانە.

ماددەی ٧- خەرجییەکانی دروستبوو بەهۆی تەسلیم کردنەوەو هەروەها خەرجییەکانی ناردنی کەسی داواکراو تا سەرسنوور، لەسەر دەوڵەتی داواکارە.

ماددەی ٨- هەموو کەلوپەل و کاغەزو پارەو شتیتر، کە لەژێر دەسەڵات یا لەژێر پارێزکاریی کەسی داوا کراوە، یا لەلایەن ئەوەوە شێردراوەتەوە، یا لەژێر پارێزگاریەتیی یەکێکیتر داندراوە، بەبێ داواکاری دەستی بەسەردا دەگیرێت.

هەرکاتێک ئەم کەلوپەلانە، لە لێکۆڵینەوەکانی سزایی*، بتوانێت هۆکار یا بەڵگەی ئاشکرابوون بێت، دەبێت تا دەکرێت لەگەڵ کەسی داواکراو تەسلیمی ئەو لایەنە بکرێت، کە داوای تەسلیم کردنەوەی کردووە. مەگەر کاربەدەستانی دەسەڵاتدار، بەربەستێکی بۆ ببینن و ئەگەر کەسانی سێیەم، لەسەر ئەو کەلوپەلانە قەگۆتی- مافیان هەبێت، کەلوپەلی

* - جزایی
- - ادعاء= قەگۆت

باسکراو، دەبێت بەپێی داواکاریی ئەو دەوڵەتەی، کە داوای تەسلیم کردنەوەی لێ کرابوو و دووای ئەوەی کە ئیتر وەکوو بەڵگەی تاوان پێویست نەبوو، تەسلیمی دەوڵەتی ناوبراو دەکرێت، بۆ گەیاندنی بە مافدارەکان.

هەروەها کەلوپەلی باسکراو، دەبێت لەگەڵ پاراستنی مافی کەسانی سێیەم، لە حاڵەتێک تەسلیمی لایەنی داواکار بکرێت، کە بەڵگەی تاوان نەبێت، بەڵام پێوەندیی بە تاوانەوە هەبێت.

تەسلیم کردنەوەی کەلوپەل، بەپێی هەمان ئەو مەرجانە ئەنجام دەدرێت، ئەگەر تەسلیم کردنەوەش، بەهۆی مردن یا هەڵاتنی کەسی داواکراو، نەکرێت ئەنجام بدرێت.

ماددەی ٩- داواکاریی تەسلیم کردنەوە، لە کەناڵی سیاسی جێبەجێ دەکرێت و دەبێت بەڵگەنامەکانی خوارەوەی پێوە بلکێت:

أ- حوکمی مەحکوومبوون، یا بڕیاری حەوالەکاری بۆ دادگای سزا، یا بڕیاری گرتن، یا بەڵگەنامەیەک، کە هەمبەری بەڵگەنامەکانی سەرەوە بێت.

ب- خستنەڕووی جۆری تاوان و بەروارەکەی.

ج – بەرنووسی دەقی ئەو یاسایەی، کە لە وڵاتی داواکار، تاوانەکە دەگرێتەوە.

هـ – هەرجۆرە بەڵگەنامەو زانیاری، کە بۆ دیارکردنی شوناسی کەسی داواکراو پێویستە، لەوانەش هێماو بەوناس* و وێنە ئەگەر هەبێت و شوێنی پەنجەی ئەو.

---

* - مشخصات

بەڵگەکانی ناوبراو، بە ڕێگەیەک کە یاسای دەوڵەتی داواکار دیار دەکات، ڕێکدەخرێت. دەبێت وەرگێڕاوی ئەو بەڵگانە، بە زمانی ئەو وڵاتەی، کە داوای تەسلیم کردنەوەی لێ کراوە، یا بە زمانی فەرەنسی، هاوپێچی بەڵگە باسکراوەکان بکرێن و دەبێت نوێنەری سیاسیی وڵاتانی داواکار، یا کەسێکی وەرگێڕی فەرمیی وڵاتی ناوبراو، یا ئەو دەوڵەتەی کە داوای لێ کراوە، پشتڕاستیان بکاتەوە.

تەسلیم کردنەوە، بەپێی یاساو ڕێسای وڵاتێک جێبەجێ دەکرێت، کە داوای لێ کراوە.

کەسی داواکراو، دەکرێت بەکاتی و بەرلەوەی داوای تەسلیم کردنەوەی کرابێت، بگیرێت، بەو مەرجەی کە دەوڵەتی داواکار، بە ئاگاداربوون لە بوونی یەکێک لە بەڵگەکانی باسکراو لە خاڵی أی ئەم ماددەیە، داوای گرتنی بکات و تاوانەکەشی بە ڕاشکاوی دیار بکات و دەرهەق بە ناردنی داواکاریی تەسلیم کردنەوەش، دڵنیایی بدات. گرتن، دەمودەست بە دەوڵەتی داواکار، ڕادەگەیێندرێت.

هەرکاتێک، داواکاریی تەسلیم کردنەوە، لەگەڵ بەڵگەکانی پۆزەتیڤی سەرەوە، لەماوەی دوو مانگ لە ڕێکەوتی گرتن، ئەنجام نەدرێت، کەسی گیراو، ئازاد دەکرێت.

ماددەی ١٠- هەرکاتێک، لە ڕوانگەی ئەو دەوڵەتەی، کە داوای تەسلیم کردنەوەی لێ کراوە، داواکارییەکە، لەگەڵ ڕێوشوێنی ماددەی نۆیەمی ئەم بەڵێننامەیە، گونجاو نەبێت، دەوڵەتی ناوبراو دەتوانێت لە دەوڵەتی داواکار بخوازێت، کە زانیارییەکان خشت* بکات.

---

* - تکمیل

فەسڵی دووەم

هاوکاریی دوولایەنەی کاربەدەستانی دادوەری لە کاروباری سزا:

ماددەی ١١- هەردوولای ڕێککەوتوو لە ئەستۆ دەگرن، کە وێڕای حاڵەتەکانی تەسلیم کردنەوە، لە هەر بابەتێکی سزایی کە لەلای کاربەدەستانی دادوەریی یەکێکیان لە ئارادا بێت، لە حاڵەتی داواکردن، دوولایەنە هاوکاریی یەکتر بکەن.

ماددەی ١٢- ئاڵوگۆڕی نووسراو، لەلایەن کاربەدەستانی دادوەریی هەردوولای ڕێککەوتوو، دەرهەق بە هەر بابەتێک، کە دەربارەی ڕاگەیاندنی پەڕگەل* یا ناردنی بەڵگەنامەی (جیداری-)ی دادوەری لە کاروباری سزایی بێت، لە کەناڵی سیاسی، جێبەجێ دەکرێت.

ماددەی ١٣- وەرگێڕانی ئەو پەڕگەلانەی، کە دەبێت ڕابگەیێندرێن و هەروەها وەرگێڕانی بەڵگەنامەی جیداریی دادوەری، بە زمانی وڵاتێک، کە داوای لێ دەکرێت، یا بە زمانی فەڕەنسی، دەبێت هاوپێچی پەڕگەل و بەڵگەنامە باسکراوەکان بێت. ئەم وەرگێڕانە، دەبێت لەلایەن نوێنەری سیاسیی وڵاتی داواکار، یا کەسێکی وەرگێری فەرمیی وڵاتی ناوبراو، یا ئەو وڵاتەی کە داوای لێ دەکرێت، پشتڕاست بکرێتەوە.

ماددەی ١٤- ئەنجامی ڕاگەیاندن و گازیکاری و جێبەجێکردنی جیداریی دادوەری، دەبێت بەپێی یاسای وڵاتێک ئەنجام بدرێت، کە داوای لێ کراوە.

دەوڵەتی ناوبراو، بەڵگەنامەکانی پێشاندەری ئەنجامی ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی جیداریی دادوەری، یا ئەو بەڵگەنامانەی، کە دەربڕی

* - اوراق

- نیابت

هۆیەکانی پێنەهەستانە، لە کەناڵی سیاسی، بۆ دەوڵەتی داواکار رەوانە دەکات.

ماددەی ١٥- جێبەجێ کردنی پێراگەیاندنێک، یا جیدارییەکی دادوەری، رەت ناکرێتەوە، مەگەر لە حاڵەتەکانی خوارەوە:

١- هەرکاتێک، فەرمیبوونی بەڵگە، دیار نەبێت.

٢- هەرکاتێک، لە وڵاتێک کە داوای لێ کراوە، جێبەجێ کردنی پێراگەیاندن، یا جیداریی دادوەری، لەناو دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتی دادوەری نەبێت.

٣- هەرکاتێک، دەوڵەتێک کە جێبەجێ کرنەکە، دەبێت لەناو خاکی ئەودا ئەنجام بدرێت، ئەمکارە بە ناکۆک لەگەڵ رێکخستنی گشتی، یا ناکۆک لەگەڵ مافی گشتیی ناوخۆی خۆی، ببینێت.

٤- هەرکاتێک، بابەتەکە دەربارەی شوێنگریی راژێری وڵاتێک بێت، کە داوای لێ کراوەو کەسەکە، لەناو خاکی دەوڵەتی داواکار نەبێت.

٥- ئەگەر ئەو تاوانەی، کە بووەتە هۆی شوێنگری، لە وڵاتێک کە داوای لێ کراوە، شیاوی سزا نەبێت، یا تاوانەکە لە چەشنی تاوانی سیاسی، یا تایبەت بە سپا بێت، یا تاوانێک بێت، کە داوای تەسلیم کردنەوە لەسەری قبووڵ ناکرێت.

٦- ئەگەر ئەو حوکمەی مەحکوومبوون، کە دەبێت پێ رابگەیێندرێت، لە دژی راژێری دەوڵەتێک دەرکرابێت، کە داوای پێراگەیاندنی لێ دەکرێت.

٧- هەرکاتێک، ئەو گازینامەیەی کە دەبێت پێرابگەیێندرێت، تۆمەتبارەکە لە حاڵەتی ئامادە نەبوون، هەرەشەی بڕیاری گرتن، یا دەستبەسەر کردنی لێ بکات، یا گازینامەکە بە شاهیدێک یا لێزانێک ئەنجامی یاساییی

ئامادە نەبوونەکە، دەستنیشانکردنی سزایەک، یا بەسەردا سەپاندنی خەرجییەک، یا دەرکردنی بڕیاری دەستبەسەری یا گرتن، پێشبینی بکات.
لە حاڵەتی نەبوونی دەسەڵات لەلای ئەو کاربەدەستەی داوای لێ کراوە، کاربەدەستی باسکراو، یەکسەر بەڵگەی جیداریی دادوەری، بەپێی یاسای وڵاتەکەی خۆی، بۆ کاربەدەستی دادوەریی دەسەڵاتدار، ڕەوانە دەکات.
ماددەی ١٦- هاوکاریی دادوەریی باسکراو لە ماددەی (١١)، داگری پێڕاگەیاندنی هەرجۆرە پەڕگەلێکە، کە پێوەندیی بە لێکۆڵینەوە، یا دادگایی کردن بێت و هەروەها داگری جێبەجێکردنی جیدارییەکانی دادوەرییە، کە دەربارەی گوێگرتن لە تۆمەتباران یا شاهید یا لێزانەکان، یا دەربارەی سەحکاریی* خۆجێیی بێت.
هەروەها هاوکاریی باسکراو، داگری ئەو بڕیارانەیە، کە بەپێی داواکاری، دەبێت دادگای ئەو وڵاتەی کە داوای لێ دەکرێت، دەری بکات، تا لەناو خاکی وڵاتی باسکراو، دەست بکرێت بە پشکنینی کەسی، یا پشکنینی ماڵ، یا دەستبەسەرا گرتنی ئامێرو ئامرازی تاوان، یا بەڵگەکانی پۆزەتیڤ لەسەر تاوان.
هەروەها هاوکاریی باسکراو، داگری ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتەی، کە داوای لێ دەکرێت، بەپێی داوایەکە، گرۆقی** ئەرین یا ئەو بەڵگەنامانەی، کە لەبەردەستی کاربەدەستانی خۆی هەیە، بداتە دەوڵەتی داواکار، بە دانانی مەرج بۆ ئەم دەوڵەتەی دوایی، کە لە کورتترین ماوەی مومکین، بیانگەڕێنێتەوە.

* - معاینه
** - دلیل

(هاریخوازی)* یەکانی باسکراو، بە رەچاوکردنی مەرجەکانی ماددەی دووەم قبووڵ دەکرێن، مەگەر تێبینیی تایبەت، پێشگیریی لێ بکەن.

ماددەی ١٧- هەرکاتێک، لە حاڵەتی دادگاکردنی سزایی، ئامادەبوونی کەسی شاهید، یا لێزان پێتقی بێت، گازینامەی دەرکراو لەلایەن کاربەدەستی دادوەری، لە کەناڵی سیاسی رەوانە دەکرێت و بەهۆی ئەو دەوڵەتەی، کە داوای لێ دەکرێت، رادەگەیێندرێت، مەگەر تێبینیی تایبەت پێشگیربن. کاربەدەستانی دەوڵەتی باسکراو، لە کەسێک کە گازی کراوە دەپرسن، ئایا ئامادەیە ئەو بڕیارەی، کە لەسەر ئەو دراوە، پێڕەوی بکات، یانە.

لە گازینامەکە، دەبێت دیار بکرێت، کە چ مەبلەغێک وەکوو مەسرووفاتی سەفەرو مانەوە، سەرف دەکرێت و هەروەها چ مەبلەغێک لە لایەن دەوڵەتێک، کە داوای لێ کراوە، دەتوانێت لە مەبلەغی گشتی، وەکوو هاوکاری بداتە شاهید یا لێزان، تا دووایی لە دەوڵەتی داواکار وەربگرێت.

شاهید یا لێزان، بەبێ رەچاوکردنی راژێرییەکەی، کە ئامادەبوون لەلای کاربەدەستانی دادوەریی دەوڵەتی داواکار قبووڵ دەکات، لە تەواوی ئەوکاتەی کە بۆ شاهیدیدان، یا ئەنجامدانی کاری لێزانی و گەڕانەوە بۆ ئەو وڵاتەی، کە لێی هاتووە پێویستە، ناکرێت بۆ کاروبار یا مەحکوومبوونی پێشتر، شوێنگری بکرێت، یا دەستبەسەر بکرێت و نە بەهیچ شێوەیەک ناکرێت سەبارەت بە بەشداریی ئەو لە کاروبارێک، کە

---

* - استعانت

بابەتی دادگاییەکە بێت، یا ناوبراویان بۆ شاهیدیدان یا ئەنجامدانی کاری لێزانی لەو بابەتە گازی کردووە، شوێنگری، یا دەستبەسەر بکرێت.
ئەگەر کەسێک کە ئامادەبوونی داوا کراوە، لە وڵاتی رێککەوتوویتر گیرابێت، دەکرێت تەسلیمی کاتیی ناوبراو لە وڵاتەکە داوا بکرێت، بە مەرجی گەڕاندنەوەی لە نزیکترین کاتی مومکین. لەو حاڵەتەش هەرکاتێک، کەسی باسکراو، راژێری وڵاتی داواکار نەبێت، رەزامەندیی ئەو پێویست دەبێت.
ماددەی ١٨- خەرجییەکانی پێوەندیدار بە هاوکاری و هەروەها خەرجییەکانی گەڕانەوەی ئەو کەس و کەلوپەلانەی کە بەشێوەی کاتی تەسلیم دەکرێن، لە ئەستۆی وڵاتێک دەبێت، کە داوای لێ کراوە، تا رێژەیەک کە خەرجییەکانی باسکراو لە خاکی ئەو وڵاتە دابین بکرێت.
خەرجییەکانی دروستبوو بەهۆی ئەنجامدانی کاری لێزانی و ئەو پارەیەی کە بەپێی ماددەی(١٧) دەدرێتە شاهیدەکان، لە ئەستۆی دەوڵەتی داواکار دەبێت.
ماددەی ١٩- هەرکاتێک، راژێرێکی یەکێک لە دوو دەوڵەتی رێککەوتوو، لە خاکی دەوڵەتەکەیتر، بەهۆی ئەنجامدانی کەتن تووشی سزای لێستاندنەوەی ئازادیی تاکەکەسی هاتبێت، دەوڵەتی باسکراو، لە ئەستۆ دەگرێت کە لە ماوەی شەش مانگ لە رێکەوتی یەکلابوونەوەی حوکم، بەرنووسێکی بۆ کاربەدەستانی دادوەریی ئەو وڵاتەی، کە مەحکوومبووەکە راژێری ئەوە، رەوانە بکات.
ماددەی ٢٠- ئەم بەڵێننامەیە، ئەرێ کراو لە رێگەی یادداشتێک، بە لایەنە رێککەوتووەکەیتر رادەگەیێنرێت. رێککەوتننامەی باسکراو، پازدە رۆژ

دووای تـــەســـلیم کردنـــی دووایـــین یادداشـــت، دەخرێتـــە بـــواری جێبەجێکردنەوەو بۆ ماوەی پێنج ساڵ چێیدار دەبێت.
دووای تەواوبوونی ماوەی باسکراو، رێککەوتننامە، تا کاتێ کە یەکێک لە هـەردوولا، هـەڵـی نـەوەشـێننەوە، بـە چێیـداریی خـۆی دەمێنێتـەوەو هەڵوەشاندنەوەی، تەنیا شەش مانگ دووای راگەیاندنی، کاریگەر دەبێت.
گۆڕینـەوەی بـەڵگـەنامـەکانی ئـەرێکراو، لـە زووتـرین کـاتی مـومکین، لـە ئانکارا ئەنجام دەدرێت.
بەمپێیە، دەسەڵاتپێدراوانی هەردوولا، ئەم رێککەوتنەیان ئیمزا کرد.
لە دوو نوسخە، بە زمانی فەڕەنسی لە تاران نووسرا.

**چواردەی ئاداری ١٩٣٧**

# ڕێککەوتننامەی سنوور لەنێوان وڵاتی شاهەنشاهی ئێران و وڵاتی مەلیکی عێراق

خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران لە لایەک و
خاوەنشکۆ مەلیکی عێراق لە لایەکیتر

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئارەزووەی، کە بۆ پتەوکردنی پێوەندیی دۆستانەو برایانەو هاودەنگی باشی نێوان دوو وڵات هەیانەو بۆ ئەوەی بەتەواوی پرسی سنووری نێوان دوو وڵات، کۆتایی پێ بینن، بڕیاریان لەسەر بەستنی ئەم ڕێککەوتننامەیە داو بۆ ئەم مەبەستەش، دەسەڵاتپێدراوانی خۆیان، بەشێوەی خوارەوە دەستنیشان کرد:
خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران - بەڕێز عینایەتوڵلا سەمیعی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران.
خاوەنشکۆ مەلیکی عێراق - بەڕێز دکتۆر ناجی ئەلئەسیل، وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق.

هەردوو ناوبراوان، دووای گۆڕینەوەی دەسەڵاتنامەکانیان، کە سەرتاپا تەواوو جێی متمانە بوون، لەسەر خاڵەکانی خوارەوە رێککەوتن:

ماددەی ١- هەردوولای بەڕێزی رێککەوتوو، هاودەنگن لەسەر ئەوەی، کە بەڵگەنامەکانی خوارەوە، بەدەر لەو چاکسازییەی کە لە ماددەی(٢)ی ئەم رێککەوتننامەیە پێشبینی کراوە، هەر بە بایەخی خۆیان دەمێننەوەو و هەردوولا لەسەریانە رەچاویان بکەن.

أ- ئەو پرۆتۆکۆلەی سەبارەت دیارکردنی سنووری تورکیاو ئێرانە، کە لە رێکەوتی ٤ی تشرینی دووەمی ١٩١٣ لە ئەستەنبۆڵ ئیمزا کراوە.

ب-مەحزەری کۆبوونەوەی کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنوور، لە ١٩١٤.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ماددەیەو بەدەر لەوەی کە لە ماددەی خوارەوە پێشبینی کراوە، هێڵی سنوور لەنێوان دوو وڵات، بەشێوەیەکە، کە لە لایەن کۆمیسیۆنی ناوبراو دیارو کێشراوە.

ماددەی ٢ – هێڵی سنوور، دەگاتە بەراهیترین خاڵی دوورگەی شەتیت(نزیکەی ٣٠دەرەجەو ١٧دەقیقەو ٢٥ چرکەی بەری باکووری و ٤٨دەرەجەو ١٩ دەقیقەو ٢٨ چرکەی درێژی رۆژئاوایی)، بەشێوەی هێڵێکی راستی چەقیو لە ئاوەکانی تەنک بۆ تالۆگی شەتتولعەرەب دەڕوات و تا خاڵی هەڵکەوتوو لە بەرانبەر لەنگەرگای ئێستای ژمارە یەکی ئابادان(نزیکەی ٣٠ دەرەجەو ٢٠دەقیقەو ٨.٤ چرکەی بەری باکووری و ٤٨ دەرەجەو ١٦ دەقیقەو ١٣چرکەی درێژی رۆژهەڵاتی) دەڕوات. لەم خاڵە، دیسان هێڵی سنوور دێتەوە ئاستی ئاوە تەنکەکان و

بە پێی ئەو هێڵە سنوورییە دەڕوات، کە لە مەحزەری کۆبوونەوەکانی ١٩١٤، باسی کراوە.

ماددەی ٣ – لەگەڵ ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، هەردوولای بەڕێزی ڕێککەوتوو، کۆمیسیۆنێک پێکدێنن بە مەبەستی دانانی هێماکانی سەرسنوور، کە شوێنەکانیان لەلایەن کۆمیسیۆنی باسکراو لە بەندی(ب)ی ماددەی یەکەمی ئەم ڕێککەوتننامەیە، دەستنیشان کراوەو هێمای نوێ، کە بەپێویست بزانن، دەچەقێنن.

پێکهاتەی کۆمیسیۆن و بەرنامەی کاریان، بەهۆی ڕێککەوتنێکی تایبەتی لەنێوان هەردوولای ڕێککەوتوو، دیار دەکرێت.

ماددەی ٤ – لە خاڵێک، کە سنووری زەمینیی هەردوو دەوڵەت دەگاتە شەتتولعەرەب، تا دەریا، ڕێوشوێنی خوارەوە، دەرهەق بە شەتتولعەرەب، جێبەجێ دەکرێت:

أ- شەتتولعەرەب، بەشێوەیەکی یەکسان بۆ گەمییە بازرگانییەکانی هەموو وڵاتان، کراوە دەبێت. هەموو باجە وەرگیراوەکان، بە هەقدەست دادەندرێن و تەنیاو بەشێوەیەکی دادگەرانە، بۆ مەسرووفاتی سەخبێری و باشترکردنی ڕێگەی کەشتیوانی و شیاوی کەشتیوانی ڕاگرتن و زاری شەت بۆ دەریا بەکار دەهێندرێت و یا بۆ ئەو کارانە سەرف دەکرێت، کە سوودی بۆ کەشتیوانی هەبێت. باجی باسکراو، لەسەر بنەمای داگریی گەمییەکان یا ئاوخۆری و یا هەردووکیان پێکەوە، حیساب دەکرێت.

ب-شەتتولعەرەب، بۆ تێپەڕینی گەمیی شەڕکەرو کەشتییەکانی تری هەردوولا، کە تایبەتنین بە بازرگانی، کراوە دەبێت.

ت-ئەم بابەتە، کە لە شەتتولعەرەب، هێڵی سنوور هەندێکجار، سنووری ئاوە تەنکەکان و هەندێکجار تالۆگ یا ناوەندی ئاوەکان دەگرێتەوە، بە هیچ شێوەیەک، خەوشێک ناگەیێنێتە مافی هەردوولای رێککەوتوو، بۆ سوود وەرگرتن لە سەرانسەری ئاوەڕۆی شەت.

ماددەی ٥ – لەبەر ئەوەی، کە هەردوولای رێککەوتوو، هەروا کە لە ماددەی ٤ی ئەم رێککەوتننامەیە، بە راشکاوی باسکراوە، خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەشن لە شەتتولعەرەب، لە ئەستۆ دەگرن، کە رێککەوتننامەیەک ببەستن، سەبارەت بە سەخبێری و باشترکردنی رێگەی کەشتیوانی و هەڵکەندن و رێنوێنی و ئەو باجانەی، کە پێویستە وەربگیرێن و رێوشوێنی تەندروستی و ئەو کردارانەی، کە پێویستە بۆ پێشگیری لە قاچاغ ئەنجام بدرێن و هەروەها هەموو پرسەکانی پێوەندیدار بە دەریاوانی لە شەتتولعەرەب، بەوشێوەیەی، کە لە ماددەی ٤ی ئەم رێککەوتننامەیە، بە راشکاوی باس کراوە.

ماددەی ٦ – ئەم رێککەوتننامەیە، ئەرێ کراوەو بەڵگەنامەکانی ئەرێکاری، لە بەغدادو لە نزیکترین کاتی مومکین، دەگۆڕدرێتەوەو رێککەوتننامەی باسکراو، لە رۆژی گۆڕینەوەی بەڵگەنامەکانی ئەرێکاری، دەخرێتە واری جێبەجێ کردنەوە.

بەمپێیە، نوێنەرانی هەردوولای رێککەوتوو، ئەم رێککەوتننامەیان ئیمزا کرد. لە تاران، بە زمانی عەرەبی و فارسی و فەرەنسی نووسراو لە حاڵەتی سەرهەڵدانی ناکۆکی، کار بە دەقی فەرەنسی دەکرێت.

**لە رێکەوتی سێزدەی پووشپەڕی ١٣١٦، هەمبەر ٤ی تەمموزی ١٩٣٧**

# پرۆتۆکۆل

لەکاتی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی تایبەت بە دیارکردنی سنووری نێوان ئێران و عێراق، هەردوولای بەڕێزی ڕێککەوتوو، لەسەر بابەتەکانی خوارەوە، گەییشتنە هاودەنگی:

١- هێڵەکانی درێژو بەری جوگرافی، کە لە ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەی باسکراو، بە مەزندەیی دیارکراوان، بەشێوەیەکی تەواو، بەهۆی کۆمیسیۆنی شارەزا دیار دەکرێن، کە لە ژمارەیەکی یەکسانی ئەندامانی هەردوولای ڕێککەوتوو، پێکدێت. ئەو هێڵی درێژو بەرە جوگرافییەی، کە بەمشێوەیەو لە سنووری ماددەی باسکراوی سەرەوە، بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە دیار دەکرێن، لە مەحزەرێکی کۆبوونەوە تۆمار دەکرێن و مەحزەرەکە، دووای ئیمزا کردنی ئەندامانی کۆمیسیۆنی باسکراو، بە بەشێکی جیانەکراوەی ڕێککەوتننامەی دیارکردنی سنوور دادەندرێت.

٢- هەردوولای ڕێککەوتووی بەڕێز، بەڵێندەدەن، کە لەماوەی ساڵێک دووای ڕێکەوتی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە، پەیماننامەیەک ببەستن، کە بەپێی ماددەی پێنج، پێشبینی کراوەو ئەگەر هاتو سەرەڕای هەوڵدانی هەردوولا، پەیماننامەی باسکراو، لەماوەی ساڵێک ئیمزا نەکرا، هەردوولا دەتوانن ئەم ماوەیە بە هاودەنگی درێژ بکەنەوەو لە ماوەی ساڵە باسکراوەکەی بەشی یەکەمی ئەم

ماددەیەو هەروەها لەو ماوەیەی، کە درێژ دەکرێتەوە(ئەگەر درێژ بکرێتەوە)، دەوڵەتی مەلیکی عێراق، جێبەجێکردنی تەواوی پرسەکانی پێوەندیدار بە رێککەوتننامەی باسکراو، لەسەرئەو بنەمایەی کە ئێستا باوە، لە ئەستۆ دەگرێت و هەر شەش مانگ جارێک، دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران، لە چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکان و ئەو پارانەی وەرگیراوەو ئەو مەسرووفاتەی کراوە، یا هەرجۆرە کارێکیتر، کە ئەنجام درابێت، ئاگادار دەکاتەوە.

٣- هەرکاتێک، یەکێک لە لایەنەکانی بەڕێزی رێککەوتوو، رێگە بە گەمییەکی شەڕکەر، یا گەمییەکانیتری دەوڵەتی، کە تایبەت نەبێت بە بازرگانی و سەربە وڵاتی سێیەم بێت بدات، بێتە ناو بەندەرەکانی لە شەتتولعەرەب، رێگەدانەکە، وەکوو ئەوەیە، کە لەلایەن لایەنەکەیتر دەرچوو بێت، تا گەمییەکانی باسکراو بتوانن، بۆ تێپەڕین لە ئاوی تایبەت بە لایەنەکەیتر، بەهرە وەربگرن. لەگەڵ ئەوەش، ئەو لایەی کە رێگەی وا دەدات، پێویستە دەمودەست، لایەنەکەیتر ئاگادار بکاتەوە.

٤- چ پێنەڤێت، کە بەمەرجی رەچاوکردنی مافی ئێران لە شەتتولعەرەب، هیچیەک لە رێوشوێنەکانی ئەم رێککەوتننامەیە، هیچ خەوشێک ناگەیێنێتە سەر ماف و ئەرکەکانی دەوڵەتی عێراق، کە بەپێی ماددەی ٤ی رێککەوتننامەی ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠و برگەی حەفتەمی پرۆتۆکۆلە هاوپێچەکەی، لە رێکەوتی هەمان دیرۆک، سەبارەت بە شەتتولعەرەب، لە بەرامبەر ئنگلیز هەیەتی.

٥- ئـەم پرۆتۆکۆلـە، هـەمانکـات کـە ڕێککـەوتننامـەی تایبـەت بـە دیارکردنی سنوور ئەرێ دەکرێت، پەسەند دەکرێت و وەکوو لکاوێک، بەشێکی جیانەکراوەی ڕێککەوتننامەی باسکراو دەبێت و لەگەڵ خودی ڕێککەوتننامەکە، جێبەجێ دەکرێت.

ئەم پرۆتۆکۆلە، بە فارسی و عەرەبی و فەڕەنسی نووسراوەو لەکاتی سەرهەڵدانی ناکۆکی، کار بە دەقی فەڕەنسی دەکرێت.

لە تاران، لە دوو نوسخە لە ڕێکەوتی سێزدەی پووشپەڕی ١٣١٦، هەمبەر ٤ی تەمموزی ١٩٣٧

# بەڵێننامەی دۆستایەتی، لەنێوان دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران و دەوڵەتی مەلیکی عێراق

خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران لەلایەک و
خاوەنشکۆ مەلیکی عێراق لە لایەکیتر
کە هەردووکیان، بەوپەڕی دڵپاکی پێیانخۆشە ئەو پێوەندییە دۆستانەو خۆیانەی، کە هەمیشە لەنێوان وڵاتی شاهەنشاهی ئێران و وڵاتی مەلیکی عێراق هەبووە، پتەوتر ببێت و دڵنیایی تەواویان هەیە، کە توندترکردنی پێوەندیی برایانە، لەسەر بنەمای هەڵسوکەوتی یەکسان و دوولایەنەی تەواو، دەبێتە هۆی بەختەوەری و خۆشبەختیی هەردوو گەلی ئێران و عێراق، لەسەر بەستنی بەڵێننامەی دۆستایەتی ڕێککەوتن و بۆ ئەم مەبەستەش، نوێنەرانی دەسەڵاتپێدراوی خۆیان، بەشێوەی خوارەوە دەشتنیشان کرد.
خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران، بەڕێز عینایەتوڵڵا سەمیعی، وەزیری کاروباری دەرەوی ئێران.
خاوەنشکۆ مەلیکی عێراق، بەڕێز دکتۆر ناجی ئەلئەصیل، وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق.

نوێنەرە دەسەڵاتپێدراوەکانی باسکراو، دووای گۆڕینەوەی دەسەڵاتنامەکانی خۆیان، کە داگری مەرجەکانی پێویست و تەواو بوون، لەسەر خاڵەکانی خوارەوە ڕێککەوتن:

ماددەی یەکەم – لەنێوان دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران و دەوڵەتی مەلیکی عێراق و هەروەها لەنێوان هاووڵاتییانی هەردوو وڵات، ئاشتیی هەردەمی و دۆستایەتیی لەخەوش نەهاتوو، بەرقەرار دەبێت.

ماددەی دووەم – نوێنەرانی سیاسی و کۆنسوولیی هەریەک لە دوو دەوڵەتی بەڕێزی ڕێککەوتوو، لە خاکی لایەنەکەیتر، بە مەرجی ڕەچاوکردنی تەواوی هەڵسوکەوتی بەرانبەر، لە ماف و ئیمکانیات و بەدەرکاری و ئەو بەخشندەکارییانە بەهرەمەند دەبێت، کە بە نوێنەرانی سیاسی و کۆنسوولی وڵاتانی تەواودۆست دراوەو بەپێی بنەمای باوی مافە گشتییەکانی نێونەتەوەیی دیارکراوە، بەهرەمەند دەبن.

ماددەی سێیەم – هەردوو وڵاتی ڕێککەوتوو، کۆکن لەسەر ئەوەی، کە دووای پەسەندکردنی ئەم بەڵێننامەیەو لە خێراترین دەرفەت، بەڵێننامەو ڕێککەوتننامەکانی خوارەوە، گرێ بدەن:

١- ڕێککەوتنی جیرانیەتی دۆستانەو سەبارەت بە ئاسایشی ناوچە سنوورییەکان و یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانەی لەناوچە باسکراوەکان، ڕوودەدەن.
٢- بەڵێننامەی تەسلیم کردنەوەی تاوانباران.
٣- بەڵێننامەی نیشتەجێبوون و ڕاژێریەتی(تابعیت).
٤- بەڵێننامەی بازرگانی.
٥- ڕێککەوتنی هاوکاریی دادوەری.
٦- ڕێککەوتنی کۆنسوولی.

٧- ڕێککەوتن دەرهەق بە پۆست و تەلەگراف.

ماددەی چوارەم – ئەم بەڵێننامەیە، پەسەند دەکرێت و بەڵگەنامە پەسەندکراوەکان، لە بەغداد دەگۆڕدرێنەوە.

بەڵێننامە، لە ڕێکەوتی گۆڕینەوەی بەڵگەنامە پەسەندکراوەکان، دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

عینایەتوڵڵا سەمیعی، وەزیری کاروباری دەرەوی ئێران.

دکتۆر ناجی ئەلئەصیل، وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق.

تاران – ١٨ی تەمووزی ١٩٣٧

# پەیمانی سەعدئاباد

## پێشەکی:

خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران
خاوەنشکۆ پاشای ئەفغانستان
خاوەنشکۆ مەلیکی عێراق و
شکۆدار سەرۆک کۆماری تورکیا
بە لەبەرچاوگرتنی ئەو حەزەی کە هەمانە، بۆ دابینکردنی زەمینەی پاراستنی پێوەندیی دۆستانەو لێک تێگەییشتنی نێوانمان، بە لەبەرگرتنی تەواوی ئەو ڕێگەیانەی لەبەردەستدایەو لەپێناو دابینکردن و چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش لە ڕۆژهەلاتی نزیک، لە ڕێگەی دەستەبەرکارییەکانی تەواوکەر، لە چوارچێوەی ڕێکاری کۆمەڵەی نەتەوەکان و بە مەبەستی یارمەتیدان بە ئاشتیی گشتی و بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی. کە بەپێی بەڵێننامەی حەرامکردنی شەڕ، لە ڕێکەوتی ٢٧ی ئابی ١٩٢٨ی پاریس و بەڵێننامەکانیتر، کە بەشدارییان تێدا کردووەو لە ئەستۆیان گرتووەو بە تەواوی لەگەڵ ڕێکاری کۆمەڵەی گەلان و بەڵێننامەی

حەرامکردنی شەڕ، هاوسازە.بڕیارییاندا، کە ئەم پەیماننامەیە ببەستن و بۆ ئەم مەبەستە نوێنەرانی دەسەڵاتپێدراوی خۆیان، بەشێوەی خوارە:

خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران، بەڕێز عەنایەتوڵڵا سەمیعی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران.

خاوەنشکۆ پاشای ئەفغانستان، بەڕێز فەیز محەممەدخان، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەفغانستان.

خاوەنشکۆ مەلیکی عێراق، بەڕێز دکتۆر ناجی ئەلئەصیل، وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق.

شکۆدار سەرۆک کۆماری تورکیا، بەڕێز دکتۆر تۆفیق روشدی ئاراس، وەزیری کاروباری دەرەوەی تورکیا.

دەستنیشان کردو ناوبراوان، دووای خستنەڕووی بەڵگەنامەکانیان، کە بە باشی رێکخرابوون، لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە، هاودەنگیی خۆیان دەربڕی:

ماددەی ١

دەوڵەتە رێککەوتووەکان، لە ئەستۆدەگرن کە سیاسەتی دەستتەخستنی رەهای ناو کاروباری ناوخۆی یەکتری، رەچاو بکەن.

ماددەی ٢

دەوڵەتە رێککەوتووەکانی بەڕێز، راشکاوانە لە ئەستۆ دەگرن، کە رێز لە پارێزراویی سنووری هاوبەشی یەکتری، بگرن.

ماددە ٣

دەوڵەتە رێککەوتووەکانی بەڕێز، هاودەنگن لەسەر ئەوەی، کە لە هەموو ناکۆکییە نێونەتەوییەکان، کە پێوەندیی بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەوانەوە هەبێت، راوێژ لەگەڵ یەکتری بکەن.

ماددەی ٤
هەریەک لە دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان، لە هەمبەر یەکتری لە ئەستۆ دەگرن، کە هیچ کاتێک، چ بە تەنیایی و چ لەگەڵ یەک یا چەند دەوڵەتیتر، هیچ جۆرە ئۆپەڕاسیۆنەکی دەستدرێژکاری، لە دژی یەکتری ئەنجام نەدەن.

ماددەی ٥
ئۆپەڕاسیۆنەکانی خوارەوە، بە دەستدرێژی دادەندرێن:
یەکەم – ڕاگەیاندنی شەڕ.
دووەم – هێرش بەهۆی هێزی چەکداری وڵاتێک، بۆ سەر خاکی وڵاتێکیتر، تەنانەت بەبێ ڕاگەیاندنی شەڕ.
سێیەم – هێرش بەهۆی هێزی خاکی و ئاوی یا هەوایی، تەنانەت بەبێ ڕاگەیاندنی شەڕ بۆ سەر خاک یا گەمی یا فڕۆکەکانی وڵاتیتر.
چوارەم – یارمەتی یا هاوڕێیەتیی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، لەگەڵ دەستدرێژکار.
ئۆپەڕاسیۆنەکانی خوارەوە بە دەستدرێژی داناندرێن:
١- بەکارهێنانی مافی خۆپاراستنی ڕەوا، واتە بەرخوەدان لە هەمبەر کردارێکی دەستدرێژکارییانە، بەو شێوەیەی کە لەسەرەوە پێناسە کران.
٢- کار، بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٦ی ڕێکاری کۆمەڵەی گەلان.
٣- کردار، بەهۆی بڕیاری دەرکراو لەلایەن کۆمەڵەی گشتی یا ئەنجومەنی کۆمەڵەی نەتەوەکان، یا بۆ جێبەجێکردنی بەندی ٧ی ماددەی (١٥)ی ڕێکاری کۆمەڵەی گەلان، بەو مەرجەی لە ئەمەی دووایی، ئەم کردارە لەدژی دەوڵەتێک بەکار بێت، کە یەکەمجار دەستی بە دەستدرێژکاری کردبێت.

٤- هاوکاری بۆ دەوڵەتێک، کە بە پێچەوانەی ڕێوشوێنی بەڵێننامەی حەرامکردنی شەڕی پاریس لە ڕێکەوتی ٢٥ی ئابی ١٩٢٨، کەوتبێتە بەر هێرش و پەلامار، یا ڕاگەیاندنی شەڕی یەکێک لە دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان.

ماددەی ٦

هەرکاتێک، یەکێک لە دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان، بگاتە ئەو بڕوایە، کە ماددەی چوارەمی ئەم پەیماننامەیە بەزێندراوە، یا خەریکە دەبەزێندرێت، دەستبەجێ، بابەتەکە دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان.

ڕێوشوێنی باسکراوی سەرەوە، هیچ سەدەمەیەک ناگەیێنێتە مافی دەوڵەتی باسکراو، کە هەرجۆرە شێوازێک کە لەوکاتە بەپێویست بزانێت، بگرێتەبەر.

ماددەی ٧

هەرکاتێک، یەکێک لە دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان، لەدژی دەوڵەتێکی سێیەم، دەستدرێژی بکات، لایەنەکەیتر دەتوانێت بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشتر، ئەم پەیماننامەیە دەرهەق بە دەستدرێژیکار، هەڵوەشێنێتەوە.

ماددەی ٨

هەریەک لە دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان، لە ئەستۆ دەگرن، کە لە ناوچەکانی سەرسنووریان، پێشگیری بکەن لە پێکهاتن یا ئۆپەراسیۆنی دارودەستەی چەکدارو دروستبوونی هەرچەشنە ڕێکخراو یا ڕێکخستنیتر، بۆ تێکدانی دامەزراوە هەبییەکان یا بۆ تێکدانی ڕێکخستن و ئاسایشی هەربەشێک لە خاکی هاوپەیمانیتر(سەرسنوور یا بلی سەرسنوور)و یا بۆ ڕووخاندنی شێوازی حکوومەتی لایەنەکەیتر.

ماددەی ٩

لەبەر ئەوەی دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان، ڕێکاری گشتیی حەرامکردنی شەڕی ڕێکەوتی ٢٧ی ئابی ١٩٢٨یان بە فەرمی ناسیوەو بە پێی ڕێکاری باسکراو، بۆ یەکلاکردنەوەو چارەسەرکردنی هەرجۆرە کێشە یا ناکۆکی(بەبێ لەبەرچاوگرتنی چۆنیەتی و سەرچاوەکەی)، کە ڕەنگە لەنێوانیان سەرهەڵبدات، دەبێت تەنیا پەنا بۆ ڕێگەو ئامێری ئاشتیانە ببردرێت، داکۆکی لەسەر ئەو ڕێوشوێنە دەکەنەوەو ڕایدەگەیێنن، کە پەنا بۆ هەر ڕێگەیەکی ئاشتیانە دەبەن، کە بۆ ئەم مەبەستە ئێستا لەنێوان دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان هەیە، یا لە داهاتوو هەبێت.

ماددەی ١٠

هیچیەک لە ماددەکانی ئەم پەیماننامەیە، ناتوانێت بە هیچ شێوەیەک، ئەو بەڵێنانەی کە دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان بە پێی ڕێکاری کۆمەڵەی گەلان داویانە، کەمڕەنگ بکات.

ماددەی ١١

ئەم پەیماننامەیە، کە بە زمانی فەڕەنسی نووسراوەو لە چوار نوسخە ئیمزا کراوەو هەریەک لە دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان، وەرگرتنی یەکێک لە نوسخەکان ڕادەگەیێنن، بۆ ماوەی پێنج ساڵ، دەبەسترێت.

لە کۆتایی ئەو ماوەیە، پەیماننامەی باسکراو، جگە لەو حاڵەتەی کە یەکێک لە دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان، بە ڕاگەیاندنی پێشوەختەی شەش مانگ، هەڵوەشانەوەی ڕابگەیێنێت، بۆ پێنج ساڵیتر، خۆبەخۆ تازە دەبێتەوەو ئەم کردارە، بەردەوام دووبارە دەبێتەوە، تا ئەوکاتەی یەک یا چەند دەوڵەتی ڕێککەوتوو، هەڵوەشانەوەی بە ڕاگەیاندنی شەش مانگ پێشتر، ڕابگەیێنن.

ئەم پەیماننامەیە، ئەگەر هاتو، لەلایەن یەکێک لە دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان هەڵوەشایەوە، ئەوە لەنێوان دەوڵەتە ڕێککەوتووەکانیتر، هەر بەرقەرار دەبێت.

ئەم پەیماننامەیە، لە لایەن هەریەک لە دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان، بە پێی ڕێوشوێنی دەستووری ئەو وڵاتە، پەسەند دەکرێت و لە کۆمەڵەی گەلان، بەهۆی سکرتێر تۆمار دەکرێت و داوا لە سکرتێر دەکرێت، کە وڵاتانی ئەندامی لێ ئاگادار بکاتەوە. بەڵگەنامەکانی پەسەندکردنی لەلایەن هەریەک لە دەوڵەتە ڕێککەوتووەکان، تەسلیمی دەوڵەتی ئێران دەکرێت، لەگەڵ ئەوەی کە بەڵگەنامەکانی پەسەندکردن لە لایەن دوو دەوڵەتی ڕێککەوتوو تەسلیم کرا، ئەوە ئەم پەیماننامەیە، لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتە جێبەجێ دەکرێت و سەبارەت بە دەوڵەتی سێیەم، کاتێک جێبەجێ دەکرێت، کە دەوڵەتی باسکراو، بەڵگەنامەکانی پەسەندکردنی تەسلیم بکات و هەر بەمجۆرە، سەبارەت بە دەوڵەتی چوارەمیش ڕەفتار دەکرێت و لەگەڵ ئەوەی، کە بەڵگەنامەکانی پەسەندکردن تەسلیم کرا، بابەتەکە دەستبەجێ، لەلایەن دەوڵەتی ئێران بە ئاگاداریی تەواوی ئیمزاکارانی ئەم پەیماننامەیە، دەگەیێندرێت.

**کۆشکی سەعدئاباد(تاران) ١٧ی پووشپەڕی ١٣١٦، هەمبەر ١٩٣٧/٧/٨**

# پەیمانی بەغداد

## پەیمانی هاوکاریی دوو لایەنەی نێوان تورکیاو عێراق*

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی، کە پێوەندیی دۆستانەو برایانەی ئێستای نێوان عێراق و تورکیا، بەردەوام لە حاڵەتی پەرەسەندن دایەو بە مەبەستی تەواوکردنی بەڵێننامەی دۆستایەتی و جیرانیەتی باش، کە لە رێکەوتی ٢٩ی ئاداری ١٩٤٦ لە ئانکارا، لەنێوان خاوەنشکۆ مەلیکی عێراق و شکۆدار سەرۆک کۆماری تورکیا ئیمزا کراو بە پێی ئەو بەڵێننامەیە، هەردوولا ئەرێیانکرد، کە ئاشتی و ئاسایشی نێوان دوو وڵات، لە ئاشتی و ئاسایشی جیهان بە تایبەت گەلەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیا ناکرێتەوەو ئەم بابەتەش بنەمای سیاسەتی دەرەوەی ئەوان پێکدێنێت.

* - ئەم پەیمانە سەرەتا بەناوی پەیمانی بەغداد ناسرا، کە دەوڵەتی بریتانیا لە رێکەوتی ١٩٥٥/٤/٤و دەوڵەتی پاکستان لە رێکەوتی ١٩٥٥/٩/٢٣و دەوڵەتی ئێران لە رێکەوتی ١٩٥٥/٩/٢٤، چوونە ریزی ئەو پەیمانەوە. بەڵام دواتر کە عەبدولکەریم قاسم دەرچوونی عێراقی لە پەیمانەکە راگەیاند، ناوی نرا پەیمانی سنتۆ.Central Treaty Organization) ) کە لە ساڵی ١٩٧٩ بە تەواوی هەڵوەشایەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە، کە ماددەی ١١ی بەڵێننامەی بەرگریی هاوبەش و هاوکاریی ئابووری، لە نێوان دەوڵەتەکانی کۆمەڵەی عەرەب، دەربڕی ئەوەیە، کە هیچ ماددەیەک لە پەیمانەکە، بەهیچ شێوەیەک بەجۆرێک دانەڕێژراوە یا هەڵنەبژێردراوە، کە کاریگەری هەبێت بەسەر ماف و بەڵێنەکانی هەردوولا، لە ئیمزاکردنی ڕێکاری نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەروەها، بە داننان بەو بەرپرسیاریەتە گەورانەی، کە لەڕووی ئەندامیەتی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، بە مەبەستی سەقامگیریی ئاشتی و ئاسایش لە دەڤەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئەوان دروستبووەو جێبەجێکردنی ڕێوشوێنی هاتوو لە ماددەی ٥١ی مەبەستی نەتەوەیەکگرتووەکانی خستووەتە ئەستۆی ئەوان، پێویستیی بەستنی پەیمانێک، کە ئامانجەکانی سەرەوە دابین بکات، هەست پێ کراو بۆ ئەم مەبەستەش نوێنەرانی دەسەڵاتپێدراوی خۆیان، بەشێوەی خوارەوە دەستنیشان کردووە:

خاوەنشکۆ فەیسەڵی دووەم، مەلیکی عێراق

بەڕێز فەریق نووری سەعید، سەرۆک وەزیر

بەڕێز بورهانەددین باش ئەعیان، شوێنکاری وەزارەتی کاروباری دەرەوە

شکۆدار جەلال بایار، سەرۆک کۆماری تورکیا

بەڕێز عەدنان مەندەرس، سەرۆک وەزیر

بەڕێز پرۆفیسۆر فوئاد کووپێرلوو، وەزیری کاروباری دەرەوە

نوێنەرانی باسکراو، دووای گۆڕینەوەی بڕوانامەکانی خۆیان، کە هەموویان تەواوو جێی متمانە بوون، لەسەر خاڵەکانی خوارەوە ڕێککەوتن:

ماددەی ١- هەردوولای بەڕێزی ڕێککەوتوو، بۆ ئاسایش و بەرگری، بەپێی ماددەی ٥١ی ڕێکاری نەتەوە یەکگرتووەکان، هەوڵی هاوبەشی خۆیان دەخەنەگەڕ. ئەو کردارانەی، کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم هەوڵە هاوبەشە، لەسەری ڕێکدەکەون، ڕەنگە ببێتە بابەتی ڕێککەوتننامەگەلێکی تایبەت.

ماددەی ٢- بۆ گەییشتن و کارا کردنی هەوڵی هاوبەشی پێشبینی کراو لە ماددەی ١، کاربەدەستانی دەسەڵاتداری هەردوولای بەڕێزی ڕێککەوتوو، ئەو کردارانەی کە پێویستە ئەنجام بدرێن، هەر لەگەڵ ئەوەی کە ئەم پەیمانە کەوتە واری جێبەجێکردنەوە، دەستنیشان دەکەن.

ماددەی ٣- هەردوولای بەڕێزی ڕێککەوتوو، لە ئەستۆ دەگرن، کە لە هەرچەشنە دەستێوەردانێک لە کاروباری ناوخۆی یەکتری، خۆ بپارێزن و هەرچەشنە ناکۆکییەکی ناوخۆیان، بە شێوازی ئاشتیانە، بە پێی ڕێکاری نەتەوەیەکگرتووەکان، چارەسەر بکەن.

ماددەی ٤- هەردوولای بەڕێزی ڕێککەوتوو، ڕایدەگەیێنن، کە ڕێوشوێنی ئەم پەیمانە، لەگەڵ هیچیەک لە بەڵێنەکانی نێونەتەوەیی سەرچاوەگرتوو لە ڕێککەوتنی هەریەک لە هەردوولا لەگەڵ دەوڵەت یا دەوڵەتانی سێیەم، ناڕێک نابێت و ناتوانێت لە بەڵێنەکانی نێونەتەوەیی باسکراو، کەم بکاتەوەو یا بە پێشێلکاریی ئەوانە حیساب بکرێت. هەردوولای بەڕێزی ڕێککەوتوو، لە ئەستۆ دەگرن، کە هیچ چەشنە بەڵێنێکی نێونەتەوەیی نەدەن، کە بەپێچەوانەی ئەم پەیمانە بێت.

ماددەی ٥- ئەم پەیمانە، بۆ هاتنەڕێزی هەریەک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان، یا هەر وڵاتێکیتر، کە بایەخ بە ئاسایش و ئاشتیی ئەم

دەقەرە دەدات و هەردوولای ڕێککەوتووی بەڕێز، ئەو وڵاتەیان بە فەرمی ناسیبێت، کراوە دەبێت.

هاتنەناو پەیمان، لە ڕێکەوتێک بە فەرمی دادەندرێت، کە بەڵگەنامەی هاتنەڕێز تەسلیمی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی عێراق کرابێت.

هەر دەوڵەتێکی ئەندام، کە بێتە ڕیزی ئەم پەیماننامەیە، دەتوانێت بەپێی ماددەی ١، لەگەڵ یەک یا چەند دەوڵەتی ئەندامی پەیماننامەکە، ڕێککەوتنی تایبەت ببەستێت. کاربەدەستانی دەسەڵاتداری دەوڵەتە باسکراوەکان، بەپێی ماددەی ٢، کردارەکانی پێویست دیار دەکەن و هەر لەگەڵ ئەوەی کردارەکانی باسکراو، لە لایەن وڵاتانی پێوەندیدار ئەرێ کرا، دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

ماددەی ٦- هەرکە بەلایکەم چوار وڵات بوونە ئەندامی ئەم پەیماننامەیە، ئەنجومەنێکی پێکهاتوو لە وەزیرەکانی دەوڵەتە باسکراوەکان پێکدێت، کە لەسەر ئامانجەکانی ئەم پەیماننامەیە کار بکات. ئەنجومەنەکە، پەیڕەوی کاری خۆی ڕێکدەخات.

ماددەی ٧- ئەم پەیماننامەیە، بۆ ماوەی پێنج ساڵ، شیاوی جێبەجێکردنەو بۆ پێنج ساڵیتر شیاوی نوێکردنەوەیە. هەریەک لە ئەندامانی پەیماننامە، شەش مانگ بەرلە کۆتاییهاتنی خولە باسکراوەکانی سەرەوە، دەکرێت بەنووسین ئارەزووی خۆیان، بۆ چوونەدەرەوە لە پەیمانەکە، بە ئەندامانیتر ڕابگەیێنن. لە حاڵەتی وا، پەیماننامە بۆ ئەندامەکانیتر، هەر بە بەهێزی خۆی دەمێنێتەوە.

ماددەی ٨- ئەم پەیماننامەیە، لەلایەن هەردوولای ڕێککەوتوو ئەرێ دەکرێت و بەڵگەنامەکانی ئەرێکاری، هەرچی زووتر لە ئانکارا

دەگۆڕدرێتەوەو لە رێکەوتی گۆڕینەوەی بەڵگەنامە ئەرێکراوەکان، دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.
بە مەبەستی پەسەندکردنی بابەتی سەرەوە، نوێنەرانی دەسەلاتپێدراوی ناوبراو، ئەم پەیماننامەیان بە عەرەبی، تورکی و ئینگلیزی، ئیمزا کردو هەرسێ دەق، وەکوو یەک دەنرخێندرێن و لە حاڵەتی سەرهەڵدانی ناکۆکی، دەقی ئینگلیزی سەرچاوە دەبێت.
ئامادەکراو، لە دوو نوسخە لە بەغداد، دووهەم رۆژی رەجەبی ١٣٧٤ی کۆچی، هەمبەر بیست و چواری شوباتی ١٩٥٥.

ئیمزا:
نووری سەعید – لەلایەن خاوەنشکۆ مەلیکی عێراق
عەدنان مەندەرس – لەلایەن سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا
بورهانەددین باش ئەعیان
فوئاد کووپێرلوو
بەغداد ٢٤ی شوباتی ١٩٥٥

# پەیمانی پاراستنی سنوور لەنێوان ئێران و تورکیا

پرۆتۆکۆل سەبارەت بە پاراستن و سەخبێری و
پشکنین و نوێکردنەوەو چەقاندنی دووبارەی هێماکانی
سنوور لە ناوچە سنوورییەکانی ئێران و تورکیا

دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران و
دەوڵەتی کۆماری تورکیا
بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندیی دۆستانەو یەکگرتن و جیرانیەتی باشی بەرقەرار لەنێوان دوو وڵات، بڕیاریاندا سەبارەت بە پاراستن و سەخبێری و پشکنین و نوێکردنەوەو چەقاندنی دووبارەی هێماکانی سنوور، کە ناوچەی سنووری هاویەشیان دیار دەکات، بەپێی ڕێککەوتننامەو پرۆتۆکۆلەکانی بەرقەرار لە نێوانیان و هاوپێچەکانیان، ئەم پرۆتۆکۆلە گری بدەن و کەواتە لەسەر خاڵەکانی خوارەوە گەیشتنە هاوڕایی:

ماددەی ١- لەم پڕۆتۆکۆلە، مەبەست لە هێماکانی سنوور، خاڵە سێگۆشەکان و نیشانەکان و سنگ یا ئەو هێمایانەن کە لە رێککەوتننامەی تایبەت بە دیارکردنی سنووری نێوان ئێران و تورکیا، لە رێکەوتی ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٩٣٢ باسکراوە، یا هێماگەلێکی ترە، کە بەهۆی کۆمیسیۆنی بەرزی سنووری ئێران و تورکیا، بڕیاری لەسەر دراوە.

ماددەی ٢- کاربەدەستانی سنووری هەردوولا، بەپێی رێککەوتننامەو پڕۆتۆکۆلەکانی بەرقەرار لە نێوان هەردوولاو لکاوو هاوپێچەکانیان، ئەرکدارو بەرپرسی پاراستنی هێماکانی سنوور بە باشترین شێوازن، ئەو کاربەدەستانە، رێوشوێنی پێویست بۆ پێشگیری لە جێگۆڕین و لەناوچوونی هێماکانی سنوور، دەگرنەبەر.

ماددەی ٣- بەمەبەستی پاراستنی هێماکانی سنوور، کاربەدەستانی دەسەڵاتپێدراوی هەردوولا، هایداریی پێویست دەدەنە خەڵکانی سنوورنشین، لە حاڵەتێک کە هێماکانی سنوور، لەلایەن هاوولاتییانی یەکێک لە هەردوولا، شوێنگۆڕ بکرێت یا لەناو ببردرێت، یا زیانی پێ بگات، بابەتەکە بە ئامادەبوونی کاربەدەستانی سنووری لایەنەکەیتر، دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوەو مەحزەرێکی کۆبوونەوەی هاوبەش، لەمبارەیەوە رێکدەخرێت.

ئەنجامدەرانی ئەمکارانە، بەپێی یاساکانی ناوخۆی ئەو لایەنەی کە ئەمکارانە لەناو خاکی ئەودا ئەنجام دراوە، بەدوواداچوون و لێپرسینەوایان لەگەڵدا دەکرێت. مەسرووفاتی نوێکردنەوە، یا چاککردنەوەی سنگەکانی سنوور، کە بەمشێوەیە لەناو چووبن، یا

زیانیان پێ گەییبێت، لەسەر ئەو لایەنەیە، کە ئەنجامدەرانی کردەوە باسکراوەکان، سەربە ئەون.

ماددەی ٤- سەخبێری و چاککردنەوەی سنگەکانی سنوور، کە ژمارەیان تاک بێت و چەقاندنەوەیان لە حاڵەتی فەوتان، بەهۆی کاربەدەستانی سنووری تورکیا دەبێت و کرداری هاوشێوە، دەرهەق بە سنگەکانی سنوور، کە ژمارەیان جووت بێت، بەهۆی کاربەدەستانی سنووری ئێران، ئەنجام دەدرێت.

ئەو مەسرووفاتەی دروست دەبێت، لە ئەنجامی ئەو کردارانەی دەرهەق بە سنگەکانی ژمارە تاک، لەسەر تورکیاو مەسرووفاتی تایبەت بە سنگەکانی ژمارە جووت، لەسەر ئێران دەبێت. هەروەها کرداری تایبەت بە سەخبێری و چاککردنەوەو پشکنین و چەقاندنی سەرلەنوێی سنگەکانی سنوور، کە دەکەونە شوێنی ئاسێ و ئاستەنگدار، لەلایەن راسپێردراوی سنووری ئەولایەنە ئەنجام دەدرێت، کە لە خاکی ئەوەوە گەییشتن بە سنگە باسکراوەکان ئاسانتر بێت، بەو مەرجەی هەردوولا، بەنووسین لەمبارەیەوە بگەنە یەکڕایی.

مەسرووفاتی پێویست بۆ سنگەکانی سنوور، بە ژمارەی تاک لەسەر تورکیاو مەسرووفاتی پێویست بۆ سنگەکانی سنوور، بە ژمارەی جووت لەسەر ئێران دەبێت.

ماددەی ٥- هێماکانی سنوور، بەردەوام لەلایەن کاربەدەستانی دەسەڵاتداری هەردوولا، دەکەونە بەر سەخبێری:

أ- ئەگەر یەکێک لە هەردوولا، لەکاتی پشکنینەکانی ئاسایی، پێحەسا، کە یەک یا چەند سنگ جێگۆڕ کراون، یا فەوتاون، یا شوێنبزر بوونە، یا بەتەواوی زیانیانی پێ گەییوە، دەمودەست کاربەدەستانی سنووری

لایەنەکەیتری لێ ئاگادار دەکاتەوەو داوای نوێکردنەوەی هێما یا هێماکانی باسکراوی سەرەوە دەکات. دووای راگەیاندنی گەیشتنی ئەو ئاگادارییە، کرداری چەقاندنی سەرلەنوێی سنگەکانی سنوور، بەهاوبەشی و بە ئامادەبوونی کاربەدەستان و کارناسانی تەکنیکیی هەردوولا، بەپێی رێککەوتننامەو پرۆتۆکۆل و نەخشەکانی چێیدار، ئەنجام دەدرێت. هیچ کار یا کردارێکی یەکلایەنە، بۆ نوێکردنەوە یا چەقاندنی دووبارەی سنگەکانی باسکراو، ئەنجام نادرێت. سەبارەت بە چەقاندنی دووبارەی ئەو سنگانە، مەحزەرێکی کۆبوونەوە(بەپێی نموونەی هاوپێچ) رێکدەخرێت و کارناسانی تەکنیکیی و کاربەدەستانی سنوورو وەرگێڕەکان، ئیمزای دەکەن. لە حاڵەتی رێکنەکەوتنی هەردوولا، لەسەر ئەو شوێنەی، کە سنگ یا سنگەکانی سنوور، دەبێت دووبارە لەوێ بچەقێندرێنەوە، مەحزەرێکی کۆبوونەوە رێکدەخرێت، کە داگری روانگەی هەردوولا لەمبارەیەوە بێت و هەریەک لە هەردوولا، بەمەبەستی گەڕان بەدووای رێگەچارەیەکی گونجاو، لەگەڵ رێککەوتننامەکانی چێیدار، بابەتەکە رەوانەی لای کاربەدەستانی دەسەڵاتداری دەوڵەتی خۆی دەکات.

ب- ئەگەر هاتو، هەریەک لە هەردوولا، لەکاتی پشکنینەکانی ئاسایی پێحەسان، کە یەک یا چەند سنگی سنوور پێویستییان بە چاککردنەوە هەیە، بەرلە ئەنجامدانی هەر کارێکی چاککردنەوە، کاربەدەستانی سنووری لایەنەکەیتر، لە بابەتەکە ئاگادار دەکاتەوە. چاککردنەوەی سنگ یا سنگەکانی باسکراو، ناکرێت پێش تەواوبوونی ماوەی دە رۆژ لە رێکەوتی ناردنی راگەیاندنەکە، دەست پێ بکرێت. هەردوولا ئەو مافەیان هەیە، کە داوای ئامادەبوونی نوێنەرانی خۆیان، لەکاتی ئەنجامدانی

کرداری چاککردنەوە بکەن. دووای کۆتاییهاتنی کردارە باسکراوەکە، مەحزەرێکی کۆبوونەوە لەمبارەیەوە ڕێکدەخرێت.

ماددەی ٦- پشکنینی هاوبەشی هەموو هێماکانی سنوور، هەر سێ ساڵ جارێک، لە مانگەکانی حوزەیران و تەممووزو ئاب، بەهۆی گرووپێکی تەکنیکیی هاوبەش ئەنجام دەدرێت. لە کاتی نائاساییی، هەریەک لە هەردوولا دەتوانێت، بە دیارکردنی تایبەتمەندیی بەپەلەیی، داوای پشکنینە هاوبەشەکە بکات.

ئەم پشکنینە، لەماوەی سێ رۆژ دووای خستنەڕووی داواکاری بەنووسراو، لە ڕێکەوتێک، کە هەردوولا لەسەری کۆک بن، جێبەجێ دەکرێت.

ماددەی ٧- دەرهەق بە گۆڕینی ڕێوشوێنی هەیی، یا دانانی ڕێکاری تازە، دەرهەق بە شێوەو ئەندازەو تابەتمەندییەکانی هێماکانی سنوورو هەروەها تایبەتمەندییەکانی ئەو کەرەستەیەی، کە بۆ چەقاندنی دووبارەو چاککردنەوەیان پێویستە، کۆمیسیۆنی بەرزی سنووری ئێران و تورکیا، یەکڕاست بەپێی پێشنیاری گرووپی تەکنیکی هاوبەشی باسکراو لە ماددەی ٦ی ئەم پرۆتۆکۆلە، بڕیارەکانی پێویست دەردەکات.

ماددەی ٨- دەرهەق بە چەقاندنی هێماکانی حاچی* لەنێوان سنگەکانی ئێستای سنوور، لەو شوێنانەی، کە بۆ دیارکردنی وردتری هێڵی سنوور، بە پێویست دەزانرێت، کۆمیسیۆنی بەرزی سنووری نێوان ئێران و تورکیا، یەکسەر خۆی یا بەپێی پێشنیاری گرووپی تەکنیکیی هاوبەشی باسکراو لە ماددەی ٦، بەپێی ڕێککەوتننامەکان، پرۆتۆکۆل و

* - فرعی

نەخشەکانی چێیدار، بڕیاری پێویست دەردەکات. چەقاندنی سنگەکانی حاچی، بە هاوبەشی لەلایەن کارناسانی تەکنیکیی هەردوولا، جێبەجێ دەکرێت. بۆ هەریەک لە سنگەکانی حاچیی باسکراو، بەڵگەنامەی گونجاو لەگەڵ ئەوەی کە لە پرۆتۆکۆلی تایبەت بە سنگەکانی سنوور هاتووە، ڕێکدەخرێت.

بەرپرسیاریەتیی پاراستن و سەخبێری و چاککردنەوەی سنگەکانی حاچی و هەروەها شێوازی دانەوەی مەسرووفاتی کرداری سەرەوە، لەلایەن کۆمیسیۆنی بەرزی سنووری نێوان ئێران و تورکیا، دەستنیشان دەکرێت.

ماددەی ٩- سەخبێری و چاککردنەوەو چەقاندنی دووبارەی هێماکانی سنووری هاوبەش کە فەوتابن، لە شوێنی بە یەکگەییشتنی سنوورەکانی ئێران و تورکیاو یەکێتی سۆڤیەت و هەروەها لە شوێنی بە یەکگەییشتنی سنوورەکانی ئێران و تورکیاو عێراق، بە ئامادەبوونی کاربەدەستانی سنووری هەرسێ وڵات، کە بەرژەوەندییان تێدایەو بەپێی ئەو پرۆتۆکۆلانەی، کە بۆ ئەم مەبەستە ڕێکدەخرێن، ئەنجام دەدرێت.

لە حاڵەتە باسکراوەکانی سەرەوە، دەوڵەتی داواکار، بانگێشتی نوێنەری یەکێتی سۆڤیەت و عێراق دەکات.

ئەم پرۆتۆکۆلە، لە ڕێکەوتی گۆڕینەوەی بەڵگەنامەکانی ئەرێکراو، دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

ئەم پرۆتۆکۆلە، لە دوو نوسخە، بە زمانەکانی فارسی و تورکی و فەرەنسی داڕێژراوەو لەکاتی سەرهەڵدانی ناکۆکی، دەقی فەرەنسی، چێیدار دەبێت.

تاران، لە ڕێکەوتی ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٥٠، هەمبەر ١٩٧٢/٢/٩

## لکاوە:

مـەحـزەری کۆبوونـەوەی خـوارەوە، بـە زمانـەکـانی فارسـی و تـورکی و فـەرەنسی دارێـژراوەو دوو نوسـخەی دووای ئیمزاکـردن، بـۆ لکانـدن بـە پرۆتۆکۆلی تایبەت بـە چـەقاندنی سنگەکـانی سنووری نێوان هـەردوولا، دەگۆڕدرێتەوە.

نموونەی مەحزەری کۆبوونەوەی تایبەت بە سـەخبێری و چاککردنـەوەو چەقاندنی دووبارەی سنگەکانی سنوور:

أ- تایبەتمەندییەکانی سنگی نوێکراوە:

١- ژمارەی سنگی نوێکراوە.

٢- شوێنکەوتی جوگرافیی سنگ لەسەر نەخشە.

٣- هۆی فەوتان، یا عەیبداربوونی سنگ.

٤- لایەنی پێشنیاردەری نوێکردنەوەی سنگ.

ب- کرداری ئەنجامدراو:

١- ئەو بەڵگەنامانەی کە بەپێی ئەوان، شوێنی سنگ دیار کراوە.

٢- رێکەوتی دەستپێک و کۆتاییهاتنی کرداری نوێکردنەوەی سنگ.

ج- سنگی سنووریی ژمارە.... کە نوێکردنەوەی بەهۆی..... بەپێویست زانرابوو، بەپێی ڕێککەوتننامەکان و پرۆتۆکۆل و نەخشەکانی چێیدار، لە بەردەم ڕاسپێردراوانی دەسەڵاتداری هەردوولا، کە ناوو ئیمزای ئەوان لە خوارەوە نووسراوە، نوێ کرایەوە.

بەروار:

ئیمزا:

ڕاسپێردراوی سنووری ئێران:

ڕاسپێردراوی سنووری تورکیا:

ڕاوێژکاران و کارناسانی ئێران:

ڕاوێژکارو کارناسانی تورکیا:

وەرگێڕی ئێرانی:

وەرگێڕی تورکیایی:

# پەیمانی هاوکاری هەوایی لەنێوان ئێران و تورکیا

پرۆتۆکۆلی هاوکاریی تەکنیکی، لەنێوان دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران و دەوڵەتی کۆماری تورکیا، سەبارەت بە وێنەگرتنی هەوایی، بە مەبەستی دابینکردنی نەخشەگەلی ناوچەکانی سنووریی ئێران و تورکیا.*

دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران و دەوڵەتی کۆماری تورکیا، لەبەر ئارەزوویان بە دیارکردنی شێوازی وێنەگرتنی هەوایی، لە درێژایی سنووری ئێران و تورکیا، بە مەبەستی رێکخستنی نەخشەگەلی ناوچەی سنووری و بە بڕیاردان لەسەر بەستنی پرۆتۆکۆلێکی هاوکاریی تەکنیکی، لەنێوان هەردوو دەوڵەت، بۆ گەییشتن بە مەبەستی سەرەوە، نوێنەرانی دەسەڵاتپێدراوی خۆیان، کە خوارەوەی ئەم پرۆتۆکۆلەیان ئیمزا کردووە، دەستنیشان کرد.

* - پرۆتۆکۆلێکی لەمشێوەیە لە رێکەوتی ٢٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ لەنێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و تورکیا بەستراوە.

نوێنەرانی باسکراو، دووای گۆڕینەوەی دەسەلاتنامەکانی خۆیان، کە ڕاست و تەواو بوون، لەسەر خاڵەکانی خوارەوە ڕێککەوتن:

ماددەی یەکەم- هەردوولای ڕێککەوتوو، دەتوانن لە چوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنەی، کە لەم پرۆتۆکۆلە دیارکراوە، بە مەبەستی وێنەگرتنەکانی پێویست، بۆ ڕێکخستنی نەخشەگەلی خۆیان، دەرهەق بە سنووری ئێران و تورکیا، لەسەر هێڵی سنوور، کرداری فڕین ئەنجام بدەن.

ماددەی دووەم- لە کردارەکانی فڕینی بابەتی ماددەی یەکەم، تێپەڕین لە سنوور ڕێگە نادرێت، مەگەر لە حاڵەتێک، کە لەڕووی تەکنیکییەوە بەپێویست بزانرێت.

ماددەی سێیەم- هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، کە بیانەوێت کرداری فڕین، بە مەبەستی باسکراو لە ماددەی یەکەم ئەنجام بدەن، پێویستە مانگێک بەرلە دەستپێکی کرداری فڕین، زانیاری تەواوی خوارەوە، بە کاربەدەستانی لایەنی ڕێککەوتوویتر رابگەیێنێت.

١- مەزەندەی ڕێکەوتی دەستپێک و کۆتایی فڕینەکان و ماوەو بەرنامەی فڕینەکانی رۆژانە.
٢- جۆرو رەنگ و ژمارەو هێماکانیتری ناسینی ئەو فڕۆکانەی، کە لە وێنەگرتن سوودیان لێ وەردەگیرێت.
٣- مەزەندەی بەرزیی فڕینەکان و مەزەندەی ئەندازەی وێنەکان.
٤- کرۆکی ئەو ناوچەیەی، کە فڕینەکەی بەسەردا ئەنجام دەدرێت، ئەو کرۆکییانە، رەنگە بە ئەندازەی شیاوی گۆڕین لە ١،٥٠٠٠٠تا ١،٢٥٠٠٠٠ بگیرێن.
٥- ناوی ئەو فڕۆکەخانەی، کە لە کرداری فڕین بەکار دەهێندرێت و شوێنی لابراتواری وێنەگرتن.

ماددەی چوارەم- هەردووولای ڕێککەوتوو، لە ئەستۆ دەگرن، کە لە کاتی کرداری وێنەگری بۆ مەبەستەکانی باسکراو لە ماددەی یەکەم، ڕێکارەکانی باسکراو لە خوارەوە پەیڕەو بکەن:

١- هەریەک لە هەردووولای ڕێککەوتن، دەتوانن لە کاتی وێنەگرتنی هەوایی، ئەفسەرێکی فڕین وەکوو چاودێر لە فڕۆکەی لایەنەکەیترو هەروەها ئەفسەرێکی شارەزای لابراتوار، لە لابراتواری وێنەگرتنی لایەنی ڕێککەوتوویتر دابنێن. ئەگەر هاتوو فڕین نەبوو، ئەوە ئەفسەری چاودێر لە فڕۆکە، دەتوانێت کارەکانی لابراتوار ئەنجام بدات و ئەگەر لە لابراتوار کارێک نەبوو، ئەفسەری شارەزای لابراتوار، دەتوانێت وەکوو چاودێری دووەم، بەشداری لە کرداری فڕین بکات و بۆ ئەو مەبەستەش، کەلوپەلی پێویست بۆ کارئاسانی لە کرداری چاودێری، لە لایەن ئەو لایەی کە کرداری وێنەگرتنی هەوایی ئەنجام دەدات، بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی نوێنەری چاودێریی لایەنی بەرانبەر، دابین دەکرێت.

٢- لەناو فڕۆکە، تەنیا سوود لە کامیرایەکی وێنەگری وەردەگیرێت، کە تایبەتمەندییەکانی پێشتر ڕادەگەیێندرێت و تەنیاوتەنیا بە مەبەستی وێنەگرتنی هەوایی، بۆ گۆڕینی بۆ نەخشە، بە ئەندازەی دیارکراو بەکار دەهێندرێت و هەرچەشنە وێنەگرتنیتر، یا لێکۆڵینەوەیتری هەوایی، قەدەغەیە. ئەفسەری چاودێری لایەنەکەیتر، ڕێگەی پێدەدرێت، کە بەسەر جێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەو ڕێوشوێنە، چاودێری بکات.

٣- وێنەکانی هەوایی، لە لابراتواری ئەو لایەنەی، کە وێنەگرتنەکەی ئەنجامداوە، دەشۆردرێن و ئەو بەشەی دیمەنەکان، کە پێوەندییان بە خاکی لایەنەکەیتری رێککەوتوو هەیە، بە ئامادەبوونی ئەفسەری چاودێری هەمان لایەن، لە فیلمەکان دەسڕێنەوە. لە حاڵەتێک، کە لەناچاری نیوەی وێنەکە دەسڕێتەوە، بۆ تێگەییشتن لە وێنەکە، چەند پەڵەیەکی بچووک، لە بەشەکانی سەرەوەو خوارەوەی تەوەرەی وێنەکە بمێنێتەوە، تا بکرێت لەسەر ئەوانەوە، وێنەکە شی بکرێتەوە.

ماددەی پێنجەم- ئەو لایەنە رێککەوتووەی، کە ئارەزووی ئەنجامدانی فڕینە باسکراوەکانی هەبێت، ناتوانێت بەرلە ئەنجامدانی رێورەسمی باسکراو لەم پرۆتۆکۆلە، بەرنامەکانی فڕینی خۆی جێبەجێ بکات. بە راگەیاندنی کۆتاییهاتنی بەرنامەی فڕینەکان، بە کاربەدەستانی دەسەڵاتداری لایەنەکەیتر، کردارەکە کۆتایی پێدێت. فڕینەکانی تازە، کاتێک رێگەیان پێدەدرێت، کە هەردوولای رێککەوتوو، هەموو رێورەسمی باسکراو لە ماددەکانی پێشووی ئەم پرۆتۆکۆلەیان جێبەجێ کردبێت.

ماددەی شەشەم- لەو حاڵەتانەی، کە فڕین بەهۆی کەشوهەوا، یا تەکنیکی، زیاتر لە کاتی پێشبینیکراو درێژە بکێشێت و بابەتەکە لەلایەن ئەفسەرانی چاودێری لایەنی بەرانبەر پشتڕاست بکرێتەوە، فڕینەکە، بۆ جارێک بە رەزامەندیی ئەفسەرانی چاودێرو راپەڕێنەرانی وێنەگرتن، درێژ دەکرێتەوەو بابەتەکە بە کاربەدەستانی دەسەڵاتداری هەردوولا، رادەگەیێندرێت.

ماددەی حەفتەم- لەکاتی ئەنجامدانی کرداری فڕینی باسکراو لەم پڕۆتۆکۆلە، لایەنی سوودمەند، ڕێوشوێنی ئاسایشی پێویست دەگرێتەبەر.

مادده هەشتەم- ئەفسەره چاودێرەکانی لایەنێکی ڕێککەوتوو، دەتوانن بە مەرجی پێڕەوی کردن لە یاساکانی ناوخۆیی لایەنەکەیتری ڕێککەوتوو، بچنە ناو خاکی ئەو لایەنە، یا لێی بەدەر کەون. هەردوولای ڕێککەوتوو، لە ئەستۆ دەگرن، کە لە چوارچێوەی یاساکانی ناوخۆیی خۆیان، هەموو ئاسانکارییەک بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ئەفسەرانی چاودێر، دابین بکەن.

ماددەی نۆیەم- ماوەی چێیداریی ئەم پڕۆتۆکۆلە، پێنج ساڵەو لە کۆتایی ئەو ماوەیە، ڕەنگە بە ڕەزامەندیی هەردوولا، بۆ خولی دوو ساڵە نوێ بکرێتەوە.

ماددەی دەیەم- ئەم پڕۆتۆکۆلە، ئەرێ دەکرێت و مانگێک دووای ئەو بەروارەی، کە هەردوولا لە ڕێگەی دیپلۆماتیکەوە پەسەندکردنەکەیان بە یەکتری ڕاگەیاند، پێویستە جێبەجێ بکرێت.

بەپێی بنەماکانی سەرەوە، نوێنەرانی دەسەلاتپێدراو، ئیمزاکەرانی خوارەوە، ئەم پڕۆتۆکۆلەیان ئیمزا کرد.

ئەم پڕۆتۆکۆلە، لە تاران لە ڕێکەوتی ٤ی بەفرانباری ١٣٥٢، هەمبەر ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٣، بە زمانەکانی فارسی و تورکی و فەڕەنسی ئامادەکراوەو لەکاتی سەرهەڵدانی ناکۆکی، کار بەدەقی فەڕەنسی دەکرێت.

# دەقی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر*

## لە ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥

لە ڕێکەوتی ٤ تا ٦ی ئاداری ساڵی ١٩٧٥، لە دوواییـن دانیشتنی ئەندامانی ئۆپێیک، سەرۆکی جەزائیر رایگەیاند، کە شای ئێران و صەددام، گەییشتوونەتە ڕێککەوتنێک، بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان دوو وڵات چارەسەر بکەن و دووای ئەوەش دەقی ڕێککەوتننامەکە، بەشێوەی خوارەوە خوێندرایەوە:

هاوکات لەگەڵ دانیشتنەکانی لووتکەی ئۆپێیک، لە ئەلجەزائیری پایتەخت و بە دەستپێشخەرییی هوواری بوومدیەن، شای ئێران و بەڕێز صەددام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش، دووجار لەگەڵ یەکتر دانیشتن و وتوویژی دوورو درێژیان کرد، سەبارەت بە پێوەندییەکانی نێوان ئێران و عێراق. تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی ئەم کۆبوونەوەوانە، کە بە ئامادەبوونی سەرۆک کۆمار هوواری بوومدیەن بەڕێوەچوون، ڕاشکاویی تەواو بڕیاری دڵپاکانەی هەردوولا بوو، بۆ گەییشتن بە ڕێگەچارەیەکی هەردەمی و یەکجارەکی، بۆ هەموو ناکۆکییەکانی نێوان دوو وڵات. بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی سەرووەری

---

* - لە هەموو سەرچاوە فارسییەکان، پەیمانەکە بە پەیمانی ئەلجەزیرە نووسراوە. چونکە لە زمانی فارسی، پێتەختی جەزائیر بە ئەلجەزیرە ناسراوە. ئەوە نزیکبوو منیش تووشی هەڵە بکات، بەڵام هەڤاڵانم لە دەزگای گشتی هەڵبژاردن، دووای ئەوەی سمینارێکم لەمبارەیەوە پێشکەشیان کرد، سەرنجی منیان بۆ ئەو خاڵە راکێشا کە لە زمانی عەرەبی پێتەختی جەزائیر ئەلجەزائیرە. منش بابەتەکەم ڕاست کردەوەو لێرە بە پێویستمزانی سوپاسی هەموو ئەو هەڤاڵە بەڕێزانە بکەم.

خاک، نەهێشتنی ئیمکانی دەستدرێژی بۆ سنوورەکان و نەهێشتنی دەستێوەردان لە کاروباری ئەویتر.
لایەنە بەڕێزەکانی رێککەوتن بڕیارەکانی خوارەوەیان دا:
یەکەم: هێماگوزاریی کۆتایی لە سنوورەکان، بە پێی پرۆتۆکۆلی ئەستەنبۆڵ لە ساڵی ١٩١٣و مەحزەری کۆبوونەوەکانی دەستنیشانکردنی سنوورەکان، لە ساڵی ١٩١٤ دەبێت.
دووەم – دەستنیشانکردنی سنوورەکانی رووباری، بە پێی هێڵی تالۆگ.
سێیەم – هەردوولایەن، ئاسایش و دڵنیایی دوولایەنە، سەرلەنوێ لە سنوورەکانی هاوبەش بچەسپێنن. ئەوان هەروەها لە ئەستۆ دەگرن، کە چاودێریی وردو کاریگەرییان بەسەر سنوورەکانی هاوبەش هەبێت، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە هەرجۆرە دزەکارییەکی ئاژاوەگێڕانە، بەبێ رەچاوکردنی سەرچاوەکەی.
چوارەم – هەردوولا، هەروەها رێککەوتن، کە رێوشوێن و (خاڵەکانی) سەرەوە، خاڵی لێک جیانەکراوەی رێگەچارەیەکی گشتگیرن و لە ئەنجامدا، هەرچەشنە لادان لە یەکێک لە بەشە پێکهێنەرەکانی، بە دڵنیایی ناکۆک دەبێت لەگەڵ رۆحی رێککەوتنی ئەلجەزائیر.
هەردوولا، لە پێوەندیی هەمیشەییدا دەبن، لەگەڵ سەرۆک کۆمار هوواری بوومهدیەن و بەڕێزیان لە کاتی پێویست، هاوکاریی برایانەی جەزائیر، بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە، دەخاتە روو.
هەردوولا، بڕیاریانداوە کە پێوەندیی دراوسێیەتی و دۆستایەتی و کۆن، نوێ بکەنەوە، بە تایبەت بە لەناوبردنی هەموو فاکتەرە نێگەتیڤەکان، لە پێوەندیی نێوانیان و لە رێگەی ئالۆگۆڕی هەمیشەیی روانگەکانیان، سەربارەت بە بابەتی خوازراوە هاوبەشەکان و بە پەرەپێدانی هاوکاریی هاوسەنگ.

هەردوولایەن، بە شێوەیەکی رەسمی رایدەگەیێنن، کە ناوچە دەبێت لە هەرجۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی دوور رابگیرێت.
وەزیرەکانی دەرەوەی عێراق و ئێران، بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی جەزائیر، لە ١٥ی ئاداری ١٩٧٥ لە تاران کۆ دەبنەوەو مەرج و رێوشوێنە پێویستەکانی کاری کۆمیسۆنی هاوبەشی ئێران و عێراق دەستنیشان دەکەن، کە پێویستە بڕیارەکانی رێککەوتنی هاوبەش، بەو شێوەیەی، کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، جێبەجێ بکەن و بە پێی حەزی هەردوولا، جەزائیریش بۆ کۆبوونەوەکانی کۆمسیۆنی هاوبەشی ئێران و عێراق، بانگێشت دەکرێت.
کۆمسیۆن، بەرنامەی دانیشتن و شێوازی جێبەجێکردنی کارەکانی خۆی دادەرێژێت و لە کاتی پێویست، چەندین کۆبوونەوە رێکدەخرێت.
کۆبوونەوەکان، بە نۆبە لە بەغدادو تاران دەبەسترێن.
خاوەنشکۆ شای ئێران و بەڕێز صەددام حوسێین، هەردوو، پێزانینی قووڵی خۆیان، بۆ سەرۆک کۆمار هوواری بوومدیەن دەردەبڕن، کە بە هەستێکی برایانەو بێلایەنانە، بۆ رێکخستنی پێوەندیی راستەوخۆی نێوان رێبەرانی هەردوو وڵات، کەوتە کارو لە ئەنجامدا، بەشدارییانکرد لە زیندووکردنەوەی قۆناغێکی نوێ، لە پێوەندی نێوان ئێران و عێراق، بە مەبەستی پاراستنی زیاتری داهاتووی ناوچەی باسکراو.

محەممەد رەزا پەهلەوی (شاهەنشای ئێران)
صەددام حوسێن(جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی فەرماندەیی شۆڕش، جێگری سەرۆک کۆمار)
هوواری بوومدیەن(سەرۆک کۆماری جەزائێر)
١٩٧٥/٣/٦

# مەحزەری کۆبوونەوە

وەزیرانی کاروباری دەرەوەی ئێران و عێراق، بە لەبەرچاوگرتنی رۆحی رێککەوتنی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ی ئەلجەزائیر، کە بەتایبەت گشتی و یەکلاکردنەوەی هەموو پرسەکانی هەڵپەسێردراوی نێوان دوو وڵات، بە مەبەستی پتەوترکردنی پێوەندیی دۆستانەو رێککەوتنی برایانەی هەیی، لەنێوان ئێران و عێراق بەرجەستە دەکات.

رێککەوتن، کە پێرستی یەکلاکراوەی پرس و کێشەکانی هەڵپەسێردراوی هەردوولا، لە ماوەیەک کە لە ٢٠ی ئاداری ١٩٧٦ تێپەڕ نەکات، رێک بخەن. ئەم پێرستە، داگری هەموو ئەو خاڵە ناکۆکانەیە، کە بەهۆی جێبەجێکردنی پرۆتۆکۆلی تایبەت بە هێماگوزاریی سەرلەنوێی سنووری زەمینی، لە نێوان ئێران و عێراق، هاتوونەتە ئارا، کە لە رێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە بەغداد ئیمزا کراوەو هەروەها هەموو کێشەکانیتر.

وەزیرەکان، چارەسەرکردنی پرس و کێشەکانی باسکراو، بەشێوەیەک ئەنجام دەدەن، کە هیچ سەرچاوەیەکی ناکۆکی، لە نێوان ئێران و عێراق نەمێنێتەوە.

هەردوو وەزیری کاروباری دەرەوە، هەروەها ڕێککەوتن، کە بەرلە گۆڕینەوەی بەڵگەنامەکانی ئەرێکردنی ڕێککەوتننامەی پێوەندیدار بە سنوورو دراوسێیەتیی ئاشتیانە، لەنێوان ئێران و عێراق، ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥، بەڵگەنامەیەکی یەکلاکەرەوە، وەکوو کۆتایی بنەبڕکراوی هەموو کێشەکانی نێوان هەردوولا، ئیمزا بکەن.

بەغداد- ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران – عەبباسعەلی خەلعەتبەری

وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق- سەعدوون حەممادی

# دەقی پەیمانی دراوسێیەتی نێوان ئێران و عێراق

خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران و
شکۆدار سەرۆک کۆماری عێراق

بە لەبەرچاوگرتنی بڕیاری دڵپاکانەی دوولایەن، کە خۆی لە ڕێککەوتنی ئەلجەزائیر، لە ڕێکەوتی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ دەبینێتەوەو بۆ گەییشتن بە چارەسەریی بنەبڕو سەقامگیرانەی هەموو ئەو خاڵانەی دوو وڵات لەسەری ناکۆکن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەکە، هەردوولا لەسەر بنەمای پڕۆتۆکۆلی قوستەنتەنییەی ساڵی ١٩١٣و مەحزەری کۆبوونەوەکانی کۆمسیۆنی دەستنیشانکاری سنووری لە ١٩١٤، هەستاون بە سەرلەنوێ هێماگوزاریی سنووری زەمینی و لەسەر بنەمای هێڵی تالۆگ، سنووری ڕووباریی خۆیان دەستنیشانکردووە.

بە رەچاوکردنی ئیرادەی هەردوولا، بۆ بەرقەرارکردنی ئاسایش و پشتڕاسکاریی دوولایەنە، لە درێژەی سنووری هاوبەش.
بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندییەکانی دراوسێیەتیی مێژوویی و ئایینی و فەرهەنگی و شارستانی، کە لە نێوان گەلانی ئێران و عێراق هەیە.
بە دەربڕینی حەز، بۆ توندوتۆڵترکردنی پێوەندییەکانی مێهرەبانانەو دراوسێیەتی ئاشتیانەو پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوانمان، لە بوارەکانی ئابووری و پەرەپێدانی ئالوگۆڕو پێوەندییەکانی مرۆڤانی، لە نێوان گەلەکانمان، بە پێی بنەمای سەروەری خاک و بە دوورمانی سنوورەکان لە دزەکاری و هەروەها دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی.
لەگەڵ بڕیاردان، بۆ خستنەگەڕی هەوڵ و کۆشش، لە پێناو بەرقەرارکردنی قۆناغێکی نوێ لە پێوەندیی دۆستانە، لە نێوان ئێران و عێراق، لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی تەواو لەسەربەخۆیی نیشتمانی و دەسەڵاتداریەتی یەکسانی دەوڵەتەکان.
بە بڕواهەبوون، بە بەشداری لە جێبەجێکردنی بنەماکان و بەجێگەیاندنی ئامانج و خواستەکانی ڕێکاری نەتەوەیەکگرتووەکان لەم ڕێگەیەوە.
بڕیاریاندا، لەسەر بەستنی ئەم پەیماننامەیەو بۆ ئەم مەبەستەش، نوێنەرانی تەواودەسەڵاتداری خۆیان، بەشێوەی خوارەوە دەستنیشان کرد:
خاوەنشکۆ شاهەنشای ئێران: بەڕێز عەبباسعەلی خەلعەتبەری، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران.
شکۆدار سەرۆک کۆماری عێراق: بەڕێز سەعدوون حەممادی، وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق.

ناوبراوان، دووای خستنەڕووی دەسەڵاتنامەکانیان، کە تەواوو بێخەوش بوون، هاوڕایی خۆیان، لەسەر خاڵەکانی خوارەوە دەربڕی:

ماددەی ١ – لایەنە بەڕێزەکانی رێککەوتوو، پشتڕاستی دەکەنەوە، کە سنووری زەمینی لەنێوان ئێران و عێراق، هەر ئەو سنوورەیە، کە لەسەر بنەماو بە پێی رێوشوێنی نووسراو لە پڕۆتۆکۆلی پێوەندیدار بە هێماگوزاریی سەرلەنوێی مەرزی زەمینی و هاوپێچەکانی پڕۆتۆکۆلی باسکراو، کە لەگەڵ ئەم پەیماننامەیەن، هێماگوزاری نوێی بۆکراوە.

ماددەی ٢- لایەنە بەڕێزەکانی رێککەوتوو، پشتڕاستی دەکەنەوە، کە سنووری دەوڵەتی لە شەتتولعەرەب، هەر ئەوەیە کە دەستنیشانکردنی، لەسەر بنەماو بە پێی رێوشوێنی نووسراو لە پڕۆتۆکۆلی دەستنیشانکردنی سنووری رووباری و هاوپێچەکانی پڕۆتۆکۆلی باسکراو، کە بەم پەیمانە هاوپێچ کراون، ئەنجام دراوە.

ماددەی ٣ - لایەنە بەڕێزەکانی رێککەوتوو، لە ئەستۆ دەگرن، کە لەسەر بنەماو بەپێی رێوشوێنی نووسراو لە پڕۆتۆکۆلی پێوەندیدار بە ئاسایشی سنوورو بەڵگەنامە هاوپێچەکانی، کە هاوپێچی ئەم پەیماننامەیەن، بە درێژایی سنوور بە شێوەیەکی بەردەوام، کۆنترۆلی وردو کاریگەریان هەبێت، بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە هەرجۆرە دەزەکارییەکی ئاژاوەگێڕانە، بەبێ رەچاوکردنی سەرچاوەکەی.

ماددەی ٤- لایەنە بەڕێزەکانی رێککەوتوو، پشتڕاستی دەکەنەوە، کە رێوشوێنی سێ پڕۆتۆکۆل و بەڵگەنامە هاوپێچەکانیان، کە لە ماددەکانی ١و٢و٣ی ئەم پەیماننامەیە باسیان کراوە، کە پڕۆتۆکۆلە یادکراوەکانی سەرەوە پێیەوە دەلکێندرێن و بەشێکی جیانەبوون لێی، (ئەمانە) رێوشوێنی کۆتایی و هەمیشەیین و ناکرێت پێشێل بکرێن و (هەموویان

پێکەوە)خاڵی جیانەکراوەی ڕێگەچارەیەکی گشتگیرن. لە ئەنجامدا، زیانگەیاندن بە هەریەک لەم پێکهاتانە، بێگومان، زیان بە ڕۆحی ڕێککەوتنی ئەلجەزائیر دەگەیێنێت.

ماددەی ٥ – لەو چوارچێوەیە، کە سنوورەکان بە هیچ شێوەیەک ناگۆڕێن و لەگەڵ ڕێزی تەواو بۆ سەروەری خاکی دوو دەوڵەت، لایەنە بەڕێزەکانی ڕێککەوتن، پشتڕاستی دەکەنەوە، کە هێڵی سنووری زەمینی و ڕووباریی نێوانیان، نەگۆڕو هەمیشەیی و یەکلاکراوەیە.

ماددەی ٦ – لە حاڵەتی ناکۆکی، لە شیکردنەوە یا جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیەو سێ پرۆتۆکۆل و هاوپێچەکانی: ١ – ئەم ناکۆکییە، بە ڕەچاوکردنی تەواوی هێڵی سنووریی ئێران و عێراق، کە لە ماددەکانی ١و٢ی سەرەوەو هەروەها بە ڕەچاوکردنی پاراستنی ئاسایش، لە سنووری ئێران و عێراق، بە پێی ماددەی ٣ی لەسەرەوە باسکراو، چارەسەر دەکرێت.

٢- ئەم ناکۆکییە، لە قۆناغی یەکەم، لەماوەی مۆڵەتێکی دوو مانگە، لە بەرواری داواکاریی یەکێک لە لایەنەکان، لە ڕێگەی وتوویژی ڕاستەوخۆی دوو لایەنە، لە نێوان هەردوولای بەڕێزی ڕێککەوتن، چارەسەر دەکرێت.

٣- لە حاڵەتی نەگەییشتن بە چارەسەری، لایەنە بەڕێزەکانی ڕێککەوتن، لە ماوەی سێ مانگ، پەنا دەبەنە بەر کۆششی خێرخوازانەی، دەوڵەتی سێیەمی دۆست.

٤- لە حاڵەتی سەرپێچیکردنی لایەنێک، لە پەنابردنە بەر کۆششی خێرخوازانە، یا سەرنەکەوتنی هەوڵی خێرخوازانە، ناکۆکییەکان لە

ماوەی مانگێک لە رەتکردنەوەی کۆششی خێرخوازانە یا سەرنەکەوتنی، لە رێگەی ناوبژیوانیەتی، چارەسەر دەکرێت.

٥ – لە حاڵەتی نەگەییشتن بە یەکرایی، هەردوو لایەنی بەرێزی رێککەوتن، دەرهەق بە رێکارو شێوازی ناوبژیوانی، هەریەک لە لایەنەکانی بەرێزی رێککەوتن، دەتوانێت لە ماوەی پازدە رۆژ، لە رێکەوتی دەرکەوتنی نەبوونی یەکرایی، پەنا بۆ دادگایەکی ناوبژیکار ببات.

بۆ پێکهاتنی دادگەی ناوبژیکارو بۆ چارەسەرکردنی هەر ناکۆکییەک، هەریەک لە لایەنەکانی بەرێزی رێککەوتن، یەکێک لە هاووڵاتییانی خۆی، وەکوو ناوبژیوان دەستنیشان دەکات و هەردوو ناوبژیوان، سەرناوبژیوانێک(بەرپرسێک) هەڵدەبژێرن.

ئەگەر لایەنە بەرێزەکانی رێککەوتن، لە ماوەی مانگێک دووای وەرگرتنی داواکاری بۆ ناوبژیوان، لە لایەن یەکێک لە لایەنەکان، ناوبژیوانی دەستنیشان نەکردو یا ئەگەر هاتوو ناوبژیوانەکان، پێش کۆتاییهاتنی ئەم ماوەیە، لە هەڵبژاردنی بەرپرسێک، نەگەییشتنە ئەنجام، ئەو لایەنە بەرێزەی رێککەوتن، کە داوای ناوبژیوانی کردووە، ماقی ئەوەی دەبێت، کە داوا لە سەرۆکی دیوانی دادگای نێونەتەوەیی بکات، بە پێی رێوشوێنی دیوانی هەمیشەیی ناوبژیوانان، ناوبژیوانەکان یا بەرپرسەکەیان، دەستنیشان بکات.

٦ – بڕیاری دادگای ناوبژیوانی، بۆ هەردوو لایەنی بەرێزی رێککەوتن، بەرپرسیاریەتییەخش دەبێت و پێویستە جێبەجێی بکەن.

لایەنە بەرێزەکانی رێککەوتن، هەریەکەو تیوەی مەسرووفاتی ناوبژیوانی لە ئەستۆ دەگرن.

ماددەی ٧ – ئەم پەیماننامەیەو هەرسێ پڕۆتۆکۆل و هاوپێچەکانیان، بە پێی ماددەی ١٠٢ی ڕێکاری نەتەوەیەکگرتووەکان، تۆمار دەکرێن.
ماددەی ٨ – ئەم پەیماننامەیەو هەرسێ پڕۆتۆکۆل و هاوپێچەکانی، بە پێی ڕێوشوێنی ناوخۆیی، لەلایەن هەریەک لە لایەنە بەڕێزەکان پەسەند دەکرێن.
ئەم پەیماننامەیەو هەرسێ پڕۆتۆکۆل و هاوپێچەکانی، لە ڕێکەوتی گۆڕینەوەی بەڵگەنامەکانی پەسەندکردن، کە لە تاران ئەنجام دەدرێت، جێبەجێ دەکرێن.
بە پێی شێوازی کار، نوێنەرانی دەسەڵاتپێدراوی هەردوو لایەنی بەڕێزی ڕێککەوتن، ئەم پەیماننامەیەو هەرسێ پڕۆتۆکۆل و هاوپێچەکانیان ئیمزا کرد.
بەغداد، ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥
عەبباسعەلی خەلعەتبەری، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران.
سەعدوون حەممادی، وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق.
ئەم پەیماننامەیەو هەرسێ پڕۆتۆکۆل و هاوپێچەکانیان، بە ئامادەبوونی بەڕێز عەبدولعەزیز بووتەفلیقە، ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕش و وەزیری کاروباری دەرەوەی جەزائیر، ئیمزا کرا.

**لکاوە**

بە لێکۆڵینەوەی دووبارە، لە بەندی ٥ی ماددەی ٦ی پەیماننامەی پێوەندیدار بە سنووری دەوڵەتی و دراوسێیەتیی ئاشتیانەی نێوان ئێران و عێراق، کە لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥، لە بەغداد ئیمزا

کرابوو، هەردوو لایەنی ڕێککەوتوو، لەسەر ڕێوشوێنی خوارەوە، بڕیاریاندا:
دووایین بەشی بەندی ٥ی ماددەی ٦ی پەیماننامەی ناوبراو، واتە(بە پێی ڕێوشوێنی دیوانی هەمیشەیی ناوبژیوانان) لادەبرێت و رستەکانی خوارەوە، لە جێگەی دادەنرێت:
ئەگەر سەرۆکی دیوانی دادگای نێونەتەوەیی، بەهەر هۆیەک کارەکەی پێنەکرا، یا هاوولاتیی یەکێک لە لایەنەکان بوو، هەڵبژاردنی ناوبژیوانەکان، یا بەرپرسەکەیان، لە لایەن جێگری سەرۆک ئەنجام دەدرێت. ئەگەر هاتوو کەسی باسکراویش، بەهەر هۆیەک ئامادە نەبوو، یا هاوولاتیی یەکێک لە لایەنەکان بوو، هەڵبژاردنی ناوبژیوانەکان، یا بەرپرسەکەیان، لە لایەن بەتەمەنترین ئەندامی دیوان، کە هاوولاتیی هیچیەک لە دوولایەن نەبێت، ئەنجام دەدرێت.
هەردوو لایەن، ڕێککەوتننامەیەک، کە بابەتی ناکۆک و شێوازی لێکۆڵینەوە لەسەری، دیاردەکات، ڕێک دێخن.
لە حاڵەتی نەبوونی ڕێککەوتننامەی ڕێکخراو، لە ماوەی پازدەرۆژ لە دەستپێکردنی دادگا، یا لە حاڵەتی نەبوونی زانیاری و بەڵگەی پێویست و تەواو لە دەقی ڕێککەوتننامەکە، دەرهەق بە خاڵەکانی نووسراو لە بەندی پێشوو، ئەگەر پێویست بکات، ڕێوشوێنی کۆنوانسیۆنی لاهای ڕێکەوتی ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٠٧، بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییەکانی نێونەتەوەیی، جێبەجێ دەکرێت.
لە حاڵەتی باسنەکردنی بابەت، لە دەقی ڕێککەوتننامە یا لە حاڵەتی ڕێکنەخستنی ڕێککەوتننامە، دادگا ڕێوشوێنی نووسراو لە ماددەی ٣٨ی ڕێکاری دیوانی دادگای نێونەتەوەیی جێبەجێ دەکات.

ئەم لکاوە، بەشێکی جیانەکراوەی پەیماننامەی پێوەندیدار بە سنووری دەوڵەتی و دراوسێیەتی ئاشتیانەی نێوان ئێران و عێراقە، کە لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥، لە بەغداد ئیمزا کراوەو هاوکات لەگەڵ پەیماننامەی باسکراو، پەسەند دەکرێت.

بەغداد: ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥

لەلایەن دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران – عەبباسعەلی خەلعەتبەری

لە لایەن دەوڵەتی کۆماری عێراق – سەعدوون حەممادی

# دەقی پرۆتۆکۆلی ئاسایش لە سنووری نێوان ئێران و عێراق

بە پێی بڕیارەکانی هاتوو لە ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر, لە ڕێکەوتی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ و لەبەر حەزمان بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایش و دڵنیایی دوولایەنە, لە درێژەی سنووری هاوبەشی نێوانمان و بە بڕیاردانمان لەسەر کۆنترۆڵی وردو کاریگەر, بۆ کۆتاییهێنان بە هەرچەشنە دزەیەکی تێکدەرانەو لەم پێناوەش بۆ بەرقەرارکردنی هاوکاریی نزیک, لە نێوانمان و پێشگیری لە هەرچەشنە کردارێکی دزەکارانە، یا هاتوچۆی نایاسایی لە سنووری هاوبەش, کە ئامانجەکەی تێکدان و بەرەڵایی و سەرهەڵدان بێت.

بە گەڕانەوە بۆ پرۆتۆکۆلی ڕێکەوتی ١٥ی ئاداری تاران و مەحزەری کۆبوونەوەی وەزیرانی کاروباری دەرەوە, لە ڕێکەوتی ٢٠ی نیسانی ١٩٧٥ی بەغدادو مەحزەری کۆبوونەوەی وەزیرانی کاروباری دەرەوە, لە ڕێکەوتی ٢٠ی مایسی ئەلجەزائیر.

هەردوو لایەنی ڕێککەوتوو, دەرهەق بەڕێوشوێنی خوارەوە, هاوڕایی خۆیان دەربڕی:

ماددەی ١- ١- هەردوو لایەنی ڕێککەوتوو, دەستدەکەن بە ئالۆگۆڕی زانیاری, سەبارەت بە هاتوچۆی کەسانی تێکدەر, کە هەوڵدەدەن بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تێکدەرانەو بەرەڵایی و سەرهەڵدان، دزە بکەنە ناو یەکێک لە دوو وڵاتەوە.

٢- هەردوو لایەنی ڕێککەوتوو, تەگبیری پێویست سەبارەت بە هاتوچۆی کەسانی بەرباسی بەندی ١ی ئەم ماددەیە, دەکەن.

هەردوو لایەن, دەمودەست, یەکتری لە شوناسی ئەم کەسانە ئاگادار دەکەنەوەو گومانی تێدا نییە, کە هەموو هەوڵێک دەخەنە گەڕ، لە پێناوی پێشگیریکردن, لە کرداری تێکدەرانە, لەلایەن ئەم کەسانەوە.

هەر ئەمجۆرە تەگبیرانەش, دەرهەق بەو کەسانە دەگیردرێتەبەر, کە لەناو خاکی یەکێک لە هەردوولای ڕێککەوتوو, کۆ ببنەوە، بە مەبەستی دەستبەکاربوون بە کرداری تێکدەرانە, یا ئاژاوەگێڕی، لەسەر خاکی لایەنەکەیتر.

ماددەی ٢- ئەو هاوکارییە هەمەلایەنەی، کە لەنێوان کاربەدەستانی دەسەڵاتپێدراوی، هەردوو لایەنی ڕێککەوتوو، بەرقەرار بووەو پێوەندی بە داخستنی سنوورەکان، بۆ ڕێگەگرتن لە دزەکردنی کەسانی تێکدەرە، لە ئاستی کاربەدەستانی سنووری هەردوولا، تا بەرزترین ئاست، واتە وەزیرانی بەرگری و کاروباری دەرەوەو ناوخۆی هەردوولا، درێژەی دەبێت.

ماددەی ٣- ئەو دەربازگەو گوزەرگایانەی، کە ڕەنگە لەلایەن کەسانی تێکدەر بەکار بهێندرێن، بەشێوەی خوارەوە دەستنیشان دەکرێن:

١-   دەڤەری سنووری باکوور:
لە خاڵی بە یەککەییشتنی سنوورەکانی ئێران و تورکیاو عێراق، تا خانەقین و قەسری شیرین(بە قەسری شیرینیشەوە)، ٢١ شوێن.
٢-   دەڤەری سنووری باشوور:
لە خانەقین و قەسری شیرین(بەبێ قەسری شیرین)، تا کۆتایی سنووری ئێران و عراق، ١٧ شوێن.
٣-   تێپەڕگەکانی باسکراوی سەرەوە، بە هاوپێچ دەستنیشان کراون.
٤-هەر تێپەڕگەیەکی دزەکاریتر، کە دوواتر بدۆزرێتەوەو داخستن و کۆنترۆڵی پێویست بێت، لەگەڵ تێپەڕگە دیارکراوەکانی سەرەوە، حیساب دەکرێت.
٥-هەموو تێپەڕگەکانی سنوور، بەدەر لەوانەی، کە ئێستا لەژێر کۆنترۆلی کاربەدەستانی گومرگن، بۆ هەرچەشنە هاتوچۆیەک، قەدەغە دەکرێن.
٦-بە رەچاوکردنی پەرەسەندنی پێوەندیی هەموو لایەنە، لە نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ، هەردوو لایەنی رێککەوتوو، کۆکن لەسەر ئەوەی، کە لە داهاتوو هەندێ گوزەرگایتری ژێر کۆنترۆلی کاربەدەستانی گومرگ و بە بڕیاری هاوبەش بکرێنەوە.
ماددەی ٤- ١- هەردوو لایەنی رێککەوتوو، لە ئەستۆ دەگرن، کە پێداویستیی ماددی و مرۆڤیی پێویست، بە مەبەستی دابینکاریی کاریگەری داخستن و کۆنترۆلکردنی سنوورەکان بەکار بێنن، بەجۆرێک کە رێگە لە دزەی کەسانی تێکدەر لە گوزەرگاکانی باسکراو لە ماددەی ٣ی سەرەوە، بگیرێت.

٢- لە حاڵەتێک، کە بەپێی ئەزموونی پێشتر لەمبارەیەوە، شارەزایان پێیانوابێت، کە پێویستە رێوشوێنێکی کاریگەر بگیردرێتەبەر، ئەوە لە کۆبوونەوەکانی مانگانەی کاربەدەستانی سنووری دوو وڵات، یا ئەگەر پێویست بێت لە رێگەی چاوپێکەوتن لەنێوان کاربەدەستانی باسکراو، ئامادەکاریی بۆ دەکرێت.

ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و مەحزەری کۆبوونەوەی چاوپێکەوتنەکانی سەرەوە، رەوانەی لای کاربەدەستانی سەرەوەی هەردوولا دەکرێت. لە حاڵەتێک، کە ناکۆکییەک لە نێوان کاربەدەستانی سنوور سەرهەڵبدات، بەرپرسانی بەرێوەبەرایەتییەکانی پێوەندیدار، لە بەغداد یا تاران چاویان بەیەکتر دەکەوێت، تا روانگەکانیان لە یەکتری نزیک بکەنەوەو ئەنجامی کۆبوونەوەکانیان، لە مەحزەرێک تۆمار بکەن.

ماددەی ٥-١- کەسانی تێکدەری دەستگیرکراو، دەدرێنە کاربەدەستانی دەسەڵاتداری ئەو لایەنەی، کە دەستگیرکردنەکە لە خاکی ئەودا جێبەجێ کراوەو زاگۆنی باو دەرهەقیان جێبەجێ دەکرێت.

٢- هەردوو لایەنی رێککەوتوو، یەکتری لە ئەو رێوشوێنانەی، کە لە دژی کەسانی بەرباسی بەندی ١ی سەرەوە دەگرنەبەر، ئاگادار دەکەنەوە.

ماددەی ٦- ئەگەر پێویست بێت، بە هاودەنگیی هەردوو لایەنی رێککەوتوو، رەنگە هەندێ دەڤەر، بۆ رێگەگرتن لە بەدیهاتنی ئامانجی خەڵکانی تێکدەر، بە دەڤەری قەدەغەکراو، رابگەیێندرێن.

ماددەی ٧- بە مەبەستی بەرقەراری و پەرەپێدانی هاوکارییەکی دوو لایەنەو سوودمەند بۆ هەردوولا، لیژنەیەکی هاوبەشی هەمیشەیی، پێکهاتوو لە سەرۆکی بەرێوەبەرایەتییەکانی سنوورو نوێنەرانی

وەزارەتەکانی کاروباری دەرەوەی هەردوو وڵات پێکدێت. ئەو لێژنەیە، دوو کۆبوونەوەی ساڵانە(لەسەرەتای هەر نیوەساڵی زایینی) دەبەستێت. لەگەڵ ئەوەش، بە پێی داواکاریی هەریەک لە هەردوو لایەن، رەنگە هەندێ کۆبوونەوەی نائاسایی، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە شێوازی رۆحی و ماددی، بۆ داخستن و کۆنترۆلکردنی سنوورو هەروەها بۆ سەپاندن و جێبەجێکردنی راستەقینەی رێوشوێنی سەرەکیی هاوکارییەکانی پێشبینیکراو لەم پرۆتۆکۆلە، رێک بخرێت.

ماددەی ٨- رێوشوێنی ئەم پرۆتۆکۆلەی پێوەندیدار بە داخستن و کۆنترۆلکردنی سنوور، هیچ خەوشێک بە رێوشوێنی رێککەوتنەکانی تایبەتی نێوان ئێران و عێراق ناگەیێنێت، کە سەبارەت بە مافی چەراندنی مەڕۆماڵات، یا سەبارەت بە کۆمیسیێرەکانی سنوور بەستراون.

ماددەی ٩- بە مەبەستی بەرقەرارکردنی ئاسایش لە سنووری رووباری هاوبەشی شەتتولعەرەب و پێشگیری لە دزەکردنی کەسانی تێکدەر لە هەردوولا، هەردوولای رێککەوتوو، رێوشوێنی پێویست دەگرنەبەر، بە تایبەت لە رێگەی دروستکردنی پۆستی تایبەتی چاودێری و چەکدارکردنیان بە بەلەمی گەڕان و چاودێری.

بەغداد لە رێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥

عەبباسعەلی خەلعەتبەری – وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران
سەعدوون حەممادی – وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق
بە ئامادەبوونی بەڕێز عەبدولعەزیز بووتەفلیقە، ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕش و وەزیری دەرەوەی جەزائیر، ئیمزا کرا.

## هاوپێچی پرۆتۆکۆلی پێوەندیدار بە ئاسایشی سنووری نێوان ئێران و عێراق

تێپەڕگەکانی ناوچەی باکووری سنوور:

١- ڕەواندز – خەزنە - دالانپەڕ – گیسیان – ڕەزائییە
٢- ڕەواندز – سیدەکان – دورووود – کانێڕەش – مەهاباد
٣- سیدەکان – بانە - سیڵوێ – مەهاباد
٤- ڕەواندز – گەلاڵە - حاجی ئۆمەران – تەمەرچین – پیرانشار(خانێ) – مەهاباد
٥- قەلادزە - شەهیدان(قەلای شەهیدان) – ساری حوزە – بەردەپان – سەردەشت
٦- قەلادزە - هەڵشۆ(هیرۆ) – بێوران – سەردەشت
٧- سلێمانی – ماوەت – باجوە - دولگان – سردەشت
٨- سلێمانی – چوارتە - چەمباراب – بوزگان – بانە
٩- پێنجوێن – میشۆ – خۆش دەڕە - پاسگای باستان – سەقز - مەهاباد
١٠- پێنجوێن – پەهلوودێژ – بانە
١١- پێنجوێن - باشماغ – مەریوان – سەنەندەج
١٢- پێنجوێن – توتمان – پیرانشاە - ویسە - مەریوان – سەنەندەج
١٣- سەیدسادق – خورماڵ – دیزلی – مەریوان
١٤- هەڵەبجە - تەوێڵە(بیارە) – نەوسوود
١٥- هەڵەبجە - دورووله - قەڵعەچە - باینگان – کرمانشا

١٦- مەیدان – باوەیسی
١٧- مەیدان – چیا رزا – تەپەڕەش – سەرقەڵا
١٨- قۆراتوو – چیاسوور – رەزوار – قەڵای هوان – تەپەڕەش – سەرقەڵا
١٩- خانەقین – دەرەخورما – هوشگری – گەرمک – ئەحمەدئاوا
٢٠- خانەقین – بلەجفت – کەریم ئاباد – قەسری شیرین
٢١- خانەقین – مەنزەرییە – خوسرەوی – قەسری شیرین

تێپەڕگەکانی هەڵکەوتوو لە بەشی باشووری سنوور:
١- ناوچەی نێوان خوسرەوی(لەگەڵ خوسرەوی)و باوەیسی(بەبێ باوەیسی)، کە تێپەڕگەکانی خوارەوە دەگرێتەوە:
أ- کانی بووز – زەینەل کوش(زەینەل کووش)- تەنگاب کوهنە
ب- نەیخانە – سەربەند- خان لەیلی – دەرباروو
ج- چوارباغ – پیرعەلی – چیا سورخە – خان لەیلی – دەرباروو
د- تەپەشاە – تەپە شیرۆ – محەل چادر
هـ – محەممەد خدر – تەپەگڵ – خان لەیلی – دەربارو
٢ – خانەقین – کانی ماسی – نەفتخانە – گومرک – نەفتشا
٣- ماکتوو – مەیپێچ – نەفتشا
٤- مەندەلی – کومە سنگ (وای الاهوران) – سوومار
٥- ئەلعەین – تەکتەک – تەکتەک مشکی – ئەنجیرە – صالح ئاباد
٦- بەدرە – زورباتییە – ئەلجیل – کانی سەخت – محەل چادر
٧- بەدرە – زورباتییە – صدور – کنجانجم – ئیلام
٨- بەدرە – صدالعرفات – (عەرەفات) – بەهرام ئاباد – مێهران

٩- کووت – شێخ سەعد – شەهابی – چەنگوولە

١٠- عەلی غەربی – چەلات عێراق – چەلات ئێران – دێهلۆڕان

١١- عەلی غەربی – طیلەب – بەیات – مووسیان

١٢- عەممارە - فەککە عێراق – فەککە ئێران – سووسە - ئەهواز

١٣- عەممارە - شیب – سووبلە - بوستان – سووسەنگرد

١٤- ئەبوو دفلە - طلعیلە - سووسەنگرد

١٥- ئەبوو دفلە - کووشک بەصرە - کووشک ئەهواز – ئەهواز

١٦- بەصرە شەلەمچە - خوڕەمشەهر – بەندەری شاهپوور

١٧- بەصرە - تەنومە- حدوود – خوڕەمشەهر

# ڕێککەوتنی نێوان ئێران و عێراق سەبارەت بە کەلانتەرەکانی سنوور

دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران و
دەوڵەتی کۆماری عێراق
لەبەر ئارەزوویان بۆ پتەوترکردنی ڕێکخستن و ئاسایش، لەسەر بنەمای ڕۆحی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر لە ڕێکەوتی ٦ی ئاداری ١٩٧٥، لە ناوچەکانی سنوور و بۆ چارەسەرکردنی ڕووداوو دەستدرێژکاری، یا ئەو ناکۆکییانەی کە ڕەنگە لە ناوچەکانی باسکراو سەرهەڵبدات، لەسەر ڕێوشوێنی خوارەوە ڕێککەوتن:

ماددەی ١ – هەردوولای ڕێککەوتوو، لە ئەستۆدەگرن، کە هەموو ڕووداو دەستدرێژکاری، یا ناکۆکییەکانی باسکراو لە ماددەی ٦ی ئەم ڕێککەوتننامەیە، کە لەناوچەکانی سەرسنوور سەرهەڵبدات، لە ڕێگەی دۆستانەو بەهۆی کەلانتەرەکانی سنووری ڕێپێدراوی خۆیان، چارەسەر بکەن.

ماددەی ٢- ناوچەی سەرسنوور، لە سەرەتای هێڵی سنووری هاوبەش، بە قووڵایی پازدە کیلۆمەتر لەناو خاکی هەردوولای ڕێککەوتوو، فراوان دەبێت.

ماددەی ٣- أ- هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتو، بۆ هەریەک لە ناوچە سەرسنوورییەکانی باسکراو لە خوارەوە، کەلانتەرێکی سنوور دادەمەزرێنن.

| له ئێران | له عێراق |
| --- | --- |
| خورەمشەهر | نووسینگەی قایمەقامیەتی بەصرە |
| سووسەنگرد | نووسینگەی قایمەقامیەتی عەممارە |
| دێهلۆران | عەلیغەربی |
| مێهران | بەدرە |
| سوومار | مەندەلی |
| قەسری | خانەقین |
| نەوسوود | هەڵەبجە |
| مەریوان | پێنجوێن |
| بانە | شارباژێر |
| سەردەشت | پشدەر(قەڵادزە) |
| پیرانشەهر | چۆمان |

دەکرێت ژمارەو مقەڕی کەلانتەرییەکانی سنووری باسکراو، بە هاودەنگیی هاوبەش، لە ڕێگەی دیپلۆماتیک، گۆڕانی تێ بکەوێت.

ب- هەردوولای ڕێککەوتوو، زۆر خێرا لە ڕێگەی دیپلۆماتیک، ناوو پلەو دەسەلاتی کەلانتەرەکانی سنوورو هەروەها هەرجۆرە گۆڕانێک، کە دوواتر لەمبارەیەوە ئەنجام بدرێت، بە ئاگاداری لایەنەکەیتر دەگەیێنن. روتبە، یا پلەی کەلانتەری سنوور، بە هاوڕایی هاوبەش، هەر بەو ڕێگەیە، دیار دەکرێت.

ماددەی ٤- هەر کەلانتەرێکی سنوور، مافی ئەوەی هەیە، کە بەهەر ژمارە کە پێویستی بێت، جێگر بۆخۆی دابمەزرێنێت و ناوو پلەو ئەرکەکانیان، بە کەلانتەری لایەنی ڕێککەوتووی خۆی رابگەیێنێت.

لەکاتی پێویست، هەر کەلانتەرێکی سنوور مافی ئەوەی هەیە، کە سوود لە رای پسپۆران وەربگرێت.

ماددەی ٥- کەلانتەرەکانی سنوور، ڕێوشوێنەکانی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی، کە لەسنووری دەسەلاتی ئەوانە، دەگرنەبەر.

لەکاتی دروستبوونی ڕووداوێک، کەلانتەرەکانی سنوور، پێکەوە دەکەونە لێکۆڵینەوەو ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە مەحزەرێک دەنووسن.

ئەو پرسانەی، کە جێگری کەلانتەرەکان لەسەری نەگەنە یەکدەنگی، ئەوە بە پێی بڕیاری کەلانتەرەکانی سنوور دەبێت.

ئەو ڕووداوانەی، کە بۆ چارەسەر کردنیان کەلانتەرەکانی سنوور نەگەنە یەکدەنگی، لە لایەن کۆمیسیۆنی هەردەمیی باسکراو لە ماددەی ١٩، چارەسەر دەکرێن.

ماددەی ٦- کەلانتەرەکانی سنووری هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، لە ناوچەیەک بە قوولایی پازدە کیلۆمەتر لە هەردوولای سنوور، دەرهەق بە پرسەکانی خوارەوە دەسەلاتیان دەبێت:

١- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست، بۆ پێشگیری لە سەرهەلدانی ڕووداو، لە ناوچەی سنووری.

٢- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست و ڕاگەیاندنی بە کەلانتەرەکانی سنووری لایەنەکەیتر، بۆ ڕێگەگرتن لە ڕوودانی جینایەت، یا تاوان لە ناوچەی سنووریی لایەنەکەیتر، بەهۆی کەسانی چەکدار، یا بێچەک و هەروەها بە مەبەستی پێشگیری لە تێپەڕینی کەسانی باسکراو لە سنوور لە هەردوولا. لە حالەتێک، کە ئەوجۆرە کەسانە لەسنوور تێپەڕبن و لە خاکی لایەنێک بچنە ناو خاکی لایەنەکەیتر، کەلانتەرانی سنووری لایەنی یەکەم، کەلانتەرانی لایەنی دووەم لە بابەتەکە ئاگادار دەکەنەوە. ئەم کەلانتەرانەش، ڕێوشوێنی پێویست بەمەبەستی بنچاوکردنی خەتاکاران و تەسلیم کردنیان بە کاربەدەستانی دادی دەسەلاتداری لایەنەکەیتر، دەگرنە بەر.

٣- أ- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست، بۆ پێشگیری لە هەموو جۆرە خۆرێکخستن و کردارێک، کە بتوانێت زیان بە ڕێکخستن و ئاسایشی ناوچە سنوورییەکەی لایەنیتر بگەیێنێت و هەروەها گرتنەبەری ڕێوشوێن لە دژی کەسانێک، کە هاندەربن بۆ کرداری تێپەڕینی قاچاغ لە سنوورو هاوکاری یا پشتیوانییان بکەن، یا خەلک بۆ چوون و نیشتەجێبوون لە خاکی لایەنەکەیتر، هان بدەن.

ب- ئەگەر هاتو، حزووری ئەو کەسانەی، کە ئەنجامدەری کردارەکانی باسکراو لە بەندی ئەلیفی سەرەوە بوون، لە ناوچەی سنووریی یەکێک

لە هەردوولای رێککەوتوو، پشتڕاست بکرێتەوە، کەلانتەرانی سنووریی ئەم لایەنە، چ یەکسەر چ دووای گەییشتنی زانیاری یا بەڵگە لە لایەن کەلانتەرەکانی سنووری لایەنەکەیتر، سەبارەت بەو کەسانەو یا بە دەستکەوتنی نیشانەو هێما بۆ شوێنی نیشتەجێ بوونیان، رێوشوێنی پێویست بەمەبەستی پێشگیری لە کردارەکانی سەرەوە، بە پێی یاساکانی نیشتیمانی خۆیان، دەگرنە بەر.

٤- گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست، بۆ بەربەرەکانێ لە دژی قاچاغ و دوورکردنەوەی قاچاغچییەکان لە ناوچەی سەرسنوور.

٥- گۆڕینەوەی زانیاری، لەکاتی روودانی کارەسات(ئاگرکەوتنەوە، لافاوو هتد)کە لە ناوچەی سەرسنوور روو بدەن و هاوکاری بۆ کۆنترۆل کردنی.

٦- گۆڕینەوەی زانیاری، لەکاتی دەستدرێژی بۆسەر ولکە[*]ی هەوایی هەردوولای رێککەوتوو، بەهۆی فڕۆکە.

٧- گرتنەبەری رێوشوێنی سپێر[**] لەدژی بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە ئاهۆیەکان، نەخۆشییەکانی ئاژەڵ و پەرژەنگی[***] گیایی لە سەرزەمینی لایەنەکەیتر.

بۆ ئەم مەبەستە، کەلانتەرەکانی سنووری ئەولایەنە رێککەوتووەی، کە لە سەرزەمینی ئەودا نەخۆشی ئاهۆ یا نەخۆشی ئاژەڵ یا پەرژەنگی گیاگی بڵاو بووەتەوە، لەسەریەتی کەلانتەری سنووری لایەنەکەیتر، لە بابەتەکە ئاگادار بکاتەوە.

---

[*] - قەڵەمڕەو

[**] - احتیاط

[***] - آفت، نەخۆشیی تایبەت بە گیاو دانەوێڵە.

هەرکاتێک، لەنێوان ئەو ئاژەڵانەی، کە لە خاکی لایەنێک، بۆ ناو خاکی لایەنەکەیتر دەگوێزرێنەوە، گومانی بوونی نەخۆشی هەبێت، کەلانتەرەکانی سنووری هەردوولای رێککەوتوو، بەپێی رێوشوێنی پشکنینی تەندروستی و پزیشکی ئاژەڵیی هەریەک لە هەردوولا، بڕیاری پێویست لەپێناو پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی، دەردەکەن.

٨- لێکۆڵینەوەو ئەگەر پێویست بێت وەرگرتنی بڕیار، لەسەر رووداوەکانی سنوور، بەتایبەت ئەوانەی خوارەوە:

أ- لەکاتی رووداني تەقە لە کەس یا شت و خاکی لایەنەکەیتر، لە سنوور.

ب- ئەو کاتەی کەسانێک کوژرابن، یا بریندار ببن و یا دووای تەقە لە ئەولای سنوور تووشی پێکان هاتبن یا ئەوکاتەی خەڵکی یەکێک لە هەردوولا، لە خاکی لایەنەکەیتر، بەرەورووی دەستدرێژی ببنەوە.

ج- کاتێک، کە کارمەندان یا کەسانیتر، بە شێوەی رێگە پێنەدراو لە سنوور تێبپەڕن، کەلانتەرانی سنوور دەبێت دەمودەست بکەونە لێکۆڵینەوەو لە حاڵەتێک کە یەکلا ببێتەوە، کە ئەم کەسانە بە هەڵە لە سنوور تێپەڕیون، دەگەڕێندرێنەوە ناو خاکی ئەو دەوڵەتەی، کە لێی هاتوون.

هیچیەک لە هەردوولا، مافی ئەوەیان نییە، کە ئەو کەسانەی کە بە هەڵە لە سنوور تێپەڕیون، وەرنەگرنەوە.

د- کاتێک، کە لەسنوور قسە یا کرداری سووک، دەرهەق بە لایەنەکەیتر بگوترێت، یا ئەنجام بدرێت.

هـ- لەکاتی دەستدرێژی بۆ سەر سنوور، بەهۆی بەلەم یا کەلەک.

و- لە حاڵەتی دۆزینەوەی کەلەک، یا کەلوپەلی ماسیگری، یا ئەو شتانەی کە بەهۆی فاکتەری سروشتی، بۆ سەرزەمینی وڵاتیتر گواسترابنەوە.

ز- لەکاتی جێگۆڕکێ، یا تێکچوون یا ونبوونی سنگ یا دامەزراوەکانیتری سنوور، لەوانەش دامەزراوو هێماکانی رووباری.

ح- ئەوکاتەی، کە کەلوپەلی دەوڵەتی، یا کەلوپەلیتر، لەناو خاکی لایەنەکەیتر بدزرێت، یا لەناو بچێت، یا تێک بچێت.

لە حاڵەتی وادا، کەلوپەلی دەوڵەتی و کەلوپەلی تایبەتی، یا کەلوپەلیتر، کە دزراون یا بە ئەنقەست، یا بە هەڵە بۆناو خاکی لایەنەکەیتر گواسترابنەوە، دەبێت بەلایەنیکەم بۆ ئەو لایەنە، کە کەلوپەلەکان هی ئەون، بگەڕێندرێتەوە، ئەگەر هاتو نەکرا تەواو یا بەشێک لە خودی کەلوپەلی سەرەوە بگەڕێندرێتەوە، کەلانتەرەکانی سنووری هەردووولای رێککەوتوو، دەرهەق بە دیارکردنی قەرەبووی پێوەندیدار، دەگەنە بڕیاری هاودەنگ.

ط- کاتێک، کە ئاژەڵی خۆماڵی، بە هەڵکەوت یا لەژێر چاودێریی تایبەتی، لە سنوور تێپەڕ بووبن.

لەم حاڵەتە، ئەو ئاژەڵانە دەبێت بەلایکەم بۆ ئەو لایەی، کە سەربەئەون بگەڕێندرێنەوە.(زیانەکانی ماددیی یەکلا کراوە، بەپێی رێوشوێنی نووسراو لە لقی ج ی سەرەوە، قەرەبوو دەکرێتەوە).

ی- ناکۆکییەکانی پێوەندیدار بە راوی بێڕوخسەتی گیانلەبەرانی وشکایی، لە ناوچەکانی سەرسنوور.

ک- لەکاتی ئاگرکەوتنەوە لە هێڵی سنوورو پەرەسەندنی، بۆ ناو خاکی لایەنەکەیتر.

ل- چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی پێوەندیدار بە بەکارهێنانی ناشیاو لە ئاوەکانی سنوور، کە لە ئەنجامدا، ببێتە هۆی پیسبوونی ئاوەکان و گەیاندیان بە ئاستێک، کە بۆ ئاودێری و خواردنەوە شیاو نەبێت. لەمبارەیەوە، ڕێوشوێنی ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق، دەرهەق بە سوودوەرگرتن لە رووبارەکانی سنوور، دەخرێتە واری جێبەجێ کردنەوە.

م- لە سنووری دەسەلاتەکانی خۆی، لێکۆڵینەوە لە داواکارییەکانی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە دووای سەرهەڵدانی رووداوی سنوور، بەهۆی یەکێک لە لایەنەکان و یا بەهۆی کەسانێک، کە لە ناوچەی ژێر دەسەلاتداریەتیی ئەو لایەنەن، روویدابێت.

لە کاتی چارەسەرکردنی رووداوەکانی سنوور، بەپێی لقەکانی و،ز،ح،ک، بەندی ٨ی ئەم ماددەیە، هەروەها کەلانتەرانی سنووری هەردوولایەنی ڕێککەوتوو، دەکەونە چارەسەرکردنی پرسەکانی پێوەندیدار بە شێوازی گەڕاندنەوەی ئەو کەلوپەلانەی، کە لە خاکی لایەنەکەیتر دۆزراونەتەوە.

٩- أ- کەلانتەرەکانی سنووری هەردوولای ڕێککەوتوو، سەبارەت بە پاراستن و راگرتن و چاککردنەوەی سنگەکانی سنوور، لەگەڵ کۆمیسیۆنی هاوبەشی پێشبینی کراو لە ماددەی ٥ی پرۆتۆکۆلی سەبارەت بە هێماگوزاریی سنووری زەمینی لەنێوان ئێران و عێراق لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥، ئیمزا کراو لە بەغداد، هاوکاری دەکەن.

ب- کەلانتەرەکانی سنوور، دۆرماندۆری سنگەکانی سنوور بەشێوەیەک رادەگرن، کە دەست پێڕاگەییشتنی ئاسان بێت.

سەرتاسەری هێڵی سنوور، بەشێوەیەک رادەگیرێت، کە لەتەواوی وەرزەکان، بینین تێیدا مومکین بێت.

ماددەی ٧-١- هەرکاتێک، یەکێک لە دانیشتووانی هەردوو لایەنی رێککەوتوو، دووای ئەنجامدانی تاوانێک لە ناوچەی سەرسنووری وڵاتەکەی خۆی، پەناهەندە ببێتە ناوچەی سەرسنووری لایەنە رێککەوتووەکەیتر، دەتوانێت داوای گرتنی تاوانبارەکە بکات. کەلانتەری سنووری لایەنە رێککەوتووەکەیتر، تەواوی هەوڵی خۆی دەخاتە کار، تا کەسی باسکراو بگرێت و کەلانتەری سنووری لایەنی داواکار، لە بابەتەکە ئاگادار بکاتەوە.

٢- کەلانتەری سنووری داواکار، دەتوانێت بەنووسین لە کەلانتەری سنووری داوالێکراو داوابکات، تا بەلایزۆر لەماوەی دە رۆژ لەماوەی گرتنی کەسی هەڵاتوو، ناوبراو تەسلیم بکاتەوە.

٣- ئەگەر هاتوو، کەلانتەری سنووری داوالێکراو، بە هەرهۆیەک، لە ماوەی دە رۆژ، تاوانبارەکە تەسلیم نەکاتەوە، پێویستە تا گەییشتنی بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار لە رێگەی دیپلۆماتیک، هەر بەگرتوویی بیهێڵێتەوە. بەهەرحاڵ، ماوەی گرتنی تاوانبار، نابێت لە دوو مانگ تێپەڕ بکات.

٤- هەرکاتێک، کەلانتەرەکانی سنووری یەکێک لە لایەنەکانی رێککەوتوو، لە هاتنە ناوەوەی کەسێکی داواکراو لە لایەن کاربەدەستانی لایەنی رێککەوتوویتر، بۆ ناوچە سەرسنوورییەکانی خۆی هایدار بێت، دەبێت بیگرێت و کەلانتەری سنووری لایەنەکەیتر، لە بابەتەکەو رێکەوتی گرتنەکە ئاگادار بکاتەوە. رێوشوێنی بەندەکانی باسکراوی سەرەوە، دەرهەق بەو کەسانەی بەمشێوەیە دەگیرێن، جێبەجێ دەکرێت.

ماددەی ٨- ئەو بڕیارانەی، کە بە هاودەنگی لەلایەن کەلانتەرەکانی سنوور، لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیان، دەرهەق بە ڕووداوەکانی سنوورو دیارکردنی ڕادەی (غەرامە)ی پێوەندیدار، یەکلاکەرەوەن و پێویستە جێبەجێ بکرێن.

ماددەی ٩- ١- یەکەم کۆبوونەوەی کەلانتەرەکانی سنوور، لەماوەی سی ڕۆژ لەو ڕێکەوتەوە دەستپێدەکات، کە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە دیار دەکرێت. کەلانتەرەکانی سنوور، لە ڕێگەی گۆڕینەوەی یادداشت، دەرهەق بە شوێنی ئەم کۆبوونەوەیە دەگەنە یەکدەنگی. پاشان هەر سێ مانگ جارێک، کۆبوونەوەیەکی هاوبەش، لەنێوان کەلانتەرەکانی سنوور، بە نۆبەت لە سەرزەمینی هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، پێکدەهێندرێت.

٢- بەپێی داواکاریی کەلانتەرەکانی سنووری هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، بەپێی پێویست کۆبوونەوەی نائاساییش، دەکرێت ڕێکبخرێت.

٣- هەرکاتێک، لەبەر هۆیەکی بەجێ، کۆبوونەوە باسکراوەکان لەکاتی دیارکراوی خۆیان نەبەسترێن، مۆڵەتێکی دووبارەی پێنج ڕۆژە، تەنیا بۆ جارێک، لەبەرچاو دەگیرێت.

٤ - لەکاتی دەمودەست، یا پێویستیی زۆر، کەلانتەرانی سنوور دەتوانن، بە ئاگاداریی پێشتر، لەگەڵ یەکتری دیدار بکەن. لەمبارەیەوە، مافی ئەوەیان هەیە، کە بەلایزۆر چوار کەسیان، لەگەڵدا بێت.

ماددەی ١٠-١- باسی کاری کۆبوونەوەکان، پێشتر لە ڕێگەی نووسراو گۆڕینەوە، دیار دەکرێت، لەگەڵ ئەوەش، ڕەنگە لەم کۆبوونەوانە،

پرسگەلێکیتر، کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کەلانتەرەکانی سنوور بێت، بخرێتە بەرباس.

٢- بۆ هەریەک لە کۆبوونەوەکانی کەلانتەرەکانی سنوور، یا جێگرەکانیان، مەحزەرێکی کۆبوونەوە رێکدەخرێت، کە تێیدا بەکورتی لەسەر وتووێژەکان و ئەو بڕیارانەی دراون و شێوازی جێبەجێ کردنیان، دەنووسرێت.

ماددەی ١١- کەلانتەرەکانی سنوورو جێگرەکانیان دەتوانن، دووای هاودەنگیی پێشتر، بۆ گەییشتن بە راستی، لەسەر رووداوێکی سەرسنوور، پێکەوە لێکۆڵینەوەی مەیدانی بکەن. لە حاڵەتی وادا، دەتوانن بەپێی پێویست، پسپۆرو وەرگێڕو شاهیدو ئەو کەسانەی، کە بەهۆی رووداوەکە زیانیان پێ گەییوە، لەگەڵ خۆیان ببەن.

لێکۆڵینەوە، لەلایەن ئەو لایەنە بەڕێوە دەچێت، کە رووداوەکە لە خاکی ئەودا روویداوە.

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە، بەپێی رێوشوێنی ماددەی ١٠ی ئەم رێککەوتننامەیە، لە مەحزەرێک تۆمار دەکرێت.

ماددەی ١٢- لەسەر کەلانتەرەکانی سنووری هەردوولای رێککەوتوو پێتڤییە، هەرچی زووتر، یەکتر لە ئەنجامی بڕیارەکانی وەرگیراو لە کۆبوونەوەکان، ئاگادار بکەنەوە.

ماددەی ١٣- کەلانتەرەکانی سنوور، بە هاودەنگیی هاوبەش، شوێنەکانی دیدار، لە ناوچەیەک بە قووڵایی دوو کیلۆمەتر لە هێڵی سنوور، دەستنیشان دەکەن. بۆ گۆڕینەوەی نامەکان و دانەوەی کەسان و کەلوپەلیش، هەر بەمشێوەیە رەفتار دەکرێت. شوێنەکانی دیداری باسکراو، لە یەکەم کۆبوونەوەی کەلانتەرەکانی سنوور، دیار دەکرێت،

کە دووای ئەو ڕێکەوتە دەبەسترێت، کە ئەم ڕێککەوتننامەیە، دەخرێتە واری جێبەجێ کردنەوە.
کەلانتەرەکانی سنوور دەتوانن بە هاودەنگی، ژمارەو شوێنی دیدارەکان بگۆڕن.
کەلانتەرەکانی سنوورو جێگرەکانیان دەبێت، خۆیان کرداری تەسلیم کردنەوەی کەسەکان، ئەنجام بدەن.
کەلانتەرەکانی سنوورو جێگرەکانیان، لە هەر بابەتێک دەرهەق بە ڕێکەوت و شوێنی گەڕاندنەوە، دەگەنە یەکدەنگی. دەستاودەست کردنی ئاژەڵەکان، لەو ناوچەیە دەبێت، کە لەسنوور تێپەڕیون.
دانەوەی ئاژەڵەکان و کەلوپەل و نامەکان، دەتوانیێت بەهۆی فەرماندەکانی پاسگاکانی سنوور، بە نوێنەرایەتی لە لایەن کەلانتەرەکانی سنوور، ئەنجام بدرێت.
نامەکان پێویستە لە هەموو کاتێک، تەنانەت ڕۆژانی جەژن و پشووش وەربگیرێت.
کەلانتەرەکانی سنوور بە هاودەنگی، نموونەی ئەو وەسڵەی، کە لەکاتی گەیاندنی نامەکان و ئاژەڵەکان و کەلوپەلەکان، دەدرێت، ڕێکدەخەن.
کەلانتەرەکانی سنوور، دەرهەق بەو هێمایانەی، کە بۆ پێوەندیکردن بە سنوورداری لایەنەکەیتر، بەکار دەهێندرێن، ڕێکدەکەون.
ماددەی ١٤- کەلانتەرەکانی سنوورو جێگرەکانیان و نقیسکارو وەرگێڕو کارناسەکان، بۆ ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی، کە لە ڕێوشوێنی ئەم ڕێککەوتننامەیە سەرچاوە دەگرێت، دەتوانن لە سنوور تێبپەڕن.
کەلانتەرانی سنوورو جێگرەکانیان بۆ تێپەڕین لەسنوور، بەڵگەنامە نووسراوەکانی پێشبینی کراو لە ماددەی ٣ی ئەم ڕێککەوتننامەیە، پێشان

دەدەن. ئەم بەڵگەنامانە، داگری وێنە ئیمزای هەڵگرەکەی و هەروەها ویزای کەلانتەری سنووری لایەنەکەیتر دەبێت و ماوەی کارپێکردنی ویزا، بۆ کەلانتەرەکانی سنوور یەکساڵ و بۆ جێگرەکانیان شەش مانگ دەبێت و هەر بۆ ئەو ماوەیەش، دەکرێت درێژ بکرێنەوە.

کارناسان و ئەو کەسانەی کە ئامادەبوونیان بۆ روونبوونەوەی پرسێک پێویست بێت، دەتوانن بە پێشاندانی بەڵگەیەک، کە روخسەتیان پێدەدات یەکجار لە سنوور تێپەڕن و پاشان بگەڕێنەوەو ماوەکەی پێنج رۆژ دەبێت و تەنیا بۆ یەکجار دەکرێت درێژ بکرێتەوە.

پشتگیریی سنوور، لەلایەن کەلانتەرێکی سنووری یەکێک لە هەردوولای رێککەوتوو، دەردەکرێت و لەلایەن کەلانتەری سنووری لایەنەکەیتر، ویزا دەکرێت.

ماددەی ١٥- رۆژ و ساعەتی تێپەڕینی ئەو کەسانەی، کە دەبێت بچنە ئەوبەری سنوور، لەکاتی شیاوو بەلایکەم ٢٤ سعات پێش وادەی دیارکراو، بە نزیکترین گاردی سنووریی لایەنیتر رادەگەیێندرێت. گاردی سنوور، کەسێکی رێشاندەر رەوانەی شوێنی تێپەڕین دەکات، تا کەسەکان تا خاڵی دیدار هاوڕێیەتی بکات.

ماددەی ١٦- کەلانتەرەکانی سنوورو جێگرەکانیان، لە ماوەی ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆیان، لە پارێزاهیی تایبەتی بەهرەمەند دەبن و ئەو شتومەکەی بەو مەبەستە لەگەڵ خۆیان هەڵدەگرن، ناکەوێتە بەر ماف و باجی گومرگی.

ماددەی ١٧- کەسانی باسکراو لە ماددەی ١٤ی ئەم رێککەوتننامەیە، لەکاتی ئامادەبوون لە ناوچەی سەرسنووری هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو، لە هەموو هاوکارییەکی پێویست، لەوانەش ئامێری

گواستنەوەو نیشتەجێبوون و ئامێری پێوەندی لەگەڵ کاربەدەستانی پێوەندیداری خۆی، بەهرەمەند دەبێت.

ماددەی ١٨- کەلانتەرەکانی سنوور مافی ئەوەیان نییە، ناکۆکییەکانی پێوەندیدار بە هێڵی سنوور، چارەسەر بکەن و لەهیچ دۆخێکدا، ناتوانن دەست بخەنە ناو کاروباری سیاسیی لایەنە رێککەوتووەکەیتر.

ماددەی ١٩- هەردوولای رێککەوتوو، کۆمیسیۆنێکی هەردەمی، پێکهاتوو لە ژمارەی یەکسانی ئەندام، بۆ هاوئاهەنگ کردنی ئەرکەکانی کەلانتەرەکانی سنوور پێکدێنن. ئەو کۆمیسیۆنە، بەلایکەم جارێک لەساڵ، بە نۆبەت لە ئێران و عێراق کۆ دەبێتەوەو هەرکاتێک کە بارودۆخ پێویست بکات، دەکرێت بانگێشت بکرێت بۆ کۆبوونەوە. کۆبوونەوەکانی نائاسایی ،لەناو خاکی لایەنی داواکار، ئەنجام دەدرێت.

کۆمیسیۆنی هەردەمی، هەوڵدەدات تا ئەو پرسانەی، کە کەلانتەرەکانی سنوور لەسەری نەگەییشتبنە رێککەوتنێک، لە رێگەی دۆستانە چارەسەر بکات. بەم مەبەستە، کۆمیسیۆن دەتوانێت کەلانتەرەکانی سنووری هەردوولای رێککەوتوو، بانگ بکات و لە حاڵەتی نەگەییشتن بە هاودەنگی، پرسە باسکراوەکان لەرێگەی دیپلۆماتیک، چارەسەر دەکرێت.

هەردوولای رێککەوتوو، لەرێگەی دیپلۆماتیک، دەرهەق بە شوێن و رێکەوتی کۆبوونەوەی کۆمیسۆن، رێکدەکەون و بەلایکەم مانگێک پێش کۆبوونەوەی باسکراو، یەکتر لە ناوو پلەو نوێنەرانی خۆیان و هەروەها ئەو پرسانەی، کە دەخرێنە بەرنامەی کاری رۆژانەی کۆمیسیۆن، ئاگادار دەکەنەوە.

ماددەی ٢٠- ئەم رێککەوتننامەیە، لە رێکەوتی گۆڕینەوەی بەڵگەنامەکانی ئەرێکراو، پێویستە بۆ ماوەی پێنج ساڵ، لە جێبەجێکردندا بێت و لە

کۆتایی ئەو ماوەیە، خۆبەخۆ درێژ دەبێتەوە، مەگەر یەکێک لە لایەنەکانی رێککەوتوو، شەش مانگ پێش رێکەوتی کۆتاییهاتن، هەڵوەشانەوە یا چاوپێداخشاندنی لەسەر داوا بکات.

ئەم رێککەوتننامەیە، جێی رێککەوتننامەی کاتیی ١٩٣٢ لەنێوان ئێران و عێراق، سەبارەت بە دەستنیشانکردنی کەلانتەرەکانی سنوور دەگرێتەوە.

بەغداد – لە رێکەوتی ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥
لەلایەن دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران – عەبباسعەلی خەلعەتبەری
لەلایەن دەوڵەتی کۆماری عێراق – سەعدوون حەممادی

# پڕۆتۆکۆلی تایبەت بە دیارکردنی سنووری رووباری، لە نێوان ئێران و عێراق

بە پێی بڕیاری دەرکراو لە دانەزانی رێکەوتی ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لە ئەلجەزائیر، هەردوولای رێککەوتوو دەرهەق بە رێوشوێنەکانی خوارەوە، هاودەنگی خۆیان دەربڕی:

ماددەی ١ – هەردوولای رێککەوتوو، پشتڕاستی دەکەنەوەو دانی پێدا دەنێن، کە دەستنیشانکردنی سنووری دەوڵەتی لە رووباری شەتتولعەرەب لە نێوان ئێران وعێراق، لەسەر بنەمای هێڵی تالۆگ، لە لایەن لێژنەیەکی هاوبەشی ئێران و عێراق و جەزائیر، بە پێی بەڵگەنامەکانی خوارەوە، ئەنجام دراوە:

١- پڕۆتۆکۆلی تاران، لە رێکەوتی ١٧ی ئاداری ١٩٧٥.

٢- مەحزەری کۆبوونەوەی وەزیرانی کاروباری دەرەوە، کە لە رێکەوتی ٢٠ی نیسانی ١٩٧٥ لە بەغداد بەستراو لە مەحزەری باسکراو، مەحزەری کۆبوونەوەی لێژنەی راسپێردراوی دیارکردنی سنووری رووباری، لە رێکەوتی ١٦ی نیسانی ١٩٧٥، کە لەسەر کەشتیی عێراقیی ئەلسەورە لە شەتتولعەرەب ئیمزا کرابوو، پەسەند کراوە.

٣- نەخشەكانی هیدرۆگرافیكی هاوبەش، كە دووای شەنوكەو كردن لە شوێنەكەو راستكردنەوەو تۆماركردنی تایبەتمەندییەكانی جوگرافیایی خاڵەكانی تێپەڕینی هێڵی سنوور لە ١٩٧٥، لە لایەن پسیۆرانی هیدرۆگرافیای كۆمسیۆنی پسپۆریی هاوبەش ئیمزا كراوەو لە لایەن بەرپرسی كۆمیتەكانی ئێران و عێراق و جەزائێر لە لێژنەكە، پەسەند كرا. نەخشە باسكراوەكان، كە لە خوارەوە هێمایان بۆ دەكرێت، بەم پرۆتۆكۆلەوە دەلكێندرێن و بەشێكی جیانەكراوەن لێی:

نەخشەی ژمارە ١- El Arab No.٣٨٤٢ Entrance to Shatt

كە لە لایەن دەریاداریەتیی بریتانیا چاپ كراوە.

نەخشەی ژمارە ٢ — Kabda Point No.٣٨٤٣ Inner Bar To

كە لە لایەن دەریاداریەتیی بریتانیا چاپ كراوە.

نەخشەی ژمارە ٣ — Abadan No.٣٨٤٤ Kabda Point To

كە لە لایەن دەریاداریەتیی بریتانیا چاپ كراوە.

نەخشەی ژمارە ٤ — Umm at Tuwa Ylah No.٣٨٤٥ Abadab To Jazirat

كە لە لایەن دەریاداریەتیی بریتانیا چاپ كراوە.

ماددەی ٢ — ١ — هێڵی سنووری لە شەتتولعەرەب، لە خاڵێک كە سنووری زەمینی لە نێوان ئێران و عێراق، دەگاتە شەتتولعەرەب، تا دەریا، بە ئاراستەی هێڵی تالۆگ، واتە هێڵی ناوەندی كەناڵی ئەسڵی، كە شیاوی كەشتیوانییە، لە خوارترین ئاستی شیاوی كەشتیوانی، دەگرێتەوە.

٢ — هێڵی سنوور، بەوشێوەیەی كە لە بەندی ١ی سەرەوە هاتووە، لەگەڵ ئەو گۆڕانكارییانەی، كە لەبەر هۆكاری سروشتی، لە كەناڵی ئەسڵیی شیاوی كەشتیوانی روو بدەن، دەگۆڕێت. هێڵی سنوور، بەهۆی

گۆڕانکاریتر، گۆڕانی بەسەر نایەت، مەگەر هەردوولای ڕێککەوتوو، ڕێککەوتنێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە، پەسەند بکەن.

٣- گۆڕانکارییەکانی باسکراو لە بەندی ٢ی سەرەوە، بە هاودەنگی و بەهۆی دەزگاکانی پسپۆرو دەسەڵاتپێدراوی هەردوو لایەنی ڕێککەوتوو، تۆمار دەکرێت.

٤ – لە حاڵێک، کە بەهۆی ڕووداوی سروشتی، بەستی شەتتولعەرەب یا ڕێژگەکەی، گۆڕانی بەسەردا بێت و ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕان، لە خاوەندارییەتی نیشتیمانی، لە سەرزەمینی هەردوو دەوڵەتی پێوەندیدار، یا مولک وماڵی نەگوێزراوو بینایەو دامەزراوەی پسپۆری یا ناپسپۆری، ئاراستەی هێڵی سنوور هەر هێڵی تالوگ، بەو شێوەیەی لە بەندی یەکەمی سەرەوە هاتووە، دەبێت.

٥ – مەگەر لە حاڵەتێک، کە هەردوولای ڕێککەوتوو، پێکەوە بڕیار بدەن کە ئاوەکە پێویستە ئاراستەی نوێ بگرێتەبەر. ئاوەکان بە پێی تۆمارکارییەکانی هەرچوار نەخشەی هاوبەشی پێشبینیکراو لە بەندی سێیەمی ماددەی یەکەمی سەرەوە، لەسەر حیسابی هەردوولا، دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئەو بەستەی کە لەساڵی ١٩٧٥ هەیبووە، بەو مەرجەی، یەکێک لە لایەنەکان، لە ماوەی دوو ساڵ دووای ئەوەی، کە گۆڕینی بەستەکە، بەهۆی هەریەک لەوانە هەست پێ کرابێت، داواکارییەکی وا بخاتە ڕوو.

بەدرێژەی ئەو ماوەیە، مافی هەردوولا لە کەشتیوانی و سوودوەرگرتن لە بەستی نوێ، پارێزراو دەبێت.

ماددەی ٣ – ١- سنووری ڕووباری، لە شەتتولعەرەب، لە نێوان ئێران و عێراق، بەجۆرێک کە لە ماددەی سەرەوە پێناسە کراوە، بە هۆی هێڵێک

لەسەر نەخشەکانی هاوبەش، بابەتی بەندی ٣ی ماددەی یەکەمی سەرەوە، دەستنیشان کراوە.

٢- هەردوولایەنی ڕێککەوتوو، هاودەنگبوون کە کۆتایی سنووری رووباری، دەکەوێتە سەر هێڵێکی راست، کە لەکۆتایی هەردوو لێوار، لە بەستی شەتتولعەرەب، لە کاتی داکشانی دەریا Astronomical Lowest Waterپێکەوە دەلکێنێت.

ئەم هێڵە راستە، لەسەر نەخشەکانی هیدرۆگرافیکی هاوبەشی باسکراو لە بەندی ٣ی ماددەی یەکەمی سەرەوە، راکێشراوە.

ماددەی ٤ – هێڵی سنووری شیکراوە لە ماددەکانی ١و٢و٣ی ئەم پرۆتۆکۆلە، بە ئاراستەی ئەستوونی، سنووری هەوایی و ژێرزەویش، دەستنیشان دەکات.

ماددەی ٥ – هەردوولایەنی ڕێککەوتوو، کۆمسیۆنێکی هاوبەشی ئێران و عێراق پێکدێنن، تاکوو لە ماوەی دوو مانگ، مولک و ماڵی نەگوێزراوو بینایەو دامەزراوەکانی پسپۆری و ناپسپۆری، کە خاوەندارییەتی نیشتیمانییان، بەهۆی دەستنیشانکردنی سنووری رووباری، لە نێوان ئێران و عێراق، گۆڕانی بەسەردا دێت، لە ڕێگەی کڕینەوە یا قەرەبووکردنەوەی زیانەکان و یا لەهەر ڕێگەو شێوازی پێویستیتر چارەسەر بکەن، تا لە مانەوەی ناکۆکی، دوورەپەرێزی بکرێت.

ماددەی ٦ – بە سەرنجدان بە کۆتاییهاتنی ڕێوشوێنی پیوان و ئەندازەگیری لە شەتتولعەرەب و کێشانی نەخشەی هاوبەشی هیدرۆگرافیک، کە لە بەندی ٣ی ماددەی ١ی سەرەوە باسکراوە، هەردوولایەنی ڕێککەوتوو، کۆکبوون کە دووبارە رووپێوییەکی

هاوبەش، هەر دەساڵ جارێک، لە ڕێکەوتی ئیمزای ئەم پرۆتۆکۆلە، ئەنجام بدرێت.
لەگەڵ ئەوەشدا، هەریەک لە هەردوولا، ئەو مافەیان هەیە کە داوا بکەن، کە بەرلە کۆتاییهاتنی مۆڵەتی دەساڵە، رووپێویی نوێی هاوبەش، ئەنجام بدرێت.
ماددەی ٧ – ١- کەمییەکانی بازرگانی و دەوڵەتی و سەربازیی هەردوولای ڕێککەوتوو، ئازادیی کەشتیوانییان، لە شەتتولعەرەب هەیە، بەبێ رەچاوکردنی سنووری دەریای سەرزەمینیی هەریەک لە دوو وڵات، لە تەواوی بەشەکانی کەناڵەکانی شیاوی کەشتیوانی، لە دەریای سەرزەمینی، تا ڕێژگەی شەتوولعەرەب.
٢- کەشتییەکانی بەکارهێنراو بۆ بازرگانی و ئەوانەی سەربە وڵاتی سێیەمن، لەسەر بنەمای یەکسانی و نەبوونی جیاوازی، لە ئازادیی کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، بەهرەمەند دەبن، بەبێ رەچاوکردنی سنوورەکاتی دەریای سەرزەمینیی هەریەک لە دوو وڵات و لە تەواوی بەشەکانی کەناڵەکانی شیاوی کەشتیوانی، کە دەکەونە ناو دەریای سەرزەمینی، تا ئاوڕێژگەی شەتتولعەرەب.
٣- هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، دەتوانن ڕێگە بە هاتنی کەشتییەکانی سەربازیی بێگانە، بۆ باکووری شەتتولعەرەب بدەن، بۆ سەرەدانکردنی بەندەرەکانیان، بەو مەرجەی، ئەو کەشتییانە سەربە وڵاتیک نەبن، کە لە حاڵەتی دوژمنکاری یا هێرشی چەکدارانە یا شەڕ لەگەڵ یەکێک لە لایەنەکانی ڕێککەوتن بن و لایەنەکەیتر لە ماوەیەک، کە لە حەفتاودوو سعات کەمتر نەبێت، لە بابەتەکە ئاگادار بکرێتەوە.

٤- هەردوولایەنی ڕێککەوتوو، لە هەموو حاڵەتێک بۆیان نییە، ڕێگە بە هاتنی کەشتییە بازرگانییەکانی وڵاتێک بدەن، بۆ شەتتولعەرەب، کە سەربە وڵاتێک بن، کە لە حاڵەتی دوژمنکاری یا هێرشی چەکداری یا شەڕ لەگەڵ یەکێک لە لایەنەکان بێت.

ماددەی ٨ – ١- ڕێوشوێنی تایبەت بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، لە لایەن کۆمسیۆنێکی هاوبەشی ئێرانی و عێراقی، لەسەر بنەمای مافی یەکسانی کەشتیوانیی هەردوو دەوڵەت، ڕێکدەخرێت.

٢- هەردوولایەنی ڕێککەوتوو، لە ئەستۆ دەگرن، کە دوواتر هەندێک ڕێککەوتننامە سەبارەت بە کاروباری باسکراو لە بەندەکانی ١و٢و٣ی ئەم ماددەیە، ببەستن.

ماددەی ٩ – هەردوولایەنی ڕێککەوتوو، بە دانتان بەوە، کە شەتتولعەرەب لە راستیدا ڕێئاوێکی کەشتیوانیی نێونەتەوەییە، لە ئەستۆ دەگرن، کە لە هەرجۆرە بەکارهێنانێک خۆ بپارێزن، کە ببێتە هۆی کێشە بۆ کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب و دەریای سەرزەمینیی هەردوو وڵات، لە تەواوی بەشی کەناڵەکانی شیاوی کەشتیوانی لە دەریای سەرزەمینی، تا ڕێژگەی شەتتولعەرەب.

بەغداد لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥

عەبباسعەلی خەلعەتبەری – وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران

سەعدوون حەممادی – وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق

بە ئامادەبوونی بەڕێز عەبدولعەزیز بووتەفلیقە، ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕش و وەزیری دەرەوەی جەزائیر ئیمزا کرا.

# پڕۆتۆکۆلی تایبەت بە سەرلەنوێ هێماگوزاری بۆ سنووری ئێران و عێراق

بە پێی بڕیاری وەرگیراو لە دانەزانی ئەلجەزائێر لە ڕێکەوتی ٦ی ئاداری ١٩٧٥، هەردوو لایەنی ڕێککەوتوو، دەرهەق بە ڕێوشوێنی خوارەوە، هاوڕایی خۆیان دەربڕی:

ماددەی ١- أ- هەردوولایەنی ڕێککەوتوو، پشتڕاستی دەکەنەوەو دانی پێدادەنێن، کە هێماگوزاریی سەرلەنوێی سنووری زەمینی دەوڵەتی، لە نێوان ئێران و عێراق، لە لایەن لێژنەیەکی هاوبەشی ئێران و عێراق و جەزائێر، بە پێی بنەماکانی خوارەوە، جێبەجێ کراوە:

١-پڕۆتۆکۆلی قوستەنتەنییەی ١٩١٣و مەحزەری کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆنی نوێکردنەوەی سنووری تورکیاو ئێران لە ١٩١٤.

٢- پڕۆتۆکۆلی تاران، لە ڕێکەوتی ١٧ی ئاداری ١٩٧٥.

٣- مەحزەری کۆبوونەوەی وەزیرانی کاروباری دەرەوە، کە لە ڕێکەوتی ٢٠ی نیسانی ١٩٧٥لە بەغداد ئیمزا کراو تێیدا مەحزەری کۆبوونەوەی لیژنەی ڕاسپێردراوی هێماگوزاریی سنوور، کە لە ٣٠ی ئاداری ١٩٧٥ لە تاران ئیمزا کرابوو، پەسەند کرا.

٤- مەحزەری کۆبوونەوەی وەزیرانی کاروباری دەرەوە، کە لە ڕێکەوتی ٢٠ی مایسی ١٩٧٥ لە ئەلجەزائیر ئیمزا کرا.

٥- مەحزەری کۆبوونەوەی گشتگیری پرۆسەی هێماگوزاریی سنووری زەمینی، لە نێوان ئێران و عێراق، لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥، کە لەلایەن لیژنەی ڕاسپێردراوی هێماگوزاریی سنووری زەمینی ئامادەکراو هاوپێچی ژمارە ١و بەشێکی جیانەکراوەی ئەم پرۆتۆکۆلە دەبێت.

٦-کۆمەڵە نەخشەیەک بە ئەندازەی ٥٠٠٠٠ : ١، کە لەسەریان سنووری زەمینی و هەروەها شوێنی هێماکانی کۆن و نوێ دیارکراوەو هاوپێچی ژمارە ٢و بەشێکی جیانەکراوەی ئەم پرۆتۆکۆلە دەبێت.

٧- کارتەکانی ناساندنی هێما سنوورییەکانی کۆن و نوێ.

٨- بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بە تایبەتمەندی و کەتشوێنی* هێما سنوورییەکان.

٩- وێنەگەلی هەوایی، لە شریتی سنووریی ئێران و عێراق، کە لەسەریان شوێنی هێماکانی کۆن و نوێ، ئیشارەیان پێکراوە.

ب- هەردوولایەن لە ئەستۆدەگرن، کە هێماگوزاریی سنوور، لە نێوان هێماکانی ١٤أ و ١٥، لەماوەی دوومانگ بەکۆتا بێنن.

* - موقعیت

ج – هەردوو لایەنی ڕێککەوتوو، بۆ گرتنی وێنەگەلی هەواییی پێوەندیدار بە سنووری ئێران و عێراق، بە مەبەستی بەکارهێنانیان، لە کێشانی هێڵی سنوور، لەسەر نەخشەگەلێک بە ئەندازەی ٢٥٠٠٠ : ١ و دیارکردنی شوێنی هێماکانی سنوور، لە مۆڵەتێک کە لە یەکساڵ لە ڕێکەوتی ٢٠ی مایسی ١٩٧٥ تێپەڕ ناکات، هاوکاری دەکەن. بەبێ ئەوەی ئەمکارە، لە نرخی ڕێککەوتننامە، کەم بکاتەوە، کە ئەم پرۆتۆکۆلە، بەشێکی جیانەکراوەیە لێی.

مەحزەری کۆبوونەوەی گشتگیری سنووری زەمینی، کە لە بەندی ٥ی سەرەوە باسکراوە، لە ئەنجامدا، ڕاست دەکرێتەوە.

نەخشەکانی ئامادەکراو، بە پێی ڕێوشوێنی بەندی ج ی باسکراو، جێی هەموو نەخشەکانی ئێستا دەگرنەوە.

ماددەی ٢- سنووری زەمینیی دەوڵەتی، لە نێوان ئێران و عێراق، بە ئاراستەی هێڵێکە، کە لە مەحزەری کۆبوونەوەی گشتگیر دیار دەکرێت و لە نەخشەکانی باسکراو لە بەندەکانی ٥و٦ی ماددەی ١ی سەرەوەو بە لەبەرچاوگرتنی ناوەرۆکی بەندی ج ی ماددەی باسکراو، ڕاکێشراوە.

ماددەی ٣- هێڵی سنووری باسکراو لە ماددەکانی ١و٢ی ئەم پرۆتۆکۆلە، بە ئاراستەی ستوونی، سنووری هەواو ژێرزەمینی هەردوولایەنیش دیار دەکات.

ماددەی ٤- هەردوولایەنی ڕێککەوتوو، کۆمیسیۆنێکی هاوبەشی عێراقی و ئێرانی پێکدێنن، تاکو چارەنووسی کەلوپەلی نەگوێزراوو بینایەو دامەزراوەکانی پسپۆری و ناپسپۆری، کە خاوەندارییەتییان بەهۆی هێماگوزاریی نوێی سنووری زەمینی نێوان ئێران و عێراق، گۆڕانی بەسەردا دێت دیار بکەن، بە ڕۆحێکی تێکەڵ بە هەستی دراوسێیەتیی

ئاشتیانەو هاوکاری بەمەبەستی دوورکەوتنەوە لە هەرجۆرە ناکۆکییەک، لە ڕێگەی کڕینەوە، یا لەڕێگەی قەرەبووکردنەوەی زیانەکان و یا بەهەر شێوەیەکیتر. کێشەکانی پێوەندیدار بە کەلوپەلی تایبەتی، لە ماوەی دوومانگ دەدرێتە کۆمیسیۆن. لێپێچینەوە لەو کەلوپەلە تایبەتییانە، لەماوەی سێ مانگی دوواتر، ئەنجام دەدرێت.

ماددەی ٥-١- کۆمیسیۆنێکی هاوبەشی پێکهاتوو لە کاربەدەستانی دەسەڵاتداری دوو دەوڵەت، بە مەبەستی سەردانی هێماکانی سنوورو دڵنیایی لە دۆخەکەیان، پێکدێت.

ئەم سەردانە ساڵانەیە، لە مانگی ئەیلوول، بە پێی بەرنامەیەک، کە پێشتر کۆمیسیۆن لە دەرفەتێکی شیاو دایدەڕێژێت، جێبەجێ دەکرێت.

٢- هەریەک لە دوولایەنی ڕێککەوتوو، دەتوانن بەنووسین داوا لە لایەنەکەیتر بکەن، کە کۆمیسیۆن لە هەرکاتێکی دەرەوەی کاتی دیارکراو، هەستێت بەسەردانکردنی هێماکانی سنوور. بەو پێیە، سەرەدانکرنەکە، لە ماوەیەک کە لە سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی داواکاریی کارەکە تێپەڕ نەکات، ئەنجام دەدرێت.

٣- کۆمیسیۆنی هاوبەش، لە حاڵەتی هەستان بە بەسەرکردنەوەکە، مەحزەری کۆبوونەوەکانی پێوەندیدار ڕێکدەخات و دووای ئیمزاکردن، پێشکەشی کاربەدەستانی خاوەندەسەڵاتی هەردوو دەوڵەت دەکات. کۆمیسیۆن دەتوانێت ئەگەر پێویست بێت، بڕیار لەسەر ئاواکردنی هێمای نوێ، کە تایبەتمەندیی هەمان هێماکانی ئێستای هەبێت، بدات، بەو مەرجەی، ئەمکارە گۆڕانێک لە ئاراستەی هێڵی سنوور دروست نەکات. لەم حاڵەتەدا، کاربەدەستانی دەسەڵاتداری دوو دەوڵەت، پێویستە هێماکانی سنوورو کەتشوێنەکانیان، لەسەر نەخشەو بەڵگەنامەکانی

پێوەندیداری باسکراو لە ماددەی ١ی ئەم پرۆتۆکۆلە، پشتڕاست بکەنەوە. ئەم کاربەدەستانە، لەژێر سەرپەرشتی کۆمیسیۆنی هاوبەش، کاری دانانی هێماکان جێبەجێ دەکەن و کۆمیسیۆنی هاوبەش، مەحزەرێکی کۆبوونەوە لەسەر کارە جێبەجێ کراوەکان، ئامادە دەکات و تەسلیمی کاربەدەستانی دەسەلاتداری هەردوو دەوڵەتی دەکات، تا بخرێتە سەر بەڵگەنامە باسکراوەکانی ماددەی ١ی ئەم پرۆتۆکۆلەو هاوپێچ بکرێت.

٤- هەردوولایەنی رێککەوتوو، بە هاوبەشی، مەسرووفاتی پاراستن و راگرتنی هێماکان، لە ئەستۆ دەگرن.

٥- کۆمیسیۆنی هاوبەش رادەسپێردرێت، کە هێما جێگۆڕکراوەکان، لە شوێنی خۆی ببەستێت و هەستێت بە چاککردنەوەی هێما زیانپێکەوتوو یا لەناوچووەکان، لەسەر بنەمای نەخشەو بەڵگەنامەکانی باسکراو لە ماددەی یەکەمی ئەم پرۆتۆکۆلەو بە رەچاوکردنی ئەوە کە لە هەرحاڵەتێک، شوێنی هێماکان گۆڕانی بەسەردا نەیێت. لەمبارەیەوە کۆمیسیۆنی هاوبەش، مەحزەرێکی کۆبوونەوە لەسەر ئەو کارانەی ئەنجام دراوە، ئامادە دەکات و تەسلیمی کاربەدەستانی دەسەلاتداری هەردوو دەوڵەت دەکات.

٦- کاربەدەستانی دەسەلاتپێدراوی هەریەک لە دوو دەوڵەت، زانیارییەکانی پێوەندیدار بە بارودۆخی هێماکان، بە مەبەستی دابینکردنی باشترین رێکارو ئامێر، بۆ پاراستن و راگرتنیان ئاڵوگۆڕ دەکەن.

٧- هەردوولایەنی رێککەوتوو لە ئەستۆ دەگرن، کە هەموو رێوشوێنی پێویست بۆ دابینکردنی کاری پاراستنی هێماکان و بەدوواداچوونی

ئەوکەسانە بگرنەبەر، کە خەتابارن لە جێگۆڕکێ و زیانگەیاندن، یا تێکدانی هێما باسکراوەکان.
ماددەی ٦- هەردوولایەنی ڕێککەوتوو هاودەنگن، کە ناوەڕۆکی ئەم پرۆتۆکۆلە، کە بەبێ هیچ پێشمەرجێک ئیمزا کراوە، هەموو پرسەکانی سنووری نێوان ئێران و عێراق لە داهاتوو، چارەسەر دەکات. هەردوو لایەن بەمپێیە، بە فەرمی لە ئەستۆ دەگرن، کە ڕێز لە سنووری هاوبەش و یەکلاکراوەی نێوانیان بگرن.
بەغداد لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥

عەبباسعەلی خەلعەتبەری – وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران
سەعدوون حەممادی – وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق
بە ئامادەبوونی بەڕێز عەبدولعەزیز بووتەفلیقە، ئەندامی ئەنجومەنی شۆڕش و وەزیری دەرەوەی جەزائیر، ئیمزا کرا.

# پەیمانی کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب

## ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق سەبارەت بە ڕێوشوێنی کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب

بەپێی ڕۆحی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائێر, لە ڕێکەوتی ٦ی ئاداری ١٩٧٥و پڕۆتۆکۆلی تایبەت بە دەستنیشانکردنی سنووری ڕووباریی نێوان ئێران و عێراق, لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥، ئیمزاکراو لە بەغدادو بە مەبەستی جێبەجێکردنی ماددەی ٨ ی پڕۆتۆکۆلی باسکراو، کە تێیدا ڕێکخستنی ڕێوشوێنی کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، لەسەر بنەمای یەکسانیی مافی هەردوولا پێشبینی کراوەو بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هاوبەش, سەبارەت بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، لە خاڵێک کە سنووری زەمینیی نێوان دوو وڵات دەگاتە شەتتی باسکراوو تا دەریا درێژ دەبێتەوەو بە یارمەتی وەرگرتن, لە ڕۆحی

دراوسێیەتی و هاوکاریی دڵپاکانە، هەردوولایەنی ڕێککەوتوو، لەسەر ڕێوشوێنی خوارەوە گەیشتنە هاوڕایی:

بەشی یەکەم- بەرنامەی هاوبەش:

ماددەی ١- هەردوولای ڕێککەوتوو، بەرنامەیەکی هاوبەش، بۆ دابینکردنی ئاسایش و بەردەوامیی کەشتیوانی، لە شەتتولعەرەب ڕێکدەخەن.

بەشی دووەم- نووسینگەی هەماهەنگی:

ماددەی ٢-١- هەردوولای ڕێککەوتوو، بە مەبەستی دابینکردنی ئاسایشی کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، نووسینگەیەکی هەردەمی، لەژێر ناوی (نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی) دادەمەزرێنن، کە لە ژمارەیەکی یەکسانی نوێنەرانی ئێران و عێراق پێکدێت.

٢- حکوومەتی هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، سێ کارناس، کە دوو کەسیان شارەزای تەواوی بارودۆخی خۆجێیی دەبن، وەکوو نوێنەر، لە نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی دادەمەزرێنێت. دامەزراندنی نوێنەرە باسکراوەکان، لە ماوەی مانگێک، دووای دەسپێکی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ئەنجام دەدرێت. هەریەک لە هەردوو حکوومەت، دەتوانێت هەروەها، ژمارەیەک ئەندامی یەدەگ، دابمەزرێنن.

٣- نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، ساڵانە دوو کۆبوونەوەی دەبێت. لە حاڵەتی پێویست، نووسینگە بە بڕیاری خۆی، یا لەسەر داواکاریی یەکێک لە دوو حکوومەت، هەندێک کۆبوونەوەی تریش ڕێک بخات. یەکەم کۆبوونەوەی نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، لەماوەی مانگێک دووای دانانی نوێنەرە باسکراوەکان، ڕێکدەخرێت.

٤- ئەگەر بێتو, هەردوولا بەشێوەیەکیتر پێکهاتبن، نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، بە نۆبەت, هەر دووساڵ لە یەکێک لە بەندەرەکانی هەردوولای رێککەوتوو، هەڵکەوتوو لە بەشی باسکراوی شەتتولعەرەب دادەمەزرێت. بەرپرسیاریەتی نووسینگە, لەسەر نوێنەری ئەو دەوڵەتەیە, کە ئەم بەندەرە دەکەوێتە ناو خاکی ئەو.

٥- نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، پەیرەوی ناوخۆی خۆی, لە کۆبوونەوەی یەکەمی خۆی رێکدەخات. نووسینگە هەروەها, پرۆگرامی سکرتاریەتی خۆی دادەڕێژێت و دەتوانێت ئەو ئەرکانەی, کە بە پێویستی دەزانێت، پێی بسپێرێت.

ماددەی ٣- نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی, دەسەلاتی دەبێت تا:

پلانی بەرنامەی هاوبەشی باسکراو لە ماددەی ١ی ئەم رێککەوتننامەیە, رێک بخات و دووای ئەرێکردن لەلایەن حکوومەتی هەردوولای رێککەوتوو، بیخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

سەخبێریی رەوتەکی* سەرەکیی کەشتیوانی بکات و کرداری پێوەندیدار بە کەشتیوانیی رووباری, وەکوو جۆماڵ** و هێماگوزاری و تەخشەکێشیی گشتی و کوورپێوی*** و لێکۆڵینەوەی هیدرۆلیک و هیدرۆگرافیک(ئاونیگاری و ئاوناسی) ئەنجام بدات.

پسوولەی هاوبەشی تایبەت بە وەرگرتن، سەبارەت بە جێبەجێکردنی خزمەتگوزاری رێک بخات.

---

* - مسیر

** - لایروبی

*** - کرداری ئەندازەگرتنی قووڵایی رووبار.

سەبارەت بە باشترکردنی کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، پێشنیار بداتە کاربەدەستانی خاوەندەسەلاتی هەردوولای رێککەوتوو.
پرسەکانیتر، کە لەلایەن حکوومەتەکانی هەردوولای رێککەوتوو، سەبارەت بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب پێشنیار بکرێن، شەنوکەو بکات.
چاودێری بکات بەسەر رێوشوێنی پێوەندیدار بە پێشگیری لە پیسبوون بەهۆی کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب.
بەپێی ماددەی ١٢، لە نارەزاییەکان بکۆڵێتەوەو پێشنیارەکانی بۆ هەردوولای رێککەوتوو، بخاتە روو.
رێوشوێنی پێوەندیدار بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، دووای مانگێک لە پێکهاتنی نووسینگە، لەسەر بنەمای یەکسانیی مافی هەردوولا، بەپێی ناوەرۆکی ئەم رێککەوتننامەیە، رێک بخات.
ماددەی ٤-١- هەردوولای رێککەوتوو، هەریەکەو خاوەنی دەنگێک دەبن، لە نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی.
٢- هەرکاتێک نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، لەسەر پرسەکانی باسکراو لە ماددەی ٣، نەگەییشتنە هاوڕایی، حکوومەتەکانی هەردوولا هەوڵدەدەن، لەسەر ئەو پرسانە، هەرچی زووترە بگەنە ئەنجام.
ماددەی ٥- حکوومەتەکانی هەردوولای رێککەوتوو، لەسەر داوای نووسینگە کارمەندان و کارناسانی ئێرانی و عێراقی، کە بۆ سکرتاریەتی نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی پێویست بن، بە ژمارەیەکی یەکسان، دەستنیشان دەکەن.
بەشی سێیەم- کردارەکانی پێوەندیدار بە ئاسایشی کەشتیوانی:

ماددەی ٦- هەموو کارێکی جۆماڵی و سەخبێریی هێماکان و نەخشەکێشی، لە کەناڵەکانی شیاوی کەشتیوانی، لەو بەشەی شەتتولعەرەب، کە لە پرۆتۆکۆلی تایبەت بە دیارکردنی سنووری رووباری، لە نێوان ئێران و عێراق ئیمزا کراو لە بەغداو لە رێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥، بە راشکاوی باسی کراوە، بە هاوبەشی و لەلایەن هەردوولای رێککەوتوو، لە رێگەی نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی و بەپێی بەندی ٢ی ماددەی ٣ی ئەم رێککەوتننامەیە، جێبەجێ دەکرێت.

ماددەی ٧-١- کەناڵی شیاوی کەشتیوانی، لە شەتتولعەرەب ساز دەکرێت، بە چەقاندنی هێما لەسەر زەوی و لەناو ئاوی شەتتولعەرەب. ئەم هێمایانە، پێویستە لەگەڵ مەرجەکانی نێونەتەوەیی دیارکراو بۆ ئاسایشی کەشتیوانی بگونجێن.

٢- بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامەیە، (گوتەنی)*ی(هێماکان)ی باسکراو لە بەندی ١ی سەرەوە، داگری هەموو فانۆسەکانی راگەیاندنی مەترسی و تۆپەکانی ئاقژەن- و هێماکانی مژشکێن و فانۆسەکانی رادیۆیی دەبێت، کە رێنوێنییەکانی پێویست بۆ دابینکردنی ئاسایشی کەشتیوانی، دەخاتە بەردەستی پیلووتەکان.

ماددەی ٨-١- کاربەدەستانی هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو، لە ئەستۆ دەگرن، کە بەپێی یاساو رێوشوێنی خۆیان لەو بەشەی شەتتولعەرەب، کە دەکەوێتە ناو سنووری دەسەلاتی ئەوان، ئۆپەراسیۆنەکانی خوارەوە ئەنجام بدەن. ئەو کاربەدەستانە، چۆنیەتی

* - اصطلاح

- - شناور- شتێك كە لەسەر ئاو راوەستێت و نقووم نەبێت.

جێبەجێکردنی ئۆپەڕاسیۆنەکان، بە نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی و هەروەها کاربەدەستانی دەسەلاتداری لایەنەکەیتری ڕێککەوتوو، رادەگەیێنن.

دەستنیشانکردنی ئەو هێمایانەی، کە تووشی کێشەی تەکنیکی هاتبن.

دەستنیشانکردنی کەتشوێنی ئەو کەشتییانەی نقووم بووبن، یا لە قوڕ چەقی بن و یا تووشی کێشەی تەکنیکی بووبن.

ج- کۆکردنەوەی پاشماوەو مین و تەقەمەنی و شتی مەترسیدار.

د- کۆکردنەوەی بەربەستی تری کەشتیوانی.

٢- کاربەدەستانی دەسەلاتداری هەریەک لە هەردوولا، لە ئەستۆ دەگرن، بە مەبەستی کۆکردنەوەی بەربەستی کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، لەگەڵ نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، هاوکاری بکەن.

٣- هەرکاتێک، کەشتییەک لە شەتتولعەرەب لە قوڕ بچەقێت، یا تووشی کێماسییەکی تەکنیکی ببێت، یا ڕووبەڕووی مەترسییەک ببێتەوە، کاربەدەستانی دەسەلاتداری هەردوولای ڕێککەوتوو، لەسەریانە یارمەتی دەمودەستی پێویست بۆ قوتارکردنی، پێشکەش بکەن و بابەتەکە بە نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، رابگەیێنن.

بەشی چوارەم- ڕێوشوێنی مالی:

ماددەی ٩-١- نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، بوودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی، بە تایبەت سەبارەت بە بابەتەکانی خوارەوە، ڕێکدەخات:

أ- دابینکردنی نەخشە.

ب- کرداری جۆماڵی.

ج- هێماگوزاری.

د- بەڕێوە بردن و ستاف.
هـ- دابینکاری و جێبەجێکردنی پلان و بەرنامەی هاوبەش.
نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، بوودجەی ئامادەکراو بەشێوەی سەرەوە، بۆ ئەرێکردن، دەداتە کاربەدەستانی دەسەڵاتداری هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو و داواکاری و پێشنیارەکانی پێویست لەمبارەیەوە، دەخاتە روو.
نووسینگە، هەرساڵ بەپێی رێوشوێنی ژمێریاری، کە هەردوولا لەسەری کۆک بن، لە حیساباتەکانی دەکۆڵێتەوە. کەسێکی ژمێریاری پسپۆری دامەزراو لەلایەن هەردوولا، راستەکنامە* ی ساڵانەی نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، شەنوکەو دەکات.
٢- بایینامە**کانی وەرگیراو لەلایەن نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، تابکرێت بەشێوەیەک حیساب دەکرێت، کە مەسرووفاتی نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، دابین بکات. هەرکاتێک، مەسرووفات لە داهات تێپەڕ بکات، هەردوولای رێککەوتوو، بە یەکسانی ئەم کێماسییە، قەرەبوو دەکەنەوە.
٣- ئەو داهاتە زیادانەی، بەهۆی کردارەکانی باسکراو لە بەندی ١ی ئەم ماددەیە، بەپێی پێشنیاری نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی و دووای ئەرێکردنی هەردوو حکوومەت دەمێنێتەوە، بۆ باشترکردنی کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، سەرف دەکرێت.

---

* - ترازنامە- رەشەکا داوییا ساڵێ کو ژئالییێ مەشینگەو بنکەیێن میری یا تایبەتی تێن وەشاندنو داهاتو مەسرووفاتێ وان تێ تێتە نثیساندن.

** - تعرفە - لیستی باج و ماڵانە کە لەسەر کەلوپەل وەردەگیرێت.

ماددەی ١٠- باج، تەنیا لە بەرانبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی، کە بۆ کەشتییەکان پێشکەش دەکرێت، دەکرێت داوا بکرێت.
ئەو داهاتانەی، بەهۆی پیلۆتاژی کەشتییەکان، یا خزمەتگوزارییەکانیترو هەروەها ئەو داهاتانەی، بەهۆی خزمەتگوزارییەکانی پێشکەشکراو لەلایەن هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو، لە ناوچەکانی بەندەری پێشکەشکراوە، لەلایەن ئەو لایەنە وەردەگیرێت، کە پیلۆتاژی کەشتییەکانی دابین کردووە، یا خزمەتگوزارییەکانی باسکراوی ئەنجام داوە.

بەشی پێنجەم- هایداری* و پێتقەکان**:

ماددەی ١١- هەردوولای رێککەوتوو، لە ئەستۆ دەگرن، لە ئەنجامدانی هەر کردارێک، کە ببێتە هۆی تێکچوون، یا سنووردار بوون، یا دروستبوونی بەربەست بۆ کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، خۆ بپارێزن.

ماددەی ١٢- ١- هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو، مافی ئەوەیان هەیە، کە لە دژی هەر کردارێک، کە بۆ کەشتیوانی بەربەست دروست بکات و لایەنەکەیتر خەریکی ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی ئەمکارانە بێت لە شەتتولعەرەب، یا مژوولی ئەنجامدانی بێت، نارەزایی دەرببڕێت، بەو مەرجەی ئەو نارەزایی دەربڕینە، لەسەر بنەمای بەزاندنی ئەو ئەرکانە بێت، کە لەم رێککەوتننامەیە هاتوون. نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، ئەم نارەزایەتییە بەپێی ناوەرۆکی بەندی ٧ی ماددەی ٣ی ئەم رێککەوتننامەیە، دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

* - اخطار
** - الزامات

٢- نارەزایەتییەکانی باسکراو لە بەندی ١، دووای تێپەڕینی پێنج ساڵ، لە ڕێکەوتی جێبەجێکردنی ئەو کردارەی، کە بووەتە هۆی ئەنجامی زیانبەخش، گوێی لێ ناگیرێت.

بەشی شەشەم- ڕێوشوێنی تایبەت بە دەسەلات:

ماددەی ١٣- ڕێوشوێنی باسکراوی خوارەوە، سەبارەت بە دیارکردنی دەسەلاتی حوقووقیی هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، لە شەتتولعەرەب شیاوی جێبەجێ کردنە.

١- کەشتییەکانی عێراقی، ڕاژێر* ی یاساکانی عێراق و کەشتییەکانی ئێرانی، ڕاژێری یاساکانی ئێران دەبن.

٢- کەشتییەکانی وڵاتانی سێیەم، ڕاژێری یاساو ڕێوشوێنی خوارەوە دەبن:

أ- یاساو ڕێوشوێنی دەوڵەتی یەکەم بەندەری تەماگە-، ئەوکاتەی کە کەشتییەکان لە دەریاوە دێن.

ب- یاساو ڕێوشوێنی دەوڵەتی دووایین بەندەر، ئەوکاتەی کەشتییەکان بەرەو دەریا دەڕۆن.

ج- یاساو ڕێوشوێنی دەوڵەتی بەندەری تەماگە، ئەوکاتەی کە کەشتییەکان لەنێوان دوو بەندەری شەتتولعەرەب، هاتوچۆ دەکەن.

ماددەی ١٤-١- ڕێوشوێنی ماددەی ١٣ سەبارەت بە دەسەلاتەکانی بەڕێوەبردن و هەروەها سەبارەت بە دەسەلاتەکانی حقووقی دەسەپێت.

٢- راسپێردراوانی پۆلیسی هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، دەتوانن بەپێی یاسای نیشتیمانیی خۆیان، هەندێ بڕیار لەجیاتی راسپێردراوی

---

* - تابع - واتە پێڕەویکار.

- - مقصد - ئەو شوێنەی کە بە تەمایە بیگاتێ.

پۆلیسی لایەنی ڕێککەوتوویتر بدەن، بۆ لابردنی مەترسی حەتمی و نزیک لە ڕوودان و یا بەمەبەستی وڵامدانەوە بە داواکاریی ئەو ئەرکەی لەم دووایە باسکرا.

أ- ئەو تەگبیرانەی، کە گرتنەبەریان ناکرێت بۆ کاتێکیتر دووا بخرێت.

ب- پشکنین سەبارەت بە بەڵگەنامەکانی شوناس یا بەڵگەنامەکانیتر.

ج- پشکنین سەبارەت بە زانینی شوناسی کەشتییەکان.

د- دابینکردنی چاوساغ*.

ئەو ڕاسپێردراوە ئەرکدارانە، بەبێ دوواکەوتن، کاربەدەستانی پۆلیسی شایستەی لایەنەکیتری ڕێککەوتن، لە ئەنجامە بەدەستهاتووەکان ئاگادار دەکاتەوەو مەحزەری کۆبوونەوەو بەڵگەنامەکانیتری ڕێکخراویان، دەخاتە بەردەست. مەحزەرەکانی ڕێکخراو بەپێی ئەم بەندە، هەمان بایەخی حقووقییان هەیە، کە هاوشێوەکانیان، کە لەلایەن ڕاسپێردراوانی لایەنەکەیتری ڕێککەوتن، ڕێکخراون.

بەشی حەفتەم- پێککەوتن:

ماددەی ١٥- ڕێسای نێونەتەوەیی پێوەندیدار بە پێککەوتن لە دەریا، بە سەرنجدان بە ڕێوشوێنی تایبەتی ئامادەکراو لە لایەن نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، بەپێی بەندی ٨ی ماددەی ٣ دەرهەق بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، ڕەچاو دەکرێت.

بەشی هەشتەم- کۆنتڕۆلی تەندروستی:

ماددەی ١٦- کۆنتڕۆلی تەندروستیی کەشتییەکان، بەهۆی کاربەدەستانی لایەنی ڕێککەوتووی بەندەری تەماگە، ئەنجام دەدرێت.

* - نووسراوە(تأمین دلیل)، هەم (تأمین) و هەم (دلیل) لە زمانی فارسی دوو مانایان هەیە. ماناکەیتری ئەم ڕستەیە دەتوانێت(پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامە)بێت.

بەشی نۆیەم- فریاکەوتن:

ماددەی ١٧- ڕێساکانی نێونەتەوەییی پێوەندیدار بە سەلامەتیی تاکەکان لە دەریا، بە سەرنجدان بە ڕێوشوێنی تایبەتی ئامادەکراو لە لایەن نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، بەپێی بەندی ٨ی ماددەی ٣، دەرهەق بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، ڕەچاو دەکرێت.

بەشی دەیەم- پیلۆتاژ*

ماددەی ١٨-١- پیلۆتاژ بۆ هەموو کەشتییەکان لە شەتتولعەرەب پێتقییە. بەڵام کەشتییەکانی جەنگیی هەردوولای ڕێککەوتوو، لەم پێتقییە بەدەرن. ڕەنگە هەندێک لە کەشتییەکانی دەوڵەتی و هەندێک لەو کەشتییانەی بە بارگریی کەمیش، بەپێی هەلومەرجی دانداو لەلایەن نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، لەم پێتقییە عەفوو بکرێن.

٢- خزمەتگوزارییەکانی پیلۆتاژ، بۆ ئەو کەشتییانەی، کە لە دەریا دێن، یا بەرەو ئەوێ دەڕۆن.

هەرکاتێک ئەم کەشتییانە، بەرەو بەندەرێکی ئێران بڕۆن، یا ئەوێ بەجێ بێڵن، لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانی دەپارێزرێن و لە حاڵەتێک، کە ئەو کەشتییانە بەرەو بەندەرێکی عێراقی بڕۆن، یا بەجێی بێڵن، لەلایەن کاربەدەستانی عێراقی دەپارێزرێن.

٣- پیلۆتاژی ئەو کەشتییانەی، کە لەنێوان بەندەرەکانی ئێرانی و عێراقی هاتوچۆ دەکەن. لە لایەن ئەو پیلۆتانەوە ئەنجام دەدرێت، کە خاوەنی ڕاژێرایەتیی** دەوڵەتی بەندەری تەماگە بن.

---

* - ڕێنوێنی و ڕێ پێشاندان لە دەریا. یا هاوڕێیەتی و بەڕێکردن لە دەریا.

** - تابعیت — هاوولاتیەتی

٤- هەردوولای ڕێککەوتوو، لە ئەستۆ دەگرن، بەپێ داوای یەکێک لەوان، لە هەرکاتێک کە مومکین بێت، پیلۆتاژی ئەو کەشتییانە، کە بەرەو بەندەری لایەنەکەیتر دەڕۆن، یا ئەویّ بەجێ دێڵن، بەهۆی ئەو پیلۆتانەی، کە لەلایەن کاربەدەستانی خاوەندەسەلاتی خۆیان ڕێگەیان پێدراوە، دابین بکەن.

٥- هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، لە بەندەرەکانی هەڵکەوتوو لە سەرزەمینی خۆیان، خزمەتگوزاریی پیلۆتی جێبارەکان* دابین دەکەن.

٦- هەردوولای ڕێککەوتوو، لە ئەستۆ دەگرن کە کارنەکەن بۆ فێرکردن و دامەزراندنی ئەو پیلۆتانەی، کە خوەدی ڕاژێرایەتی یەکێک لە هەردوو دەوڵەت نەبن.

لە ڕێوشوێنی تایبەت بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، باسکراو لە بەندی ٨ی ماددەی ٣، ڕێساو ڕێوشوێنی پێویست بۆ دامەزراندنی پیلۆتیش، دەستنیشان دەکرێت.

بەشی یازدەهەم – ئاڵا:

ماددەی ١٩- هەر کەشتییەک، لەکاتی هاتنەناو شەتتولعەرەب، یا لەکاتی تێپەڕین لەنێوان بەندەرەکانی، ئاڵای دەوڵەتی بەندەری تەماگە، بەرز دەکاتەوە. لەکاتی چوون بەرەو دەریا، کەشتی ئاڵای ئەو دەوڵەتە بەرز دەکاتەوە، کە بەندەرەکەی بەجێ دێڵێت.

بەشی دوازدەهەم- وڵکە** ی جێبەجێکردن:

ماددەی ٢٠- ڕێوشوێنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەسەر ئەو بەشە لە شەتتولعەرەب، جێبەجێ دەکرێت، کە لە ماددەی ٢ی پرۆتۆکۆلی تایبەت

---

* - باراندازها- باراناداز واتە جێبار. ئەو شوێنە لە بەندەر کە باری کەشتییەکانی لێ بەتاڵ دەکرێت.

** - قلمرو — سنوورێکی دیارکراو، ڕوبەرێکی دیارکراو

بە دیارکردنی سنووری رووباری لەنێوان ئیران و عێراق، باسکراوەو لە رێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥ لە بەغداد، ئیمزا کراوە.
بەشی سێزدەهەم- چارەسەریی ناکۆکییەکان:
ماددەی ٢١- لە حاڵەتی سەرهەڵدانی ناکۆکی، سەبارەت بە لێکدانەوە یا جێبەجێکردنی ئەم رێککەوتننامەیە، هەردوولای رێککەوتوو، بەپێی رێوشوێنی پێشبینیکراو لە ماددەی ٦ی رێککەوتننامەی تایبەت بە سنووری دەوڵەتی و دراوسێیەتی باشی نێوان ئێران و عێراق، لە رێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥، ئیمزاکراو لە بەغداد، دەکەونە چارەسەر کردنی.
ماددەی ٢٢- ئەم رێککەوتننامەیە، لەلایەن هەریەک لە هەردوولای رێککەوتوو، بەپێی یاساکانی ناوخۆی خۆی، ئەرێ دەکرێت و لە رێکەوتی گۆڕینەوەی بەڵگەنامەکانی ئەرێکردن، جێبەجێکردنی پێتقی دەبێت.
بەغداد – لە رێکەوتی ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥.
لەلایەن دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران – عەبباسعەلی خەلعەتبەری
لەلایەن دەوڵەتی کۆماری عێراق – سەعدوون حەممادی

**لکاو**

٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥
بەڕێز جەنابی وەزیر
شانازی دەکەم، کە پێشنیار بکەم، کە لە یەکەم هەلی مومکین، کۆمیتەیەکی کاتی دابمەزرێت، بە مەبەستی دارشتنی رێوشوێنی تایبەت بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، لەسەر بنەمای یەکسانی مافی

هەردوولا. ئەو ڕێوشوێنە بەپێی بەندی ٨ی ماددەی ٣ی ڕێککەوتننامە، لەلایەن نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، ئەرێ دەکرێت.
ڕەزامەندی هەیە، کە تا ئەرێکردنی ئەو ڕێوشوێنە، لەلایەن نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگیی، کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، بەشێوەیەکی کاتی ڕاژێر*ی ڕێوشوێنی هاوپێچ بەم نامەیە بێت.
لەگەڵ پێشکەشکردنی باشترین ڕێزی ئێمە – عەبباسعەلی خەلعەتبەری – وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران،

٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥
بەڕێز جەنابی وەزیر
شانازی دەکەم، کە گەییشتنی نامەی ڕێکەوتی ئەوڕۆی ئێوە ڕابگەیێنم، کە ناوەرۆکی بەشێوەی خوارەوەیە.
(شانازی دەکەم، کە پێشنیار بکەم، کە لە یەکەم هەلی مومکین، کۆمیتەیەکی کاتی دابمەزرێت، بە مەبەستی داڕشتنی ڕێوشوێنی تایبەت بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، لەسەر بنەمای یەکسانی مافی هەردوولا. ئەو ڕێوشوێنە بەپێی بەندی ٨ی ماددەی ٣ی ڕێککەوتننامە، لەلایەن نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، ئەرێ دەکرێت.
ڕەزامەندی هەیە، کە تا ئەرێکردنی ئەو ڕێوشوێنە لەلایەن نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگیی، کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، بەشێوەیەکی کاتی ڕاژێری ڕێوشوێنی هاوپێچ بەم نامەیە بێت.)

* - تابع

لەگەڵ ڕاگەیاندنی ڕەزامەندیی لەسەر ناوەرۆکی نامەی سەرەوە، لەلایەن حکوومەتی عێراق، باشترین ڕێز پێشکەشتان دەکەین.
سەعدوون حەممادی – وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق

٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥
بەڕێز جەنابی وەزیر:
شانازی دەکەم، پێتان ڕابگەیێنم، کە بەهۆی هۆکاری تەکنیکی، دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران، ڕەزامەندی دەردەبڕێت، کە کرداری جۆماڵ و چەقاندنی هێماکانی ئاوی، پێشبینیکراو لە ماددەی ٦ی ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق، سەبارەت بە ڕێوشوێنی تایبەت بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، بۆ ماوەی حەفت ساڵ، لە ڕێکەوتی پێتڤیی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی باسکراو لە سەرەوە، بە کاربەدەستانی دەسەڵاتداری عێراق، کە لەلایەن هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراق دەکەونەکار، بسپێردرێت.
هەردوولا، ساڵێک بەرلە کۆتاییهاتنی مۆڵەتی دیارکراو، سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی باسکراو لە سەرەوە، لەگەڵ یەکتری ڕاوێژ دەکەن.
چ پێنەڤێت، کە خەرجی کرداری ئەنجامدراو لەلایەن کاربەدەستانی عێراقی، بەتەواوی لەلایەن نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، دابین دەکرێت.
هەردوولا، بەپێی یاساکانی ناوخۆی خۆیان، ئەم نامەیە، هاوکات لەگەڵ ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق، سەبارەت بە ڕێوشوێنی تایبەت بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، پەسەند دەکەن.

لەگەڵ پێشکەشکردنی باشترین ڕێز، عەبباسعەلی خەلعەتبەری، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران.

٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥
بەڕێز جەنابی وەزیر
شانازی دەکەم کە گەییشتنی نامەی ڕێکەوتی ئەوڕۆی ئێوە رابگەییێنم، کە ناوەرۆکی بەشێوەی خوارەوەیە:
(بەڕێز جەنابی وەزیر:
شانازی دەکەم، پێتان رابگەییێنم، کە بەهۆی هۆکاری تەکنیکی، دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران، رەزامەندی دەردەبڕێت، کە کرداری جۆماڵ و چەقاندنی هێماکانی ئاوی، پێشبینیکراو لە ماددەی ٦ی رێککەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق، سەبارەت بە رێوشوێنی تایبەت بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، بۆ ماوەی حەفت ساڵ، لە رێکەوتی پێتقیی جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی باسکراو لە سەرەوە، بە کاربەدەستانی دەسەڵاتداری عێراق، کە لەلایەن هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراق دەکەونەکار، بسپێردرێت.
هەردوولا، ساڵێک بەرلە کۆتاییهاتنی مۆڵەتی دیارکراو، سەبارەت بە جێبەجێکردنی ماددەی باسکراو لە سەرەوە، لەگەڵ یەکتری راوێژ دەکەن.
چ پێنەڤێت، کە خەرجی کرداری ئەنجامدراو لەلایەن کاربەدەستانی عێراقی، بەتەواوی لەلایەن نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی، دابین دەکرێت.

هەردوولا، بەپێی یاساکانی ناوخۆی خۆیان، ئەم نامەیە، هاوکات لەگەڵ ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق، سەبارەت بە ڕێوشوێنی تایبەت بە کەشتیوانی لە شەتتولعەرەب، پەسەند دەکەن.

لەگەڵ پێشکەشکردنی باشترین ڕێز.)

لەگەڵ ڕاگەیاندنی قبوولکردنی ناوەڕۆکی نامەی سەرەوە، لەلایەن حکوومەتی عێراق، باشترین ڕێزی خۆمانتان پێشکەش دەکەین.

سەعدوون حەممادی – وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق.

# ڕێککەوتننامەی نێوان
# ئێران و عێراق لەسەر لەوەڕگەکانی سنوور

ماددەی ١- ئاژەڵدارانی ئێرانی و عێراقی, دەتوانن هەروەکوو پێشتریش باو بووە, بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێوشوێنەی, لە خشتەی ئەم ڕێککەوتننامەیە ڕێکخراوە, بۆ ماوەی پێنج ساڵ, (لە ٢١ی ئاداری ١٩٧٦ تاکو ٢٠ی ئاداری ١٩٨١), سوود لە لەوەڕگاکانی سنووری هەردوو وڵات, وەربگرن.

ماددەی ٢- ئاژەڵدارانی مەبەستی ماددەی ١ی سەرەوە, دەتوانن بە لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، بچنە ناو ناوچەکانی چوێرگەو لەوەڕگای هەریەک لە دوولایەنی ڕێککەوتوو, بەو مەرجەی, لە کۆتایی وەرزی لەوەڕ, بگەڕێنەوە ئەو وڵاتەی, کە لێیەوە هاتوون.

ماددەی ٣- ئەو داواکارییەی بۆ لەوەڕاندن, کە لەلایەن ئاژەڵدارانی باسکراو لە ماددەی ١ی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەخرێتەڕوو، بەلایەنی کەم, دوو مانگ پێش دەستپێکردنی وەرزی لەوەڕاندن، تەسلیمی کاربەدەستانی سنوور, یا کاربەدەستانی سیاسیی لایەنەکەیتر دەکرێت. ئەم داواکارییە, داگری هەندێ تایبەتمەندی دەبێت, سەبارەت بە ژمارەی خەڵکەکە,(پیاوو ژن و کەسانی تەمەن کەمتر لە ١٨ ساڵ)، ژمارەی

خێزانەکان, یا بەرپرسی خێزانەکان, یا سەرپەرشتی کۆچەرییەکان(ئەگەر هەبێت)، ژمارەی ئاژەڵ لە هەر جۆرێک، شوێنی لەوەڕاندن، ئەو ڕێگەیانەی سوودیان لێ وەردەگیرێت، ڕێکەوتی هاتنە ناو سنوورو ماوەی مانەوە لەناو خاکی لایەنەکەیترو هەروەها ڕێکەوتی چوونەوەیان.
ژمارەی بزنی مێگەلەکان, نابێت لە ڕێژەی لەسەدا پێنجی ژمارەی مەڕی مێگەلەکان, تێپەڕ بکات.

ماددەی ٤- کاربەدەستانی سنووری یا سیاسیی لایەنی داوالێکراو, تا مانگێک دووای وەرگرتنی داواکاریی لەوەڕاندن، وڵامی دەوڵەتی خۆیان, تەسلیمی کاربەدەستانی سنووری یا سیاسیی لایەنی داواکار دەکەن.
ئەگەر هاتو, یەکێک لە لایەنەکان, کە داواکارییەکەی تەسلیم کراوە، ڕەتی بکاتەوە، ئەوە وڵامێکی شیاو, لە ڕێگە دیارکراوەکانی سەرەوە, بۆ لایەنەکەیتر, ڕەوانە دەکرێت. هەرکاتێک ڕەتکردنەوەی داواکاری, بەهۆی نەگونجانی تایبەتمەندییەکانی ئاژەڵداران لەگەڵ ڕێوشوێنەکانی دیارکراوی باسکراو لە ماددەی ١ی ئەم ڕێککەوتننامەیە بێت، کەلانتەرەکانی سنوور, بابەتەکە دەخەنە بەرباس و لێکۆڵینەوەو لە حاڵێک کە نەگەنە ئەنجام، ئەوە لە ڕێگەی دیپلۆماتیک, چارەسەر دەکرێت.

ماددەی ٥- دووای ڕاگەیاندنی وڵامی ئەرێن, بە کاربەدەستانی لایەنی داواکارو تەسلیم کردنی ڕوخسەتنامەی لەوەڕاندن, هەریەک لە هەردوولا, یەک یا چەند نوێنەر, بە مەبەستی چاودێری و دابینکاریی ئاسانکاریی پێویست, بۆ گواستنەوەی خەڵکەکەو لەوەڕاندنی ئاژەڵەکان, ڕەوانەی سنوور دەکەن.

نوێنەرانی هەردوولا, مەحزەرێکی کۆبوونەوە, لەسەر بنەمای رۆحی هاوکاری, لەمبارەیەوە ئامادە دەکەن. هەر ئەم رێوشوێنە, لەکاتی گەڕانەوەی خەڵک و ئاژەڵەکان بۆ ئەو وڵاتەی لێی هاتوون دەگیردرێتەبەر.

ماددەی ٦- کەسانی بەرباسی ماددەی ١ی ئەم رێککەوتننامەیە، مافی هەڵگرتنی چەکی گەرم و ئاگرگرو تەقەمەنییان, بۆ وڵاتی پێشوازیکەر نییە. ئەگەر هاتو, ئەو کەسانە هەڵگری چەکی گەرم و کەلوپەلی ئاگرگرو تەقەمەنی بن، پێویستە ئەم شتانە لە هەمبەر وەرگرتنی وەسڵ, تەسلیمی کەلانتەری سنوور بکەن و کەلانتەری سنووریش, لە کاتی گەڕانەوەی ئەم کەسانە، چەکەکانی باسکراویان دەداتەوە، بەڵام کەلوپەلی ئاگرگرو تەقەمەنی, دەستبەجێ دەستی بەسەردا دەگیرێت.

کاربەدەستانی وڵاتی پێشوازیکەر، ئاسایشی خەڵک و ئاژەڵەکان لە تەواوی ماوەی مانەوەیان, لە لەوەڕگەکان دابین دەکەن و تا کاتی تێپەڕینی دووبارەیان لە سنوور، چاودێریی تەواویان دەبێت, بەسەر دابینکردنی ئاسایشیان.

ماددەی ٧- کەسانی بەرباسی ئەو رێککەوتننامەیە، نە بۆ مێگەلەکان و نە بۆ چادرو پێداویستییەکانیتری ناوماڵ و خواردەمەنیی رۆژانە، کە لەگەڵیانە، ناکەونە بەر یاسای وەرگرتنی باجی گومرگ، بەبێ ئەوەی ئەمەیان, کار بکاتە سەر مافی هەردوولا, بۆ وەرگرتنی باجی گومرگی ئاژەڵ و کەلوپەلیتر, کە لە خاکی وڵاتیتر کڕین و فرۆشتنی لەسەر دەکرێت.

ماددەی ٨- بە نیسبەت مافی لەوەڕاندن، بە پێی رێوشوێن و عورفی باوی پێش ئیمزای ئەم رێککەوتننامەیە دەبێت.

ماددەی ٩- کەسانی بەرباسی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ناکەونە بەر کاریگەریی ڕێوشوێنی ئێستای هەردوولای ڕێککەوتوو، سەبارەت بە گوزەرنامەو نیشتەجێبوون. بەڵام لەلایەن کاربەدەستانی سنووری دەوڵەتی ئەو کەسانە، وەرەقەیەکی تێپەڕبوون، بۆ هاتوچۆ لە سنوور، بۆیان دەردەکرێت.

ماددەی ١٠- کاربەدەستانی تەندروستیی لایەنی داواکار، لە ڕووی تەندروستی، کەسان و ئاژەڵەکان کۆنترۆل دەکەن و بەڵگەنامەی تووشنەبوون بە نەخۆشیی ئاهۆیان بۆ دەردەکەن.

ئەو کەسانەو ئاژەڵەکانیان، لەژێر چاودێریی لایەنی داواکراو، دەدرێنە دەست کاربەدەستانی لایەنەکەیتر. لە حاڵەتی هەستکردن بە بوونی نەخۆشییەکانی گیرۆ لەلای ئەو کەسانەو ئاژەڵەکانیان، کاربەدەستانی پێشوازیکار، ڕێوشوێنی تەندروستیی پێویست دەرهەق بە ئەوانە دەگرنەبەر.

ماددەی ١١- ماوەی لەوەڕاندن بۆ وەرزێکی دیارکراو دەبێت، کە ئێستا باوە. ئەم ماوەیە, لە هەر حاڵەتێک, نابێت لە چوارمانگ تێپەڕ بکات. دووای ئەو ماوەیە, ئەو کەسانەی لە شوێنەکە مابنەوە، لەگەڵ ئاژەڵەکانیان تەسلیمی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە دەدرێن, کە سەربە ئەون.

ماددەی ١٢- کەسانی بەرباسی ڕێوشوێنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، مافی ئەوەیان هەیە, لەسەر خاکی وڵاتی پێشوازیکار، سوود لە خزمەتکارییەکانی تەندروستیی پێویست وەربگرن. وێڕای ئەمە, ڕێگەیان پێدەدرێت, کە لەژێر چاودێریی کاربەدەستانی سنوور، خواردەمەنی و کەلوپەلی پێویستی خۆیان دابین بکەن.

ماددەی ۱۳- کەسانی بەرباسی ڕێوشوێنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، نابێت جگە لەو ناوچانە هاتوچۆ بکەن، کە بۆ لەوەڕ تەرخان کراوە، مەگەر لەکاتی نائاسایی و بە ڕوخسەتی کاربەدەستانی پێوەندیدار.
ماددەی ١٤- هەموو کەسانی بەرباسی ڕێوشوێنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، دەکەونە بەر کاریگەریی یاساو ڕێوشوێنەکانی پێوەندیدار بە ڕێکخستن و ئاسایشی وڵاتی پێشوازیکار.
ماددەی ١٥- هەموو جۆرە دەستێوەردان و سوودکارییەک, دەرهەق بە شوێن و بەرهەم و لەوەڕگاو لێڕەوارەکانی بەمیری کراو، قەدەغە دەبێت و سەرپێچیکاران بەپێی یاسای وڵاتی پێشوازیکار، بەدوواداچوونیان لەگەڵ دەکرێت.
ماددەی ١٦- کەسانی بەرباسی ئەم ڕێککەوتننامەیە، پێویستە لە ماوەی مانەوەیان لە خاکی وڵاتی پێشوازیکار، لە پێگەیاندنی هەرجۆرە زیان بە کێڵگەو لەوەڕگەو ئاژەڵەکانی سەربە دانیشتووانی وڵاتەکە خۆ بپارێزن.
لە حاڵەتی ڕەچاونەکردنی ئەم ڕێوشوێنە، سنووورداری وڵاتی پێشوازیکار، دووای لێکۆڵینەوە، بڕیارێکی بەئینساف بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکان دەردەکات. ئەگەر کەسانی تۆمەتبار، تانەیان لەسەر بڕیاری وەرگیراو هەبێت، کەلانتەرەکانی سنووری هەردوولا, بە هاودەنگی, کێشەکە دەخەنە بەرباس و لێکۆڵینەوەو دەرهەق بە قەرەبووکردنەوەی زیانەکان، بڕیاری خۆیان رادەگەیێنن.
ئەو بڕیارەی, کە بە هاودەنگی لەلایەن کەلانتەرەکانی سنووری هەردوولا رادەگەیێندرێت، یەکلاکەرەوە دەبێت و پێویستە جێبەجێ بکرێت.

ئەگەر هاتو, کەلانتەرەکانی سنووری هەردوولا، نەیانتوانی بگەنە هاودەنگی، دۆسیەکە تەسلیمی کاربەدەستانی ولاتی پێشوازیکار دەکرێت و ئەو کاربەدەستانە, بەبێ رەچاوکردنی نۆبەت، لە دۆسیەکە دەکۆڵنەوەو بڕیاری پێویستی لەسەر دەدەن.

ماددەی ١٧- ئەم رێککەوتننامەیە، لە رێکەوتی ئیمزاکردنی بۆ ماوەی پێنجساڵ چێیداردەبێت و دووای تەواوبوونی ئەم ماوەیە, ناکرێت درێژ بکرێتەوە. هەردوولایەن لە ئەستۆ دەگرن, کە رێوشوێنی نووسراو لە خشتەی هاوپێچ لەگەڵ ئەم رێککەوتننامەیە, بەوردی رەچاو بکەن.

بەغداد لە رێکەوتی ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥.

لەلایەن دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران – عەبباسعەلی خەلعەتبەری

لەلایەن دەوڵەتی کۆماری عێراق – سەعدوون حەممادی

**پێرستی هاوپێچ بە رێککەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق، دەرهەق بە لەوەڕاندنی ئاژەڵ:**

١- جێبەجێکردنی رێککەوتننامەی تایبەت بە لەوەڕاندنی ئاژەڵ، تەنیا بۆ ماوەی پێنجساڵ(لە ٢١ی ئاداری ١٩٧٦ تا ٢٠ی ئاداری ١٩٨١)، بەشێوەی خوارەوە دەبێت:

| ساڵ | ژمارەی ئاژەڵ |
|---|---|
| ١٣٥٥* (٢١ی ئاداری ١٩٧٦-٢٠ی ئاداری ١٩٧٧) | ١٦٠٠٠٠ |
| ١٣٥٦(٢١ی ئاداری ١٩٧٧-٢٠ی ئاداری ١٩٧٨) | ١٦٠٠٠٠ |
| ١٣٥٧(٢١ی ئاداری ١٩٧٨-٢٠ی ئاداری ١٩٧٩) | ١٠٦٧٠٠ |
| ١٣٥٨(٢١ی ئاداری ١٩٧٩-٢٠ی ئاداری ١٩٨٠) | ٧١٢٠٠ |
| ١٣٥٩(٢١ی ئاداری ١٩٨٠-٢٠ی ئاداری ١٩٨١) | ٤٧٥٠٠ |

ژمارەی ئاژەڵەکانی باسکراو لە سەرەوە، بەپێی خشتەی خوارەوە بەسەر لەوەڕگاکانی سنوور دابەش دەکرێن:

پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا:

* - مەبەست ساڵی کۆچیی هەتاوییە، کە ئێران بەکاری دێنێت و سەرەتاکەی بە نەورۆز دەست پێدەکات.

| ساڵ | ژمارەی ئاژەڵ |
|---|---|
| ١٣٥٥ | ١٠٠٠٠٠ |
| ١٣٥٦ | ١٠٠٠٠٠ |
| ١٣٥٧ | ٦٦٧٠٠ |
| ١٣٥٨ | ٤٤٤٥٠ |
| ١٣٥٩ | ٢٩٦٣٠ |

پارێزگای کوردستان:

| ساڵ | ژمارەی ئاژەڵ |
|---|---|
| ١٣٥٥ | ٣٠٠٠٠ |
| ١٣٥٦ | ٣٠٠٠٠ |
| ١٣٥٧ | ٢٠٠٠٠ |
| ١٣٥٨ | ١٢٣٥٠ |
| ١٣٥٩ | ٨٩٣٠ |

پارێزگای ئیلام:

| ساڵ | ژمارەی ئاژەڵ |
|---|---|
| ١٣٥٥ | ١١٠٠٠ |
| ١٣٥٦ | ١١٠٠٠ |
| ١٣٥٧ | ٧٣٥٠ |
| ١٣٥٨ | ٤٩٥٠ |
| ١٣٥٩ | ٣٣٠٠ |

پارێزگای خووزستان:

| ساڵ | ژمارەی ئاژەڵ |
|---|---|
| ١٣٥٥ | ١٩٠٠٠٠ |
| ١٣٥٦ | ١٩٠٠٠٠ |
| ١٣٥٧ | ١٢٦٥٠٠ |
| ١٣٥٨ | ٨٤٥٠٠ |
| ١٣٥٩ | ٥٦٤٠٠ |

٢- جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی لەوەڕاندنی ئاژەڵ، بە نیسبەت هۆزی ئێرانیی سەنجابی، لە ناوچەکۆنەکانی لەوەڕ لە عێراق بەمشێوەیە دەبێت:

| ساڵ | ژمارەی ئاژەڵ |
|---|---|
| ١٣٥٥ | ٥٠٠٠٠٠ |
| ١٣٥٦ | ٥٠٠٠٠٠ |
| ١٣٥٧ | ٣٣٥٠٠٠ |
| ١٣٥٨ | ٢٢٤٠٠٠ |
| ١٣٥٩ | ١٥٠٠٠٠ |

ژمێرکاریی بەرەوژێری سەرەوە، هەروەها لە ٢١ی ئاداری ١٩٧٦ تا ٢٠ ئاداری ١٩٨١، لەسەر لەوەڕگاکانیش جێبەجێ دەکرێت، بەو مانایە کە لە ٢١ی ئاداری ١٩٧٨، هەرساڵ سێیەکی ڕووبەری لەوەڕگاکانی باسکراو، بە ڕەچاوکردنی لایەنی مومکینی پێداویستی، وەکوو پاوان، دەستنیشان دەکرێت.

## ڕێککەوتننامەی نێوان ئێران و عێراق سەبارەت بە سوودوەرگرتن لە ڕووبارەکانی سەر سنوور

دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران و
دەوڵەتی کۆماری عێراق
بە سوود وەرگرتن, لە رۆحی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزائیر لە ڕێکەوتی شەشی ئاداری ۱۹۷۵، لەبەر ئارەزوو بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکانی دۆستانەو جیرانیەتی باشی نێوان وڵاتانی خۆیان و بە مەبەستی دابینکردنی باشترین سوودمەندی, لە ڕووبارەکانی ڕووبەڕوو و بەدووای یەک، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەردوو دەوڵەت، دەرهەق بە ڕێوشوێنی خوارەوە, ڕەزامەندییان دەربڕی:
ماددەی ۱- ڕێوشوێنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لەسەر ڕووبارەکانی خوارەوە جێبەجێ دەکرێت:
أ- ڕووبارە ڕووبەڕووەکان, کە لە درێژەی سنووری نێوان هەردوو وڵات, دەگوزەرن.
ب-ڕووبارە بەدووای یەکەکان, کە هێڵی سنووری نێوان دوو وڵات دەبڕن.
ماددەی ۲- هەردوو لایەنی ڕێککەوتوو, لەسەر ڕێوشوێنی خوارەوە هاوڕا بوون:
أ- دابەشکردنی ئاوی ڕووبارەکانی بنا واسووتە- قۆرەتوو و گنگیر- بە دوو بەشی یەکسان, لە نێوان دوو وڵات. ئەم

دابەشینە، لە شوێنی شیاو، کە هەردوولا لەسەری کۆک بن، ئەنجام دەدرێت.

ب- دابەشینی ئاوی رووبارەکانی ئەڵوەند- کنجان چەم- تیب(مەیمە)و دووبورج، لەنێوان دوو ولات، لەسەر بنەمای مەحزەری کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆنی دیارکردنی سنووری ئێران و عوسمانی، لە رێکەوتی ١٩١٤و وەکوو باو بووە، ئەنجام دەدرێت.

ج- دابەشینی ئاوی رووبارەکانی رووبەروو و بەدووای یەک، کە لە بەندی أوب ی سەرەوە باس نەکراون و لە نێوان دوو ولاتن، بەپێی رێوشوێنی ئەم رێککەوتننامەیە ئەنجام دەدرێت.

ماددەی ٣- هەردوولای رێککەوتوو، کۆمیسیۆنێکی هەردەمی و تەکنیکیی هاوبەش، لە ژمارەیەکی یەکسانی کارناسی دوو دەوڵەت پێکدێنن. بۆ ئەنجامدانی متالای تەکنیکی و چاودێری، لەسەر پرسەکانی پێوەندیدار بە رووبارەکانی رووبەروو و بەدووای یەک. ئەم متالایانە، لەوانەش ئەوانەی دەرهەق بە رێکخستنی پلانی هاوبەش و هەروەها ئاواکردنی دامەزراوەو وێستگەی هیدرۆمێتریک(ئەندازەگریی ئاو) کە هەردوولا بە سوودمەندی بزانن، ئەنجام دەدرێن. یا بۆ تەواوکردنی دامەزراوەو ئەو وێستگانەی کە ئێستا هەن.

ماددەی ٤- کۆمیسیۆنی باسکراو لە ماددەی ٣ی ئەم رێککەوتننامەیە، لە ئیمکانی سوود وەرگرتن، لە رووبارەکانی رووبەروو و بەدووای یەک، دەکۆڵێتەوەو بۆ ئەم مەبەستەش لە ماوەی ساڵێک هیدرۆلۆژێک(ئاوناسی) لە رێکەوتی ئمزاکردنی ئەم رێککەوتننامەیە، ئەو بەشە دەستنیشان دەکات، کە هەریەک لە هەردوولا، لە رووبارەکانی

باسکراو لە بەندی ب ی ماددەی ٢ی ئەم ڕێککەوتننامەیە، وەبەریان دەکەوێت. کۆمیسۆنی باسکراو هەروەها, لەماوەی دوو ساڵ کاری هیدرۆلۆژیک(ئاوناسی) لە ڕێکەوتی ئیمزاکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە باشترین شێواز دەکۆڵێتەوە, بۆ باشترین ڕێگەی بەکارهێنانی ئاوی ئەو ڕووبارانەی لە بەندی ج ی ماددەی ٢ی سەرەوە باسیان کراوە.

ماددەی ٥- هەردوولای ڕێککەوتوو لە ئەستۆ دەگرن, کە جووڵەی سروشتیی ئاوی ئێستای ناو ڕووبارەکانی ڕووبەڕوو و بەدووای یەک، بەپێی دابەشینی نووسراو لە ئەم ڕێککەوتننامەیە، دابین بکەن. هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتن لە ئەستۆ دەگرن، خۆبپارێزن لە بەکارهێنانی ڕووبارەکانی ڕووبەڕوو و بەدووای یەک، کە بە پێچەوانەی ئەو ڕێوشوێنە بێت کە لەم ڕێککەوتننامەیە هاتووە، یا زیان بگەیێنێتە بەرژەوەندییەکانی لایەنەکەیتری ڕێککەوتن.

ماددەی ٦- لە حاڵەتی سەرهەڵدانی ناکۆکی، لەسەر شیکردنەوە یا جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، هەردوولای ڕێککەوتوو، ناکۆکییەکە، بەپێی ڕێکاری پێشبینیکراو لە ماددەی ٦ی ڕێککەوتننامەی تایبەت بە سنووری دەوڵەتی و جیرانیەتی باش لەنێوان ئێران و عێراق، لە ڕێکەوتی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٧٥، ئیمزاکراو لە بەغداد، چارەسەر دەکەن.

ماددەی ٧- ئەم ڕێککەوتننامەیە، لەلایەن هەریەک لە هەردوولای ڕێککەوتوو، بەپێی یاساکانی ناوخۆی خۆی، ئەرێ دەکرێت و لە ڕێکەوتی گۆڕینەوەی بەڵگەنامەکانی ئەرێکراو، پێویستە جێبەجێ بکرێت.

بەغداد – لە ڕێکەوتی ٢٦ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٥

لە لایەن دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران – عەبباسعەلی خەلعەتبەری

لە لایەن دەوڵەتی کۆماری عێراق – سەعدوون حەممادی

# ڕێککەوتننامەی هاوکاری لەنێوان وەزارەتی ناوخۆی وڵاتی شاهەنشاهی ئێران و وەزارەتی ناوخۆی کۆماری عێراق

بە لەبەرچاوگرتنی حەزی وەزارەتی ناوخۆی وڵاتی شاهەنشاهی ئێران و وڵاتی کۆماری عێراق, بۆ پەرەپێدان و بەهێزتر کردنی هاوکاریی زانستی و تەکنیکی و بەڕێوەبەرایەتی, لەو بوارانەی کە پێوەندییان بە وەزارەتی ناوخۆو ئەو دامەزراوانەی کە سەر بە ئەون و لەسەر بنەمای سەرنجدان بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و بەهێزتر کردنی پێوەندیی دۆستانەو جیرانیەتیی باش, کە ئێستا لەنێوان هەردوو وڵاتی دۆست و برا بەرقەرارە، هەردوولا ڕەزامەندییان دەربڕی:

ماددەی یەکەم- هەردوولا, هەوڵ بدەن, کە لەنێوان دامەزراوەکانی خۆیان(پۆلیس و تۆماری باری شارستانی و پۆلیسی هاتوچۆ و بەرگری شارستانی و ژاندارمەری و شارەوانی و ئەنجومەنەکانی شارو قەزاو پارێزگا) هاوکاری ڕێک بخرێت و هەروەها سەبارەت بە کاروباری

پێوەندیدار بە پەروەردەکردنی کارمەندانی سەربەم دامەزراوانەو بۆ پەرەپێدانی هەرچی زیاتری ئەم هاوکارییە، کرداری پێویست جێبەجێ بکرێت.

ماددەی دووەم- هەردوولا، کە ئەم ڕێککەوتننامەیان ئیمزا کردووە، لە چوارچێوەی ئیمکانیات و حەزی خۆیان، لە ڕێکخستن و دروستکردنی گۆڕانکاری لە شێوازی بەڕێوەبەرایەتی، کە لەنێوان هەردوولا بەرقەرارە، هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ، هەڵبەت لە ڕێگەی ئاڵوگۆڕ کردنی ئەزموونی بەڕێوەبەرایەتی و تەکنیکی، لەسەر بنەمای مەرج و بارودۆخی هەریەک لە هەردوولا.

ماددەی سێیەم- هەردوولا، کە ئەم ڕێککەوتننامەیان ئیمزا کردووە، سەبارەت بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گشتی بۆ هاووڵاتیانی هەردوو وڵات، لە ڕێگەی باڵیۆزخانەی پێوەندیدار، لەگەڵ دامەزراوەکانیان پێوەندی دەگرن و لەسەر ئاڵوگۆڕی ئەزموون و زانیارییەکانیان، ئەوەی پێویستە، ئەنجام دەدەن.

ماددەی چوارەم- هەردوولا، کە ئەم ڕێککەوتننامەیان ئیمزا کردووە، بە خێرایی کار بۆ گۆڕینەوەی ئەو زانیاری و ئەزموونانەیان دەکەن، کە دەبێتە هۆی ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوان و هەروەها بە خێرایی هاوکاری دەکەن، لەبواری ئاڵوگۆڕی یاساو ڕێوشوێنی پێوەندیدار بە وەزارەتی ناوخۆو دامەزراوە پێوەندیدارەکانی باسکراو لەسەرەوەو هەروەها چاپەمەنییەکانی پێوەندیدار، بە چالاکییەکانی دەزگاکانی خۆی و فیلمەکانی پەروەردەیی.

ماددەی پێنجەم- هەردوولا، کە ئەم ڕێککەوتننامەیان ئیمزا کردووە، ئاسانکاریی پێویست سەبارەت بە پەروەردەکردنی زانستی و پراکتیکی

و تەکنیکی، بۆ کارمەندانی دەزگاکانی خۆیان لە دامەزراوەکان و خوێندنگاکانی باڵای وەزارەتی ناوخۆو ڕێکخراوە پێوەندیدارەکانی دابین دەکەن و ژمارەی ئەو کەسانەی ڕەوانە دەکرێن بۆ خوێندنی خولەکانی خوێندن و هەروەها ئەو لکی خوێندنەی, کە ئەو کەسانە لێی بخوێنن، بە ڕەزامەندیی هەردوولا دەستنیشان دەکرێت.

ماددەی شەشەم- لایەنی خوانەخوێ، تەواوی مەسرووفاتی خوێندن و نیشتەجێبوون و ژیانی نێردراوەکان(کارمەندان)ی دەزگاکانی لایەنی ڕەوانەکار، دابین دەکات.

ماددەی حەفتەم- شێوازی سەرفکردنی تێچووی سەفەرو پێشوازی و مانەوەی گرووپەکانی کارناسی، کە بۆ سەرەدان و ئاڵوگۆڕی زانیاری دەڕۆن، بەشێوەی سەربەسەر دەبێت.

ماددەی هەشتەم- هەردوولا, یەکتر لە کۆبوونەوەو خولەکانی پەروەردەیی, کە لە هەردوو وڵاتی ئێران و عێراق ڕێکدەخرێن، سەبارەت بە کاروباری پۆلیس و پاراستنی باری گشتی کۆمەڵگا، ئاگادار دەکەنەوەو ئەگەر هاتوو لایەنی ئامادەکاری ئەم کۆبوونەوەو خولانە بزانێت, کە بۆ لایەنەکەیتر سوودمەند دەبێت، ئاسانکاری بۆ بەشداریکردنی لایەنەکەیتر دەخاتەڕوو.

ماددەی نۆیەم- هەردوولا, کە ئەم ڕێککەوتننامەیان ئیمزا کردووە، کردارەکانی پێویست بە ئاراستەی پاراستن و بەنهێنی مانەوەی ئەو زانیاری و بابەتانە ئەنجام دەدات, کە لەنێوان هەردوولا ئاڵوگۆڕ دەکرێت. هەڵبەت ئەگەر بێتو لایەنی ڕەوانەکار، لایەنەکەیتر لە نهێنیبوونی زانیارییەکان ئاگادار بکاتەوە، یا داوای ئەو بابەتە بکات. زانیاری و ئەو بابەتانەی, کە لە چوارچێوەی ئەم ڕێککەوتننامەیە, لەنێوان هەردوولا

ئالوگۆڕ دەکرێن، نابێت بخرێنە بەردەستی لایەنی سێیەم، مەگەر بە ڕەزامەندیی لایەنەکەیتر.

ماددەی دەیەم- بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە، هەردوولا، کە ڕێککەوتننامەکەیان ئیمزا کردووە، کۆمیسیۆنێکی هاوبەش، کە لە هەرلایەک سێ ئەندامی تێدا دەبێت، پێکدێنن و ئەم کۆمیسیۆنە، هەرساڵ یەکجار یا هەرکاتێک کە پێویست بێت، بە نۆبەت لە بەغدادو تاران کۆ دەبێتەوە.

ماددەی یازدەهەم- هەر لایەنێکی ئیمزاکەری ڕێککەوتننامە، بەپێی یاسای ناوخۆیی خۆی، ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەرێ دەکات و لە ڕێکەوتی گۆڕینەوەی بەڵگەنامەکانی ئەرێکراو، دەخرێتە واری جێبەجێ کردنەوە.

ماددەی دوازدەهەم- ئەم ڕێککەوتننامەیە، بۆ پێنج ساڵ لە ڕێکەوتی ئەرێکردن و گۆڕینەوەی، هەربە هێزی خۆی دەمێنێتەوەو خۆلەخۆیدا دەقاودەق بۆ پێنج ساڵ، شیاوی نوێ کردنەوەیەو ئەگەر هاتوو یەکێک لە هەردوولا، خوازیاری چاکسازی یا هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکە بێت، دەبێت شەش مانگ بەرلە کۆتایی ماوەی ڕێککەوتننامە(پێنج ساڵ) لایەنەکەیتری لێ ئاگادار بکاتەوە.


ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە دوو نوسخە بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی نووسراوەو هەردوو نوسخەکە خوەدی چێیدارن.

تاران ١٩٧٧/٧/٩ هەمبەر ٢٥٣٦/٤/١٨

وەزیری ناوخۆی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران – ئەمیرقاسمی موعینی

وەزیری ناوخۆی کۆماری عێراق – عزەت ئیبراهیم

ئەو شتانەی پێویستە نەوەکان بیزانن



بەشێك لە

# پەیمانەكانی دژی كورد

و: سالح هەركی

بەشێك لە پەیمانەكانی دژی كورد

ئا.و: سالح هەركی

دابەشكردنی كوردستان، پرۆسەیەكی درێژخایەن بووە، كە داگیركارانی نیشتیمانی كورد، گەلی خوێیان پێوە ماندوو كردووە. بە درێژەی مێژوو، لەگەڵ ئەوەی كە خاكی كوردستان، بووەتە گۆرەپانی رمبازانێی زلهێزەكان، جگە لەماڵوێرانی، كوشت و كوشتارو دابەشبوون، هیچیتر بە كورد نەبڕاوەتەوە.

بە هەزاران كۆبوونەوە كراوە، بە سەدان پەیماننامە بەستراوە، تەنیا بۆ ئەوەی خاكی كورد، نیشتیمانەكەی، مافەكانی، پێخوست بكرێت و هەر جووڵانەوەیەكیش دژی ئەم كردارانە، سەری هەڵدابێت، زۆر بێرەحمانە سەركوت كراوەو دوژمنانیش، چەند دژایەتییان لەنێواندا هەبووبێت، لەسەر كوشتوبڕی كورد، هاودەنگ و هاوڕا بووینە.

ئاشنابوون بە ناوەڕۆكی هەندێك لەو پەیماننامانەی، تا ئێستا لەنێوان وڵاتانی داگیركەری كوردستان، بەستراون، هاوكاریمان دەكات، بۆ ئەوەی لەلایەك، چۆنیەتی كاردانەوەی ئەم پەرچەكردارانە، لە لایەن كورد خۆیەوە، هەڵسەنگێنین، لە لایەكیتر، ببێتە وانەیەكی مێژوویی، تا لە داهاتوو، دیسان لێمان دووبارە نەبێتەوە.

هەرچەندە دەزانم، گەلی پەیمان و رێككەوتنیتر هەیە، كە من ئاگام لێیان نییە، یا خود دەستم نەكەوتوون، بەڵام دیسان هەر ئەو چەند پەیمانەی لەم پەرتووكەدا، وەرم گێڕاون، گەلی راستیمان بۆ ئاشكرا دەكات و هیوادارم خوێنەرانی هێژا، بتوانن سوودی لێ وەربگرن.



دەزگای وەرگێڕان

دەزگایەكی نەهلیە، بایەخ بە بواری وەرگێڕانی كتێب دەدات